

# دەستاودەستكردنی ئاشتیانەی دەسەڵات خۆ ڕاهێنانە لەسەر چەسپاندنی چۆنیەتی پیادەكردنی دیموكراتی




بنەمای ئەخلاقی شێوەکانی دیموکراتی
تەنیا ئەوە نییە دیموکراتی سەروەری گەل بێ، بەڵکو دامەزراوەکانی
سیستمی دیموکراتی خۆیان دەبنە پارێزەری سیستمەکە، هەر ئەمەش وایکردووە
دامەزراوەکانی سیستمی دیموکراتی بوار نەدات هیچ کەسێك تاسەر حکومڕان بێت و یان هێزی
دەوڵەت تەنیا لەدەستی گرووپێکدا گردبێتەوە، لە هەمانکاتدا دامەزراوەکانی دیموکراتی هەوڵدەدات
ئەو هێزەی دەوڵەتیش پیادەی دەکات سنوورداری بکات، بەم مانایە دیموکراتی بریتییە لە
گۆڕینی حکومەت بەبێ توندوتیژی، ئەمەش واتە خاڵی گەوهەری دیموکراتی ئەوەیە،
دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەستاو دەستی پێبکرێت.
کارل پۆپەر
D
E
R
E



جوانی سیمای کۆمەڵگەی دیموکراتی دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتە، لەمەش جوانتر ئەو ساتانەیە کە سەرۆکی حکومەتی پێشوو ئامادەی ڕێورەسمی سەرۆکی حکومەتی نوێ دەبێت و پێش هەر کەسێکی دیکە پیرۆزیایی لێدەکات و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازێت، ئەم شێوازە ئەگەر هەتا کابینەی پێنجەمیش بە کوردستان نامۆ بووبێت، ئەوا لەگەڵ دەسپێکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی فێریکردین جوانی دیموکراتی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتە، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا نێچیرڤان بارزانی وەك شەخسی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە کابینەی پێنجەمدا پێی خۆش بوو سەرۆکایەتی حکومەت بەجێ بهێڵێت؟ بێگومان ڕاستگۆیی نێچیرڤان بارزانی لەدوایین پەیامی کە بەبۆنەی تەواوبوونی وادەی سەرۆکایەتی حکومەت ڕایگەیاند، ئەوەی لێخوێنرایەوە کە ئەو پێی خۆش نییە لە نیوەی ڕێ بەرنامەکانی بە نیوەچڵ بەجێ بهێڵێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆسەی خۆ ڕاهێنان لەسەر جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی دیموکراتی لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی وای دەخواست سەرۆکایەتی حکومەت بۆ کاندیدی یەکێتی نیشتمانی بەجێبهێڵێت، بێ دوودڵی و بۆ یەکەمجار لە مێژووی دیموکراتی لە کوردستان و عێراقدا ئەم پرۆسەیە بەسەرکەتوویی ئەنجامدرا و لەماوەی چەند ڕۆژێك دوای کۆبوونەوەی خولی نوێی پەرلەمان، یەکێکی دیکە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ تەکلیفکراو حکومەتی کابینەی پێنجەم بووە حکومەتی بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانە هەتا کابینەی شەشەم لەماوەی یاسایی خۆیدا کە ٣٠ ڕۆژ بوو کارەکانی خۆی تەواو کرد، وەك هەمووشمان لە شاشەی تیڤیەکانەوە بیینمان، دوای پێدانی متمانە بە کابینەی شەشەم نێچیرڤان بارزانی یەکەم کەس بوو پیرۆزیایی لە د.بەرهەم ئەحمەد سالح وەك سەرۆك وەزیرانی نوێ کرد. ئەمە لەو ڕۆژەدا هەنگاوێکی نموونەیی بوو، هەڵوێستی پیاوێکی دیموکراتخواز بوو کە ناوی نێچیرڤان بارزانی بوو، هەربۆیە ئەو کاتیش گۆڤاری گوڵان بۆ ڕووماڵی ئەو ڕووداوە پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی کرد و بەمانشێتێکی گەورە لەسەر بەرگ نووسی، (ئەم هەنگاوەت وانەیەکی دیکەی دیموکراتی بوو).

کەواتە ئەوەی بەلای ئێمەی ڕۆژنامەنووسانەوە گرنگ بوو، ئەوە نەبوو کێ سەرۆك وەزیرانە و کێی دیکە دەبێتە سەرۆك وەزیران، بەڵکو ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بوو ئەوەبوو، لەم

**جوانی سیمای کۆمەڵگەی دیموکراتی دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتە، لەمەش جوانتر ئەو ساتانەیە کە سەرۆکی حکومەتی پێشوو ئامادەی ڕێورەسمی سەرۆکی حکومەتی نوێ دەبێت و پێش هەر کەسێکی دیکە پیرۆزیایی لێدەکات**

**چەند زیاتر خۆمان لەسەر دەستاودەستکردنی دەسەڵات ڕابهێنین، هێندە زووتر هاوکاری گەل و کۆمەڵگەی خۆمان دەبین بۆ ئەوەی زیاتر بە کەلتوری دیموکراتی ئاشنا بین و زیاتر لەسەر بنەما ئەخلاقییەکانی دیموکراتی هەنگاو بۆ حکومڕانی باش هەڵبگرین**



وڵاتە چۆن حکومڕانـــی دەکرێت؟ واتە گرنگ نییە کێ ســـەرۆك وەزیرانە یان ســـەرۆکی پەرلەمانـــە، بەڵکـــو ئەوەی گرنگە دەســـەڵاتدارانی ئەم هەرێمە لەو ڕاســـتییە بگەن، کە وەك سەرۆك مسعود بارزانی ئەمســـاڵ لەمیانـــەی پرۆژەی چاکســـازییەکەی ئامـــاژەی پێکرد، لەم وڵاتە سەرۆکی تاسەر و دەسەڵاتی تاسەر بۆ کەس نییە و تەنیا گەلی کوردســـتان خاوەنی دەســـەڵاتی تا ســـەرە، هەربۆیە ئەم پرۆســـەیە چەنـــد لەکاتی خۆی بە ڕێکوپێکی دووبارە بکرێتەوە و چەند زیاتر خۆمان لەسەر دەستاودەستکردنی دەسەڵات ڕابهێنیـــن، هێندە زووتر هاوکاری گەل و کۆمەڵگەی خۆمان دەبین بۆ ئەوەی زیاتر

بە کەلتوری دیموکراتی ئاشنا بین و زیاتر لەسەر بنەما ئەخلاقییەکانی دیموکراتی هەنـــگاو بۆ حکومڕانی باش هەڵبگرین. هەنـــگاو هەڵگرتنیش بـــۆ حکومڕانی باش و لـــە چوارچێوەی سیســـتمێکی دیموکراتیـــدا پرۆســـەیەکی درێژخایەن و هەنـــگاو بەهەنـــگاوە کـــە لەمیانەی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتدا ڕێچکەی خۆی دەدۆزێتەوە و هەنگاوی جددی بۆ هەڵدەگیرێت، هەربۆیە ئەگەر کابینـــە لـــەدوای کابینە هەنـــگاوەکان بەرەو پێشـــەوە بچن و دەســـکەوتی زیاتر بەدەست بێت، یان بارودۆخی سیاسیی بۆ کابینەیەك لەبار نەبێت و نەیتوانیبێت وەك کابینەی پێش خۆی دەســـکەوت بەدەست بهێنێت یان بەرنامەکانی جێبەجێ بکات، دیســـان مانای ئەوەنییە کە ئەم کابینەیە یان ئەوی دیکە لەکارەکانی ســـەرکەتوو نەبووە، هەربۆیەشە کاتێك لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ســـتراتیژی نێـــوان پارتی و یەکێتـــی باس لە دەستاودەســـتکردنی ئاشـــتیانەی نێوان کابینـــە وەزارییەکان دەکەین، مەبەست هەڵسەنگاندن یان بەراورد کردن نییە، بەڵکو مەبەست خۆ ڕاهێنانە لەســـەر پرۆســـەی دەستاودەســـتکردنی ئاشـــتیانەی دەســـەڵات، کـــە بێگومان لەپێنـــاوی ئـــەم خۆڕاهێنانەوەشـــدا،

لەوانەیە چاوپۆشـــین لە هەندێك هەڵە و کەموکورتی بۆ چارەســـەری دەرهاویشتە خراپەکانی پێشـــتر بووبێـــت و لەپێناوی ئەوە بووبێت ئەم پرۆســـەی خۆڕاهێنانە لەســـەر دەستاودەســـتکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات سەرکەوتوو بێت، لەوانەیە ئەمە لای هەندێك کەس بە شێوەیەکی تیۆری جێگەی ڕەخنە و هەڵوەستەی سلبی بێت، بەڵام ئـــەوەی هەردوو کابینەی پێنجەم و شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم قۆناخە مێژووییەی پرۆسەی بونیادی دیموکراتـــی لەکوردســـتان ئەنجامیاندا، لەســـەر ئاســـتی هەموو پرۆســـەکانی دیموکراتـــی دوای ڕووخانـــی دیواری بەرلین لەسەرانسەری جیهاندا بێ وێنەیە،

**ئەوەی هەردوو کابینـەی پێنجەم و شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم قۆناخە مێژووییەی پرۆسەی بونیادی دیموکراتی لەکوردستان ئەنجامیاندا، لەسەر ئاستی هەموو پرۆسەکانی دیموکراتی دوای ڕووخانی دیواری بەرلین لەسەرانسەری جیهاندا بێ وێنەیە**

**گرنترین خاڵ لە بوینادی دیموکراتی ڕاگرتنی هاوسەنگی تەرازووی دیموکراتییە. ئەم هاوسەنگییەش کاتێك دروست دەبێت کە هەموو توخمەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی بە ئاستی خۆیان بەرپرسیاریەتی هەڵبگرن و بە ئاستی خۆیان مافیان هەبێت**

بەڵام لێرەدا کە دەڵێین بێ وێنەیە لەو ڕوانگەیەوە نییە، کە دیموکراتییەتی کوردستان بێ کەموکورتییە و هیچ کێشە و گرفتێك نییە، بەڵکو بێ وێنەیە لەو ڕوانگەیەوە کە هیچ کەس و دەسەڵاتێك ناتوانێت کەموکورتی و دیاردەی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بشارێتەوە، یان خەڵك ناچار بکات چەپڵە ڕێزانی بۆ بکات، جوانی ئەم ئەزموونە لەوەدایە کە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی پارتی و یەکێتی گەیشتوونە ئەو ئاستەی ڕەخنە لە حکومەتی خۆیان دەگرن و ڕۆژانە دەیان کەموکورتی حکومەتی خۆیان و نارەزایی هاووڵاتییان بڵاو دەکەنەوە، لەبەرامبەردا جوانی ئەم سیستمە دیموکراتییە لەوەدایە کە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن هیچ شتێك لەدڵی خۆیاندا ناهێڵنەوە و ئەوەی بێتە بەردەستیان بڵاوی دەکەنەوە، لە هەمانکاتدا دەسەڵات تەنانەت ئەو مافەشی لێسەنراوەتەوە کە ئەگەر ناویشی بزڕێنرێت داوای یاسایی تۆمار بکات، یان ئەگەر تۆماریشی کردبێت لەژێر گوشاری ڕای گشتیدا داوایەکەی خۆی کێشاوەتەوە و ئەمەشی بە نەنگی یان ماف پێشێلکردن تۆمار نەکردووە. لێرەوە ئەگەر نموونەیەك لەسەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بهێنینەوە کە لەبەردەم جیهان شانازی ئەوە بە دیموکراتییەتی وڵاتەکەی و ئازادی ڕۆژنامەگەری وڵاتەکەی بکات و بڵێت(هەموو ئەو شتانەی کە میدیاکانی ئەمریکا بڵاوی دەکاتەوە، هەموویان بەتەواوەتی ڕاست نین، بەڵام هەموویان بەتەواوەتی یەك ڕاستی دەسەلمێنن لەم وڵاتە ئازادی هەیە)، ئەوا ئێمەش مافی خۆمانە شانازی بەوە بکەین، لەگەڵ ئەوەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی پارتی و یەکێتی،

**ئەزموونی وڵاتانی جیهان لەسەر ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو و وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە ڕێکخراوە ناحکومی و مەدەنییەکان ناتوانن شوێنی حزبە سیاسییەکان بگرنەوە**

ئۆرگانی فەرمی هەردوو حزبەکەن و لەگەڵ ئەوەی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن هەموویان بودجە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن، هەمووشیان پێکەوە ڕەخنە لە حکومەت دەگرن و لەمەش زیاتر بە تایبەتی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن داوادەکەن ئەم حکومەتە بگۆڕێت یان هەڵبوەشێنرێتەوە، لەبەرامبەریشدا حکومەت و دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم گوێیان لێدەگرێت و ئامادەیە حکومەت هەڵبوەشێتەوە و حکومەتێکی تازەی بنکە فراوان بە ئاشتی پێکبێت، یان هەڵبژاردنی پێشوەختە بکرێت، ئەمانەش بۆ ئێمە وەك کورد و گەلی کوردستان ئەگەر هەمووی پێکەوە یەك مانایان هەبێت، مانای ئەوەیە لەم وڵاتە ئازادی تاراددەیەکی زۆر باش هەیە و بەهەمان ڕادەش ڕێز لە بنەماکانی دیموکراتی دەگیرێت.

بەڵام لێرەدا پرسی ئێمە ئەوە نییە بە شان و باڵی کابینەی پێنجەم یان کابینەی شەشەم هەڵبدەین، لەبەر ئەوەی ئەو دوو کابینەیە بە دەسکەوتە باشەکانی و بە هەڵە و کەموکورتییەکانییەوە، دوو کابینەی پارتی و یەکێتی و چەند حزبێکی دیکەشە کە لەو دووکابینەیە بەشداربوون و پێکەوە بەرنامەی لیستی کوردستانیان جێبەجێ کردووە، بەڵکو ئەوەی مەبەستە جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەوەیە، کە کارێکی گرنگە کادرانی پێشکەوتووی پارتی و یەکێتی بتوانن پێکەوە یەك بەرنامە جێبەجێ بکەن و وەك یەك تیم پێکەوە کار بکەن، یان هەموو وەزیرەکانی نێو کابینەکە پێکەوە کاربکەن و لەماوەی ٦ ساڵی حکومڕانی هاوبەشدا کێشەیەکی ئەوتۆیان لەنێواندا دروست نەبووبێت کە شایستەی ئەوەبێت وەك نموونەی کێشە لە ڕاپۆرتێکی ئاوادا ئاماژەی پێبکرێت، لەمەش مەبەست ئەوەیە وەزیرێك یان پەرلەمانتارێك لەسەر ئەوە دەستی لەکار نەکێشاوەتەوە کە سەرۆکی پەرلەمان یەکێتی بێت یان پارتی، یان سەرۆکی حکومەت پارتی بێت یان یەکێتی، ئەم گیانی پێکەوە کارکردن و ئامادەباشی بۆ ئەوەی پێکەوە بەرنامەی یەکتری تەواو بکەن، لایەنێکی سەرکەوتووی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتییە،

**ئەم گیانی پێکەوە کارکردن و ئامادەباشی بۆ ئەوەی پێکەوە بەرنامەی یەکتری تەواو بکەن. لایەنێکی سەرکەوتووی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتییە**

هەروەها لایەنێکی دیکەی سەرکەوتنی هەردوو کابینەی پێنجەم و شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەویش بەرهەمی ڕێککەوتنی ستراتیژی پارتی و یەکێتییە.

### دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژی

بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژی پارتی و یەکێتی، لەم مانگەدا وادەی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم گۆڕانکارییەش تەنیا گۆڕینی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ناگرێتەوە، بەڵکو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانیش دەگرێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە لەم خولەی داهاتوو پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیستحقاقی پارتی دیموکراتی کوردستانە و پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش ئیستحقاقی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە. کەواتە ئەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی بەرهەمهێناوە، تەنیا دابەشکردنی دەسەڵاتەکان نییە لەنێوان دەسەڵاتی جێبەجێکار و دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەریدا، بەڵکو دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتیشە لەنێوان هەردوو لایەنی پارتی و یەکێتیدا، ئەم دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەش کەوا بڕیارە لەم مانگە جارێکی دیکە دووبارە بکرێتەوە، ئەمە دووەمین پرۆسەیە کە لەکوردستاندا بەسەرکەتوویی بەڕێوە دەچێت، لێرەدا دەکرێت بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەین:

١. ئەم ڕێککەوتنە کۆتایی بە دیاردەی (فیفتی — فیفتی) و دووئیدارەیی هێنا و شێوازێکی تازەو پێشکەوتووتری بەرهەم هێنا بەوەی ڕاببێین لەسەر ئەوەی ماوەیەك بە فەرمی و بە فیعلی پارتی سەرۆکایەتی



حکومەت وەربگرێت و ماوەیەکیش بە فەرمی و بەفیعلی یەکێتی نیشتمانی سەرۆکایەتی حکومەت وەربگرێت.

٢. ئەم ڕێککەوتنە تاقیکردنەوەیەك بوو بۆ ئەوەی فێرببین ئەگەر ماوەیەك سەرۆکایەتی حکومەت لای پارتی بێت، دنیا لە یەکێتی ئاخیر نابێت و بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ماوەیەك لای یەکێتی بێت دنیا لە پارتی ئاخیر نابێت.

٣. ئەمە تا ئێرە ئەگەر فێربوونی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات بووبێت لەنێوان پارتی و یەکێتی وەك دوو حزبی جەماوەریی بنکە فراوان، ئەوا لەدوای ٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٩ـەوە کە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن دروست بووە و ژمارەی کورسییەکانی لە ژمارەی کورسییەکانی پارتی یان یەکێتی لەپەرلەمان نزیکە، یان بە واتایەکی دیکە بە هاوپەیمانی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانیان لە هەر یەك لە پارتی و یەکێتی بەجیا زیاتر دەبێت، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە قۆناخی داهاتوو، هەڵبژاردنی داهاتوو هەڵبژاردنێکی جیاواز تر دەبێت و لەوانەیە دەرگای دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات بێجگە لە پارتی و یەکێتی لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆنیش بگرێتەوە، یان بە شێوەیەکی دیکە هەتا ئەگەر پارتی و یەکێتیش پێکەوە حکومەت پێکبهێننەوە پێکهاتەی کابینەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و زیاتر حکومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانی دەبێت نەك تەنیا پارتی و یەکێتی بەشدار بن.

## بونیادی کەلتووری دیموکراتی لەرەفتاری حزبە سیاسییەکانەوە دەست پێدەکات

لەگەڵ ئەو هەموو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی پارتە سیاسییەکان دەبێتەوە، بەڵام هێشتا تۆژەران و پسپۆرانی سیاسیی لەسەر ئەو خاڵە کۆکن کە دیموکراتی نوێنەرایەتی بەبێ بوونی حزبە سیاسییەکان کارێکی مەحاڵە، تەنانەت هەندێك تۆژەر لەبواری گرنگی حزبی سیاسیی بۆ بونیادی دیموکراتی، گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی ئەگەر حزبە سیاسییەکان هۆکاربن

بۆ ئەو کێشانەی لەکۆمەڵگە هەن، ئەوا لەهەمانکاتدا حزبە سیاسییەکان هەر خۆیان دەبێت ببنە هۆکارێك بۆ چارەسەری کێشەکان، ئەگەر لێرەوە بارودۆخی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو بۆچوونەی توێژەران و پسپۆڕانی بواری دیموکراتی بەراورد بکەین، ئەوا ئاشکرایە هۆکاری هەموو کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێمە ڕەفتاری حزبە سیاسییەکانی کوردستانە بە (حزبەکانی فەرمانڕەواو حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە)، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کاتێك حزبەکان خۆیان بەشێك بن لە کێشەکان ئایا هەر خودی حزبە سیاسییەکان نابنە بەشێك بۆ چارەسەری کێشەکە؟ واقیعی سیاسی چەند مانگی ڕابردووی کوردستان پێمان دەڵێت، حزبە سیاسییەکان چۆن بەشێك بوون لە کێشەکان، ئێستاش هەر ئەوان هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکەن، بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە ئایا چۆن ئەم وەرچەرخانە لە ڕەفتاری حزبەکاندا ڕوویدا بۆ ئەوەی لەبەشێك لە کێشەیەکەوە بگۆڕین بۆ بەشێك لە چارەسەر؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەستە بەو هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە کە بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکارە لەکوردستان، لەبەر ئەوەی بەوجۆرە وەڵامی هەموو حزبەکان و جەماوەری کوردستانی دایەوە کە ئەوەی مومکین بێت بە شێوەیەکی دیموکراتیانە جێبەجێ بکرێت، ئەوا ئەو ئامادەیە هەموویان جێبەجێ بکات، هەر داوایەکی سیاسی سنووری پرەنسیپەکانی دیموکراتی نەبەزێنێت، ئەوا سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند ئەو ئامادەیە گوێی لێبگرێت و جێبەجێشیان بکات، لەم بوارەشدا بەرنامەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ دەستپێکردنی چاکسازی و هەوڵدانی بۆ پیادەکردنی سەروەریی یاسا و گێڕانەوەی بودجەی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و هەڵگرتنی سزای سیاسی، ئەمانە هەمووی هۆکاری ئەوەبن جارێکی دیکە ئومێدی ئەوە بگەڕێتەوە کە هەموو حزبە سیاسییەکانی فەرمانڕەواو ئۆپۆزسیۆن ئامادەباشی پیشانبدەن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشتیانە کێشەکە چارەسەر بکەن، بەڵام ئەمەش دیسان بەو مانایە نییە کە ڕێکخراوە ناحکومی و مەدەنییەکان کاریگەریان نییە و هەموو پرسەکان بە حزبە سیاسییەکان چارەسەر دەکرێت، بەڵکو بەو مانایەیە کە کاتێك ڕێکخراوە ناحکومی و مەدەنییەکان دەنگی ناڕەزایی بەرزدەکەنەوە یان داواکارییەکانی خۆیان بەرزدەکەنەوە، گرنگە دەسەڵاتی سیاسی وڵات گوێیان بۆ بگرێت و بەتەنگ داواکانیانەوە بچێت و دەنگی ناڕەزایبوونیان وەك کارتێکی گوشار بخوێنێتەوە، بۆیە دیسان لێرەدا ڕۆڵی حزبە سیاسییەکان گرنگە بۆ چۆنییەتی لەگەڵ داواو گوشاری ڕێکخراوە ناحکومی و مەدەنییەکان، بەڵام ئەگەر پرسیارەکە بەو جۆرە بکرێت ئایا ڕێکخراوە ناحکومی و مەدەنییەکان دەتوانن جێگەی حزبە سیاسییەکان بگرنەوە؟ بێگومان ئەزموونی وڵاتانی جیهان لەسەر ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو و وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە ڕێکخراوە ناحکومی و مەدەنییەکان ناتوانن شوێنی حزبە سیاسییەکان بگرنەوە، سەبارەت بەم لایەنە ئیڤان دوهرتی سەرۆکی پرۆگرامی حزبە سیاسییەکان لە ڕێکخراوی (NDI) لە نووسینێکی بەناونیشانی (تێکچوونی هاوسەنگی تەرازووی دیموکراتی. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناتوانن جێگەی حزبە سیاسییەکان بگرنەوە) تێیدا ئاماژە بەوە دەکات و نووسیوویەتی (ماکس ڤیبەر بەو جۆرە ئاماژەی بە حزبی سیاسیی کردووە وەك ئەوەی پێداویستییەك بێت و لە هەناوی کۆمەڵگەی دیموکراتیدا لەدایك دەبێت، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵە نێودەوڵەتییەکان لەپێناوی هاریکاری کردنی دیموکراتی بۆتە هۆکاری ئەوەی کۆرپەیەکی نازداری دیکەی لە دایك بێت کە ئەویش ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە، لەمەش زیاتر بانگەشە بۆ ئەوەدەکرێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەرچاوەی دیموکراتییە، ئەم مەزندە بانگەشە بۆکراوە ئەگەر نەڵێین تارادەیەکی زۆر موبالەغەی تێداکراوە، بەڵام دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەنەقەست هەوڵی بۆ پشتگیری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی



مەدەنیە و هاریکاریان دەکەن و پاڵپشتیان دەکەن بۆ ئەوەی پێشبکەون و فراوان بن، ئەمەش لەسەر حسابی سێبەری حزبە سیاسییەکانە کە متمانەیان کەمبۆتەوە، بێگومان ئەم هەوڵانە باش و پێویستن لەگەڵ ئەوەی جەختکردنەوەی نیمچە حەسری لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی ئاستی خۆی تێپەڕاندووە. هەروەها بەم دواییانە ئاراستەیەکی زیاتر بەرەو تەرخانکردنی پارەی زیاتر بۆ بەرنامەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەرکەوتووە، بەڵام لەبەرامبەردا وەك سزادانێك حزبە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانەکان پشتگوێ خراون، هەروەها زۆرێك لە بەخشەرەکان لە



هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت پێیان باشترە بچنە ناو ڕێکخراوێکی مەدەنی لەبری حزبێکی سیاسی، ئەمە لە کاتێکدا گرنگە بەشداری لە چالاکی حزبە سیاسییەکاندا بکەن. ئەمە مەترسییەکی ڕاستەقینەی لەسەر دیموکراتی دروست کردووە، لەبەر ئەوەی کاتێك پشتگیری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت کە بەشێکن لە هاوکێشەی سیاسییەکە، بەبێ ئەوەی یارمەتییەکی گونجاوی حزبە سیاسییەکان بدرێت کە بەرژەوەندی ئەو گروپانەش ڕێکدەخات، ئەوا لەسەر ئاستی سیاسی هاوسەنگی هاوکێشە سیاسییەکە تێکدەچێت و لەمەش زیاتر بە پشتگوێخستنی حزبە سیاسییەکان، نوێنەرایەتی پەرلەمان و پرۆسە سیاسییەکە لەبەر یەك هەڵدەوەشێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەو یارمەتیانەی بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تەرخان دەکرێت بۆ ئەوەیە پشتگیری دیموکراتی بکرێت، بەڵام بەمجۆرە ئاکامەکەی پێچەوانە دەبێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، بەبێ حزب و دامەزراوەیی سیاسیی بەهێز و بەرپرسیار و کاریگەر، نەدەتوانرێت بەرێگەی دیالۆگ سازش بکرێت و نەدەتوانرێت کێشەکانیش چارەسەر بکرێن، لەم حاڵەتەشدا دەرگا لەبەردەمی سەرکردە پۆپۆلیستەکان کراوە دەبێت کە دامەزراوەکانی حکومەت و ئەو دامەزراوانەی هاوسەنگیە تایبەتییەکانی کۆمەڵگە ڕادەگرن و سەروەریی یاسا پشتگوێ بخەن)).

کەواتە گرنترین خاڵ لە بونیادی دیموکراتی ڕاگرتنی هاوسەنگی تەرازووی دیموکراتییە، ئەم هاوسەنگییەش کاتێك دروست دەبێت کە هەموو توخمەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی بە ئاستی خۆیان بەرپرسیاریەتی هەڵبگرن و بە ئاستی خۆیان مافیان هەبێت، بەڵام ئەوەی لەم هاوکێشەیەدا ڕۆڵی سەرەکی و یەکلایکردنەوە دەگێریت، حزبە سیاسییەکانن کە دەبێت بەهێز و خاوەن متمانە بن.

## پاگیت هێنری بۆ گوڵان:

# ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات پێشمەرجێکی زۆر گرنگە بۆ ئەنجامدانی



پرۆفیسۆر پاگیت هێنری ئوستادی سیسیۆلۆژی و دیراساتی ئەفریقیایە لە زانکۆی براون و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کۆمەڵگە و دیموکراتی و پارتە سیاسییەکان، سەبارەت بە ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لەبونیادی دیموکراتی پێوەندیمان بە پرۆفیسۆر هێنری کرد و بەمجۆرە ڕاو سەرنجی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

(گەوهەری دیموکراسی بریتییە لە ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان و کارکردنیان وەك چاودێر بەسەر یەکەوە و بریتییە لە بەرهەڵستیکردنی هێزەکان و نوێنەرایەتیکردنی زۆرترین دەنگ کە مومکینە. هەروەها لەوە بڕوانیت چۆن لەناو پارتە سیاسییەکاندا مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن دەکرێت. ئایا ئەگەر دەنگێکی بەرهەڵستکار هەبێت لەناو پارتە سیاسییەکەدا، چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت؟ بۆیە لێرەوە دەتوانرێت لە چوارچێوەی حزبەکاندا دەست بە بونیادی دیموکراتی بکەین، کەواتە دەبێت لە هەندێ شتی سەرەکی بڕوانیت لە ناو حزبەکاندا، ئەو ڕێوشوێنانە چین بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی دەنگەکانی خوارەوە بکرێت لە دیاریکردنی سیاسەتەکاندا. کەواتە دووبارەی دەکەمەوە، بە ڕای من هەروەك ئێوەش ئاماژەی پێدەکەن دیموکراسی لەناو حزبەکانەوە دەست پێدەکات. ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر تۆ نەریتی نوێنەرایەتیکردنی خەڵکت هەبێت، ئەگەر تۆ نەریتی نوێنەرایەتی کردنی دەنگەکانت هەبێت، ئەوا دەبێت کاریان لەسەر بکەیت. لەبەر ئەوەی زەحمەتە خەڵکی فێری کەلتوورێکی نوێ بکەیت. لەبەر ئەوەی دەسپێکی پرۆسەی بونیادی دیموکراتی قورس و زەحمەتە، هەروەها هەمیشە لەسەرەتاوە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات قورسە. من پێموایە باشترین ڕێگەی بەرەوپێشچوون بریتییە لە گەڕان بە دوای ئاشتیانەترین نموونەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات کە لە کۆمەڵگەکەتاندا ڕوویدابێت و ڕێگەبدەن خەڵکی لەبارەیانەوە بزانن و ئەوەیان بۆ شەرح بکەن کە بۆچی ئەمە ئەوەندە گرنگە، چونکە ئەگەر نموونەیەکی مەحەلی هەبێت کە بتوانن دەرسی لێوەرگرن، کە تۆ بتوانیت بینای

## ستیفن فۆرد بۆ گوڵان:

# دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات هۆکارێکە بۆ بونیادنانی متمانە



د.ستیفن فۆرد ئوستادی زانستی سیاسەت و فەلسەفەی سیاسەتە لە زانکۆری نۆرس تەکساس و تایبەتمەندە لەسەر فەلسەفە و ئەخلاقی سیاسیی، سەبارەت بە کاریگەری بونیادی کەلتوری دیموکراتی پرسیارمان لێکرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە:

(بونیادی کەلتوری دیموکراتی مەسەلەیەکە تا دوا ڕاددە دژوارە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بتەوێت بە گونجاوی و بە باشی کاربکات، ئەوا دەبێت لەو ڕاستییە ئاگاداربین کەلتوری دیموکراسی پێویستی بەچەندین توخمی جیاواز هەیە و کاتێك دەمانەوێت ئەم کەلتورە بونیاد بنێین، ئەوا دەبێت هەموو ئەو توخمانە لە ئارادابن. لەوانە دەبێت خەڵکی بزانن چۆن بەشداری سیاسی دەکەن، یەکێك لە مەسەلە قورسەکان لە کەلتوری دیموکراسیدا بریتییە لە قبوڵکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات، هەروەها دەبێت متمانەی ئەوە لەنێو خەڵکدا هەبیت کە ئەو لایەنەی براوە دەبێت، دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکارناهێنێت، کەواتە سەرەتا دەبێت متمانە لەنێو خەڵکدا هەبێت. دەبێت سیستمێکی سیاسی بخوڵقێنێت کە تێیدا ئەو پارتەی لەدەسەڵاتدایە دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ هەموو لایەکدا بکات، تەنیا لەم چەشنە دۆخەدا خەڵکی متمانە بە سیستمە سیاسییەکە دەکەن. کەواتە بەشێك لە ئەرکەکە ئەوەیە تۆ متمانە لە نێو خەڵکدا دروست بکەیت. ئەمەش واتە دەبێت هەڵبژاردن لەپێناو ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵاتدا بێت، سەبارەت بە بونیادی سەروەریی یاساش لە کۆمەڵگە دیسان مەسەلەکە بەو جۆرەیە ئەگەر بتەوێت کەلتوری سەروەریی یاسا بونیاد بنێیت، ئەوا تۆ نازانیت چۆن بونیادی بنێیت، جگەلە هەڵگرتنی هەنگاوی بچووك و جگە لە بونیادنانی متمانە. من دڵنیانیم لەوەی ئایا دیموکراسی بە تەواوەتی چارەسەرە؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر خەڵکە ئاساییەکە بە بەهاکانی دیموکراسی ئاشنا نەبن، ئەوا دەنگدان دۆخەکە خراپتر دەکات. لەبەر ئەوە دەبێت سەرەتا خەڵکە ئاساییەکە تێڕوانینێکی گونجاویان هەبێت، ئەو کاتە پارتە سیاسییەکانیش تێڕوانینێکی گونجاویان دەبێت و ئەوکات فەرمانڕەواکان

# چاکسازی گرنگ

لەســـەر بکەیت، ئەوکاتە دەتوانیت دەست بە پرۆسەی دووبارە پەروەردەکردنی خەڵك بکەیت بەوەی ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات لە بەرژەوەندی وڵاتەکەدایـــە. هەروەها زۆر بە روونـــی ئەو ڕێوشـــوێنانە دابنێیت کە دواتر کـــێ حکومڕانی دەکات، کەواتە پێویســـتە ڕێسای ڕوونت هەبێت لەبارەی جێگرتنەوەی دەســـەڵات. کەواتە بە دڵنیاییەوە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات ڕێڕەو بۆ هەموو شتێك دادەنێت، چ ڕوودەدات کاتێك ســـەرکردەی نوێ دەسەڵات دەگرێتەدەســـت، بۆ بەدەســـتهێنانی ئەمەش پێویستە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات دیموکراتییانە بێت، بە شـــێوەیەك بێت کـــە لەگەڵ نۆرمە دیموکراتیەکاندا یەکبگرێتەوە، ئەگەر بتوانێت ئەمە بکەیت، ئەوا سەرکردە ئاسانتر چاکسازی ئەنجام دەدات، لەبەر ئەوەی وەك سەرکردەیەکی شـــەرعی لێی دەڕوانرێت، کەواتە ئێوە تەواو ڕاســـتن کە بوونی ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەســـەڵات پێشـــمەرجێکی زۆر گرنگە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی گرنگ.

# بە سیستەمی دیموکراتی

ئەو کارانە ئەنجـــام دەدەن کە خەڵکی داوای دەکـــەن، واتە دەبێت ســـەرەتا خەڵکی فێری ڕێزگرتـــن لە ســـەروەریی یاســـا بێت، بۆیە تەنیا لەو کاتانە دیموکراســـی سیســـتمێکی باشـــە، کـــە کەلتورێکی سیاســـی باش لە ئارادابێت. هەربۆیە وەك پێشـــتریش ئاماژەم پێکرد دەتوانیـــن دەرفەتەکانی وەرچەرخانی دیموکراسی باشتر بکەین، ئەگەر ئەزموونێك بونیاد بنێیت تێیدا دوو بۆ ســـێ ئاڵوگۆڕی ئاشـــتییانەی دەســـەڵات ڕووبـــدات، ئەوا دەتوانیت ئەو متمانەیە بونیاد بنێیت، ئەگەر بتوانیت دامـــەزراوەی گونجاو بونیاد بنێیت، ئەوا ئاسانتر دەتوانیت ڕێگری بکەیت لەوەی پارتێك باڵادەســـت بێت و بە تەواوەتی دەست بەسەر شـــتەکاندا بگرێت. پێموایە دەبێت بەم شێوەیە هەنگاو بۆ بونیادنانی ئەو دامەزراوانە بنێیت. واتە دروســـتکردنی هاوســـەنگییەك لەنێوان پارتەکاندا بە چەشـــنێك هیچ پارتێك بە تەواوەتی کۆنترۆڵی لە دەستدا نەبێت)).

ئاتول کۆهلی بۆ گوڵان:


# تەنیا ڕێگە بۆ چەسپاندنی دیموکراتی ئەوەیە چەند پرۆسەیەکی دەستاودەستکردنی ئاشتییانە پیادەبکرێت بۆ ئەوەی هاووڵاتییان لەبایەخی دیموکراتی تێبگەن

پرۆفیســـۆر ئاتـــول کۆهلی ئوســـتادی زانستی سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەزانکـــۆی پرینســـتۆن و یەکێکە لە گەورە تۆژەرانی ئامۆژگای بەناوبانگی وۆردۆ وڵسن و تایبەتمەندە لەســـەر پرسەکانی دیموکراتی بەگشـــتی و دیموکراتییەتی هیندســـتان بە تایبەتی، ســـەبارەت بە چۆنییەتی ڕاهاتنی کۆمەڵگە لەســـەر دیموکراســـی و بونیادی دیموکراتـــی لە وڵاتانی تازە پێگەیشـــتوو، پێوەندیمان بـــە پرۆفیســـۆر کۆهلی کرد و بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

(زۆر زەحمەتـــە لـــە مەودایەکی کورت و لەسەر ئاستێکی فراوان، هاووڵاتییان لەسەر کەلتـــوری دیموکراســـی ڕابهێنرێـــن، تەنیا ڕێگە بۆ ئەنجامدانی ئەم پرســـە لەڕێگەی پراکتیزەکردنـــی دیموکراســـییەت و بـــە تێپەڕبوونی کات دەبێت. ئەمەش واتە دوای چەند پرۆســـەیەکی هەڵبژاردن هاووڵاتییان دەستدەکەن بە تێگەیشـــتن لەبارەی بایەخی دیموکراســـی و هەروەها لەبارەی ئەو ڕۆڵەی کە پێویســـتە بیگێڕن. بۆنموونە لە وڵاتێکی وەکو هیندستان کە تیایدا دیموکراسییەت بە ئاستێکی باش بەڕێوەدەچێت، دەبینین پارتی کۆنگرە پارتی ســـەرەکییە، بەڵام ئەم پارتە لەناوخۆی خۆیدا زۆر دیموکراتی نییە، بەڵام هاوکات ئەم پارتە یاریدەرە بۆ سەرخســـتنی دیموکراتی لە هیندستاندا، کەواتە پرۆسەی دیموکراســـی کاتێك ســـەرکەوتوو دەبێت کە یاســـاکان ڕێگە بە پارتی سیاســـیی جیاواز بدات بـــۆ ئـــەوەی ڕکابـــەری و ململانێ لەگـــەڵ یەکتریـــدا بکـــەن، پێموایـــە ئەم بارودۆخە لەوە گرنگترە کە بپرسین پارتەکان لەنێوخۆیاندا دیموکراتیـــن یان نەء، ئەمەش لەبەر ئەوەیە مەســـەلەکە بەوجۆرەیە ئەگەر پارتە سیاســـییەکان ئیـــرادەی هاووڵاتییان قبووڵ بکـــەن، تەنانەت گەر ئەنجامی یەك هەڵبژاردن قبووڵکرا، ئـــەوە گۆڕانکاریەکی گەورە لـــە ســـایکۆلۆژییەتی هاووڵاتییان دروســـتدەکات، بەڕای من ئـــەوکات وا لە کۆمەڵگە دەکات دەست بە بیرکردنەوە بکات لەو بارەیەی کە ڕێگەچارەی ئاشتییانە هەیە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات و لەوبارەیەی کە ئەو کەســـانەی کە دەگەنـــە حوکمڕانی دەســـەڵاتەکان قۆرخ ناکەن. هەربۆیە لەپێناو بونیادنانی پرۆســـەی دیموکراســـی سەرەتا پێویســـتە بونیادی متمانە بنرێت پێویســـتە هاووڵاتییـــان ئومێدیـــان بە



سیســـتەمەکە هەبێـــت، بەوشـــێوەیەی کـــە هیـــچ کەسێك نەتوانێت سیستەمەکە کۆنترۆڵ بـــکات، هەتا ئەو ئومێـــدە بـــەردەوام بێت ئەوە هاووڵاتییـــان باوەڕیـــان بە سیستەمەکە دەبێت. لایەنێکی دیکە بونیادی دامەزراوەکانە کە بـــۆ کۆمەڵگەی تازە پێگەیشـــتوو زۆر گرنگن، هەموو کاتیش پرســـیاری سەرەکی ئەوە بووە ئایـــا دامـــەزراوەی بەهێز و باش چۆن بونیاد دەنرێن؟ وەڵامی ئەم پرســـیارەش بە دوو شـــێوەیە، یـــان ئەوەیـــە دامەزراوەی باش کە لە ســـەردەمی ڕابردوو ماوەتەوە، یان ئەگەر دامەزراوەی باشیشتان نەبوو، ئەوکات پێویستیتان بەوەیە سەرکردەکانتان دامەزراوەی باش بونیادبنێن، بۆنمونە لەوانەیە وڵاتەکەتان دامەزراوەی باشـــی هەبێت واتە دامەزراوەی ڕابردوو، بەو شـــێوەیەی کە لەوانەیە بنەمای بیرۆکراســـییەت شتێکی خراپ نەبێت، بەڵام لەوانەیە پارتە سیاسییەکان بەو ئاستە نەبن و لەوانەشـــە پەرلەمانێکی کاراتان نەبێت، بۆیە پێویستە ئەو دامەزراوانە لەلایەن سەرکردەکانەوە بونیادبنرێـــن لەبەرئەوەی ئەم کارە لەکۆتاییدا ئەرکـــی ئەوانە، هەر ئەمەیە هۆکارەکەی کە ڕۆڵی ســـەرکردەکان بایەخێکی زۆری هەیە بەشێوەیەك کە پێویســـتە چینی سیاسی لە سەرەوە ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕن، بەشێوەیەك کە پێویستە پابەندبن و تێبگەن لە چۆنییەتی پابەندبوون و جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە، بۆیە پێموایـــە ڕۆڵی چینی سیاســـی، بەتایبەتی چینی سیاسیی ســـەرەوە و سەرکردەکان زۆر گرنگە لە دیموکراسییەتە تازەکان)).



دکتۆر فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ (گوڵان):

# کوردو لایەنەکانی کوردستان کە دەگەنە مەسەلەی نەتەوایەتی یەک دەنگ و یەک هەڵویستیان هەیە

**د.فوئاد حوسێن وەك نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەندامی ئەو شاندە کوردستانیەیە کە لە هەموو لایەنە سیاسییەکان پێکهاتووەو لەم دواییەدا سەردانی بەغدایان کردووە، ئامانجی ئەم سەردانە بۆ بەغدا لەو ڕووەوەیە کە شاندی کوردستان وتووێژ لەگەڵ هەموو لایەنە عێراقییەکان بکات بۆ ئەوەی لەسەر هەموو ئەو پرسانە وتووێژ بکەن کە پێوەندی بەعێراقەوە هەیە، هەروەها وتووێژ لەسەر ئەو پرسانەش بکەن کە پێوەندی بەکێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداوە هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، د.فوئاد حوسین سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

## خۆشحاڵ بوونی خەڵك و لایەنەکانی بەغدا بە سەردانەکە

*** دوای ئەوەی وەك نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندەکەدا سەردانی بەغداتان کردو لەوێش لەگەڵ کۆمەڵێك لایەن و هێزی سیاسی کۆبوونەوە، دەرنجامی ئەم دیدارو کۆبوونەوانە بەچی گەیشتن؟**

ئێمە بەگشتی هەموو لایەن و هێزە سیاسییەکانی عێراقمان بینی، هاوپەیمانی نیشتمانیمان بینی کە هەموو هێزە سیاسییەکانی شیعەی تێدایەو تاك تاکیش لەگەڵ حزبی دەعوەو ئەنجوومەنی باڵاو فەزیلەو حزبی ئیسلامی عێراقی و حزبی شیوعی و لیستی ئەلعێراقیە دانیشتین و کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ جەنابی سەرۆك کۆماری عێراق ئەنجامدا، پاشان لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان کۆبووینەوەو لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش کۆبووینەوە، بەگشتی ئەو حزب و لایەن و کەسانەی دیتمان، بۆ گۆڕینەوەی بیروڕابوو دەربارەی کۆمەڵێك کێشە، بەشێك لە کێشەکان پێوەندی هەیە بەعێراقەوە، بەشێك لەکێشەکانیش پێوەندی بەکێشەکانی نێوان هەولێرو بەغداوە هەیە، ئەو کێشانەی پێوەندی بەعێراقەوە هەیە هەندێ لەلایەن و هێزو کەسەکانی عێراقی لەئێمە زیاتر باسیان دەکرد، بۆنموونە باسی ئەوەیان دەکرد کە عێراق بەرەو کوێ دەچێت و ئەم کێشانەی کە پێوەندی بە پڕۆسەی سیاسییەوە هەیە چۆن تەگەرەی تێکەوتووەو گرفت و کێشەکان لە کوێن، دیتمان خەڵك زۆر لەمانە نیگەرانن، بە تایبەتی خەڵك نیگەرانن لە بارودۆخی سیاسی گشتی عێراق، هەروەها ئەوەی پێوەندی هەیە بەکوردستانەوە، واتە ئەوکێشانەی لەنێوان بەغداو هەولێرە، لە زۆربەی هەرە زۆری دانووستاندنەکانی لەگەڵ ئەو خەڵك و هێزە سیاسی و سەرکردانەی ئەنجامانداو بینیمان هەموویان پشتگیری لە داواکاری کوردی دەکەن، بێگومان دوور نییە هەر هێزێك تێڕوانین و بیروبۆچوونی تایبەتی هەبێت بۆ داواکاری و مەرامێك، بەڵام بەگشتی بینیمان خەڵك خۆشحاڵە بە هاتنی شاندی کوردی بۆ بەغدا، هەروەها کەموکوڕی خۆشمان لەوێ بینی کە ئەو خەڵکانەی ئێمە کە نوێنەری هەرێمی کوردستانن چ لە وەزارەتەکان بێت چ لە پەرلەمان چ لەدەزگاکانی تربن وەکو تاك کارو ئیشی خۆیان کردووەو ماندووبوون،

بەڵام واقیعێك هەیە پێویستە ئاماژەی پێ بكرێت ئەویش ئەوەیە خۆیان ڕێك نەختستووە، واتە چوارچێوەیەك نییە كە دابنیشن بەیەكەوە بڕیاربدەن و پێكەوە گفتوگۆ بكەن، بە تێڕوانینی من لەئایندەیەكی نزیكدا پێویستە ئەو چوارچێوەیە دابمەزرێت، تاوەكو كارەكانی هێزە سیاسییەكانی كوردستان باشتر بەڕێوەبچێت و كارەكانی ئەوانەی بەناوی كوردستانەوە لەئەنجوومەنی وەزیران باشتر بەڕێوەبچێت، ئێمە كە بۆ بەغدا هاتین، هاتنمان هەم بیروراگۆڕینەوە بوو هەم نامەمان هەبوو و هەم داواكاریمان هەبوو، هەم كەموكورییەكانی خۆشمان بینی و زانیمان كەموكوڕی خۆمان چییەو زانیمان ئیشەكانی ئێمە لە بەغدا چۆن كراوە.

### خاڵەكانی ڕێكەوتنەكەو هەنگاونان بۆ بەیاسایی كردنیان

*** ئەی سەبارەت بەو خاڵانەی لە ڕێككەوتنەكەی هەولێردا هاتوون، ئایا ئێوە جەختی لەسەر دەكەنەوە یان چ وتوێژێك لەسەر ئەم پرسەكراوە؟**

**ئەوانەی لە بەغدا نوێنەری هەرێمی كوردستانن چ لەناو وەزارەتەكان بێت چ لە پەرلەمان چ لەدەزگاكانی ترین وەكو تاك ئیشی خۆیان كردووەو ماندووبوون. بەڵام چوارچێوەیەكیان نییە كە دابنیشن بەیەكەوە بڕیاربدەن و پێكەوە گفتوگۆ بكەن**

- وەكو وتم كۆمەڵێك لەو خاڵانەی كە ڕێكەوتنی لەسەركراوە پەیوەندی بە بارودۆخی عێراقەوە هەیە، لەوانە كاتێك باسی لەشكر دەكرێت یا باسی یاسای نەوت و غاز دەكرێت واتە باسی عێراق دەكرێت، یا كە باسی پابەندبوون بە دەستوور دەكرێت واتە باسی عێراق بە گشتی دەكرێت، بێگومان ئەمە كوردستانیش دەگرێتەوە، بەڵام پەیوەندی بە عێراقەوەیە، كە باس لە هاوبەشی نیشتمانی دەكەیت ئەوە بارودۆخی سیاسی عێراق دەگرێتەوە، لەبارەی ئەم بابەتانەوە هەموو لایەن و كەس و هێزە سیاسییەكانی عێراق نیگەرانن، چونكە بارودۆخی عێراق بەم شێوەیە ناتوانێت بەردەوام بێت، بۆیە پێویستە ئەم كێشەو بارودۆخانە چارەسەر بكرێت، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە داواكاری كوردستانەوە هەیە، بۆ نموونە با باسی یاسای نەوت و غاز بكەین كە یاسایەكە بۆ عێراقە، بەڵام بۆ كوردستانیش گرنگە، لەمبارەوە خەڵكێكی زۆرمان بینیوە دەڵێن با یاسایەكمان هەبێت، گەرچی دوور نییە بیروباوەڕیان لەسەر ناوەڕۆكی یاساكە جیاوازبێت، بەڵام بوونی یاسایەك بەلایەنی هەمووانەوە گرنگە، ئەمەش هەم عێراقییە هەم هاوپەیمانی نیشتمانی كە شیعەكانە باسی ئەوە دەكەن، بەڵام هەر یەكەی بۆچوونێكی تایبەتی لەسەر ناوەڕۆكی یاساكە هەیە، بەڵام گرنگە لەمبارەوە دەست بكرێت بە ئیش كردن، چونكە لەم لایەنەوە كەموكورییەكی گەورە لەم وڵاتە هەیە، هەروەها ئالیەتی بەدواداچوونیش نەبووە، تا لە مەسەلەی ئەو ڕێككەوتنەی كەهەبووە كاری لەسەر بكات، لەلایەك میكانیزمی بەدواداچوونی لە عێراق نییەو جێبەجێكردنی خاڵەكانی ڕێككەوتنەكەش لەلای ئێمە نییە تاوەكو بەدواداچوونی لەسەر بكەین، بۆیە ئێستا پێویستە ئێمەش لەگەڵ ئەو كەسانەی لە بەغدان ئالیەتێكی بەدواداچوون بدۆزینەوە بۆ ئەوەی هەم خاڵەكانی كە ڕێككەوتنی لەسەر كراوە دیراسە بكەین هەم ئیشەكانیش بەدواداچوونی لەسەر بكرێت. خاڵێكی تری گرنگ ئەوەیە كە تۆ ئالیەت دادەنێیت و كاتێكی زەمەنیشت پێویستە بۆ ماوەی جێبەجێ كردنی دابنرێت، دەبێ كاتێك دابنێیت ئەو خاڵانەی ڕێككەوتنی لەسەر كراوە كەی و چۆن جێبەجێ دەكرێت، ئینجا ئێمە لە كۆبوونەوەكەمان لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراقدا كۆمەڵێك خاڵ و بابەتی گرنگمان باس كرد.

*** ئەوەی ئەمجارە بینرا، نوێنەری سەرۆكایەتی هەرێم جەنابتان بوون و نوێنەری یەكێتی و پارتیش وەكو دوو حزبی دەسەڵات و هەروەها نوێنەری لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆنیش لەكوردستان بەشداری ئەو شاندەیان كرد، ئەمە تا چەند گرنگ بوو كە جەنابی سەرۆك بارزانیش جەختی لەسەر بەشداری كردنی هەموو لایەنەكان لەم شاندەدا دەكردەوە، تا چەند گرنگ بوو كە كورد بەم یەك دەنگی و یەك ڕیزییەوە بتوانێ ئەو داواكاریانەی هەیە جێبەجێ بكرێت و لایەنەكانیش پابەندبن بەو بەڵێنانەی یا ئەو ڕێككەوتنانەی لەگەڵ كورد هەیان بووە؟**

- هاتنی ئەم شاندەی كوردستان بۆ بەغدا دوو، سێ بابەتی گرنگی چەسپاند، یەكەمیان، مەسەلەی كوردستانەو بابەخێكی یەكجار گرنگیان دا بە بەغدا، چونكە بەغدا لە ڕووی سیاسییەوە گرنگە، هەروەها وەكو دەوڵەت و حكومەت نەك تەنیا گرنگە بۆ بەشی عەرەبی لە عێراق، بەڵكو گرنگە بۆ هەرێمی كوردستانیش.

دووەمیان، هاتنی ئەم شاندە بەم شێوەیەی كە نوێنەرانی هەردوو حزبی بەشدار لە دەسەڵات و حكومەتی هەرێمی كوردستان و نوێنەرانی لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆنیشی تێدایە، گرنگی و كاریگەری خۆی هەیە، ئەم شاندەی لەلایەن جەنابی سەرۆك بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان نێردراوە بۆ بەغداو جەنابی سەرۆك ئەمری فەرمووە كە منیش لەم شاندەدا بەشداربم، ئێمە هەموومان بەیەكەوە بەیەك دەست و بەیەك هەڵوێست ئیش دەكەین و گفتوگۆ دەكەین، بۆیە ئەم شاندە بەم شێوەیە وێنەیەكی زۆر گرنگ دا بە خەڵكەكەی كە لە بەغدایە، چونكە سەلماندی كوردو لایەنەكانی كوردستان كە دەگاتە مەسەلەی نەتەوایەتی یەك دەنگ و یەك هەڵوێستیان هەیە بەتایبەتی لە دەرەوەی هەرێمی كوردستان، هەروەها ئەم شاندە واقیع و تێڕوانینێكی جوانی پیشاندا، ئەمەش گرنگە بۆ هەرێمی كوردستان كە بزانن ئێمە هەموو لایەك لە كوردستان یەك هەڵوێستین لە مەسەلەكانی نەتەوایەتی و ئایندەی كوردستاندا، تێڕوانینێكی داوەتە ئەوانەش كە دوژمنی ئێمەن یا دۆستی ئێمەن لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقیدا، پیشانیدان كە كورد لەهەركاتێكدا گەیشتە كێشەی نەتەوەیی و چارەنووسسازی یەك دەگرن و یەك دەنگ دەبن، ئینجا دامەزراندنی شێوەی شاندەكەو هاتنی شاندەكە بۆ بەغداو گرنگیدانی بە بارودۆخی بەغدا، نەك تەنیا گرنگیدانە بە هەرێمی كوردستان، بەڵكو ئەوە بەڕای من بۆچوون و تێڕوانینێكی باش بەجێ دەهێڵێت لەلایەن عەرەبەكانی عێراقیشەوە.

**چوونمان بەرەو بەغدا هەم بیروراگۆڕینەوە بوو هەم نامەمان هەبوو. هەم داواكاریی، هەم كەموكورییەكانی خۆشمان بینی و زانیمان كەموكوڕی خۆمان چییە. زانیشمان ئیشەكانی ئێمە لە بەغدا بە چ شێوەیەك كراوە**



# هێشتا بوار لەبەردەم حکومەتی بەغدا هەیە ڕێککەوتنەکان جێبەجێ بکات





کێشەی پرۆسەی سیاسی عێراق تەنیا کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا نییە، بەڵکو حکومەتی ئێستای بەغدا کێشەی لەگەڵ هەموو پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق هەیە بە هەندێك پێکهاتەی ناو هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقیشەوە کە سەرۆك وەزیرانی عێراق سەر بەو هاوپەیمانیەیە، کەواتە لێرەوە گرنگە پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق بە پێکهاتەی کورد و شیعە و سوننەوە جارێکی دیکە پێکەوە دابنیشنەوە بۆ ئەوەی لەسەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان کۆببنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق پێویستیان بەوەیە کە ئەو تەمومژەی هەڵمەتی ڕاگەیاندنەکانی ئەم دواییە لەسەر هەقیقەتی کێشەکان دروستی کردوون بڕەوێتەوە و بە ڕوونتر لەسەر مەسەلەکان هەڵوەستە بکەن و بۆ ئەوەی

### سەردانی شاندی هەرێمی کوردستان بە یەکگرتوویی بۆ بەغدا جێگەی سەرنجی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بووە و پەیامێك بووە بۆ حکومەتی عێراق کە بەبێ کورد حکومڕانی لەبەغدا ناکرێت

هەموو لایەك پابەندی ئەو ئیمزایانە بن کە لەسەر ڕێککەوتنەکان کردوویانە.

لەم چوارچێوەیەدا و بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی هەرێمی کوردستان لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق، هەفتەی ڕابردوو شاندێکی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەلا بەختیار بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و د.فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی هەر یەك لە یەکگرتوویی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان و حزبی شیوعی و حزبی زەحمەتکێشان و حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان سەردانی بەغدایان کرد و بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لەگەڵ زۆربەری زۆری حزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق و سەرۆك وەزیرانی عێراق کۆبوونەوەیان کرد، لەم شاندەی هەرێمی کوردستاندا کە وەك سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند لەگەڵ ئەوەی نوێنەری بزووتنەوەی گۆڕان بەشداری کۆبوونەوەکان نەبوو، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان پاڵپشتی

### دواکارییەکانی کورد بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان داواکارییەکی عێراقیانەیە و پەیوەندی بەسەرجەم پێکهاتەکانی عێراقەوە هەیە و کوردیش بەشێکە لەعێراق

خۆی بۆ هەوڵەکانی شاندی کوردستان پیشانداوە، ئەمەش نیشانەی یەکڕیزی هەرێمی کوردستان بووە لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا.

بێگومان ئەم شاندەی هەرێمی کوردستان کە بەرەنجامی کۆبوونەوەی هەموو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان بوو لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەمانگی ڕابردوو، لە بەغداش هەموو پرسیار و ڕایەکیان لەگەڵ بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق بووە و پێش ئەوەی دەست بە کۆبوونەوەکانیان بکەن لەگەڵ بەڕێز مام جەلال کۆبوونەتەوە و هەروەها لەبەغدا هەردوو بەڕێزان د.ڕۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق و د. فوئاد مەعسوم سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپەرلەمانی عێراق بەشداری کۆبوونەوەکە بوون، بڕیاریشە لە ئاییندەیەکی دیکە



**هەڵە نییە کە لەشوێنێکدا ڕاوبۆچوونی جیاواز هەبێت و گفتوگۆ لەسەر بۆچوونە جیاوازەکانمان بکەین، بەڵکو هەڵەکە لەوەدایە کە بگەینە قۆناغێك لە دابڕان و بایکۆت**

شاندێکی دیکەی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە وەك کاری حکومەتی عێراق سەردانی بەغدا بکەن و لەســـەر وردەکارییەکان وتوویژ لەگەڵ حکومەتی بەغدا بکەن.

ئەوەی دەکرێت لێرەدا ئاماژەی پێبکەین، سەردانی شاندی هەرێمی کوردستان بە یەکگرتوویی بۆ بەغدا جێگەی سەرنجی هەمـــوو پێکهاتەکانـــی عێـــراق بووە و پەیامێك بووە بـــۆ حکومەتی عێراق کە بەبێ کورد حکومڕانی لەبەغدا ناکرێت و ئەو ڕاستییە دووبارە کراوەتەوە کە کورد لە حکومەتی عێراقدا هاوبەشە نەك بەشدار بۆیە دەبێت ئەم هاوبەشـــی نیشـــتمانییە لەهەموو بڕیارەکانی حکومەتی عێراقدا ڕەنگبداتـــەوە، لایەنێکی دیکە کە بەڕێز د.فوئاد حوسێن لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵانـــدا جەختی لەســـەر کردۆتەوە و لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتە بڵاودەبێتەوە، ئەوەیە کە پرۆسەی سیاسیی عێراق پێویستی بە تێگەیشـــتنی هەمەلایەنە هەیە و دەبێت لەو ڕاســـتیە تێبگەن کە دواکارییەکانی کورد بـــۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان داواکارییەکـــی عێراقیانەیـــە و پێوەندی بەســـەرجەم پێکهاتەکانی عێراقەوە هەیە و کوردیش بەشـــێکە لەعێـــراق بۆیە لەم چوارچێوەیەشـــدا ئەگەر کورد داواکاری هەبێت داوای جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە دەکات کە لەنێو ڕێککەوتنەکە هاتوون و هەموویـــان لەو داواکارییە چڕدەبنەوە کە پێوەندی بەعێراق و کوردیشەوە هەیە کە داواکردنە بۆ ئەوەی بەدەستووری عێراقەوە پابەنـــد بن، لەلایەکی دیکە ســـەرۆکی دیوانی ســـەرۆکایەتی هەرێم ئەوەشـــی بۆ گوڵان ڕوونکردەوە کە کێشـــەکە تەنیا ئەوەنییە کورد لەم بارودۆخە نیگەران بێت، بەڵکو پێکهاتەکانی دیکەش لەم بارودۆخە نیگەرانن و ئەگەر ئەو ڕێککەوتنانەی ئیمزایان لەســـەر کراوە جێبەجێ نەکرێن، ئەوا عێراق ناتوانێت بەم شێوەیە بەردەوام بێت.

## لێکتێگەیشتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان

دوای ســـەردانەکەی شـــاندی کوردســـتان بۆ بەغدا هەســـت دەکرێت جۆرە لێکحاڵیبوونێك لەلێدوانی پێکهاتە سیاســـییەکانی عێراق گـــۆڕدراوە ئەو کێشـــەیەی کە پێشـــتر وەك تەنگژەیەك لەنێوان هەرێم و بەغدا باسی لێوە دەکرا، ئێســـتا وەك جیـــاوازی بیروبۆچوونەکان لەنێوان هەرێم و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشـــەکان ئاماژەی پێدەکرێت، سەبارەت بەم لایەنە پرســـیارمان لە عەلی شـــەلا پەرلەمانتـــاری عێراقـــی لەلیســـتی دەوڵەتی یاســـا کرد و ئـــەو لەمبارەوە بە گوڵانی ڕاگەیاند کە هیچ کێشـــەیەك لەنێوان هاوپەیمانی کوردستان و لیستی دەوڵەتی یاســـا نییە و ئەو جیاوازییەی کە هەبووە ســـەبارەت بە یاسای نەوت و گاز هەردوولا گەیشتووینە ئەوەی ڕێز لە جیاوازی بۆچوونەکانی یەکتری بگرین و لەمبارەوە بەم جـــۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (نەخێر، ئێمە کێشەمان لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانی نییە، مەسەلەکە پەیوەست بوو بە یاســـای نەوت و گاز، کە لەلایەن هەردوولاوە لە ڕاگەیاندنەکاندا کاردانەوەی لەسەرهەبوو، بەڵام هاوکات

**حکومەتی ئێستا لەسەر بناخەی ڕێککەوتنەکەی هەولێر پێکهێنرا، ئەنجوومەنی سیاسەتە ستراتیژییەکان یەکێك بوو لە بەندەکانی ئەم ڕێککەوتنە و پێویستە هەمووان دەنگی لەسەر بدەن**





عەلی شەلا بۆ گوڵان:

# ئێمە وەک دەوڵەتی یاسا لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان کێشەمان نییە، بەڵام تێڕوانینی جیاوازمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە

کۆکین کە ڕای هەردوو لایەن ڕێزی لێ بگیرێت، ڕای هەرێم و ڕای ناوەند پێکەوە، لەبارەی هەموو پرۆژە یاساکان، ئەم هێبوربوونەوەیەش بەرەنجامی ئەو کۆبوونەوانەیە کە لەگەڵ شاندی هەرێم ئەنجامانداوە، بۆیە بەڕای من ئەوە هەڵە نییە کە لەشوێنێکدا ڕاوبۆچوونی جیاواز هەبێت و گفتوگۆ لەسەر بۆچوونە جیاوازەکانمان بکەین، بەڵکو هەڵەکە لەوەدایە کە بگەینە قۆناغێك لە دابڕان و بایکۆت و ئەم شتە نە ڕوویداوە و نەیش ڕوودەدات لەنێوان هەردووك هاوپەیمانێتییەکان)).

سەبارەت بە کەمتەرخەمی حکومەتی عێراق لە چارەسەرکردنی کێشە ناوچە دابڕینراوەکان و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ کە هەرێمی کوردستان حکومەتی عێراق بەکەمتەرخەم دەزانێت، عەلی شەلا لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بە گوڵانی ڕاگەیاند: (هەندێك جار هاووڵاتیان پێیانوایە کە حکومەت تەنیا بە یەك ڕۆژ دەتوانێت بڕیارێك دەربکات و هەموو کێشەکان چارەسەربکات. ئەم مەسەلانە پێویستییان بە کۆدەنگیی نیشتمانی هەیە، نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە، بۆنموونە لەبارەی ناوچە ناکۆکی لەسەرکراوەکان، بەڕێز «مالیکی» یان من تەنانەت تۆش ناتوانین بڕیارێك لەوبارەیەوە دەربکەین بەبێ ئەوەی تەوافوقێکی نیشتمانیی لەسەر هەبێت، ئێمە ناتوانین بەبێ تەوافوقی نیشتمانی وەزیرێك دەستنیشان بکەین، کەواتە چۆن دەتوانین بگەینە چارەسەر بۆ ناوچەی ناکۆکی لەسەرکراو لەڕێگەی ڕێککەوتن یان تێگەیشتنی حکومەت لەمبارەیەوە؟ ئەم جۆرە مەسەلانە پێویستییان بە کۆدەنگیی نیشتمانی هەیە، هەروەك کە ئێوەیش دەزانن ئەوە شتێکی «مەنتقی» نییە کە لایەنێك هەموو شتێك بباتەوە و لایەنی بەرامبەر هەموو شتێك بدۆڕێت، بەڕای من ئێمە لە «عێراق» پێویستیمان هەیە بە فێربوون لە کەلتوری لێبوردەیی و کەلتوری «چارەسەری مامناوەندی»، بۆیە لە وڵاتێکی یەکپارچەدا و لەڕێگەی چارەسەری مامناوەندی کەس نادۆڕێت، بەڵکو ئەگەر بێت و لایەنێك بباتەوە ئەوکات هەموان براوە دەبن، پێموایە کە ئەمڕۆ دانوستانی گرنگ لەئارادا ڕوویداوە لەنێوان هەردووك لە هاوپەیمانێتییەکانی «نیشتمانی» و «کوردستانی» بۆیە هیوادارم بۆچوونەکان ئەگەر گونجاویش نەبن بە لایەنی کەمەوە لێك نزیك بن لەسەر زۆربەی ئەم خاڵانە، بەڵام گۆڕینی بۆ واقعێك لەسەر زەوی پێویستیی هەیە بە قەناعەت پێهێنانی لایەنەکانی دیکە، بەپشتیوانی خودا -یش ئێمە بەردەوامین لە لێکتێگەیشتن لەگەڵ هەموو لایەنەکان لەپێناو قەناعەت پێهێنانیان لەسەر ئەو پرەنسیپەی کە دەڵێت ئەگەر «عێراق»مان بردەوە ئەوکات هیچ کەسێك دۆڕاو نابێت. هەروەها نابێت ئەوەمان لەیادبچێت کە ئێمە لە ڕژێمێکی دیکتاتۆریی دەرچووینە کە بۆ چەندین ساڵ بەردەوام بوو، بۆیە هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئەزموونی هاوشێوەی ئێمەیان هەبووە بە قۆناغی گواستنەوە تێپەڕیون و تیایدا جیاوازی و مشتومڕ و تێڕوانینی جۆراوجۆر هاتوونەتەکایەوە، بۆیە ئێمەیش بەو قۆناغە تێدەپەڕین، زۆر زەحمەتە ئێش و برینەکانی ئەم هەموو ساڵانە بەئاسانی بسڕێتەوە لە ئەنفال و شەڕ و گۆڕە بەکۆمەڵەکان،





د.عیتاب دوری بۆ گوڵان:

# جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی هەولێر لەبەرژەوەندی هەموو عێراقەو شەرمەزارییە نەتوانرێت ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکرێت

ئـەو گۆڕانکارییەی دەسـەڵات کە لە «عێـراق» ڕوویـدا وەرچەرخانێکـی ڕیشـەییە، بۆیە ناتوانرێـت ئەو هەموو شتانە بە قۆناغێکی گواستنەوەی کورت چارەسەربکرێت)).

**جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان لەبەرژەوەندی هەموو عێراقە**

دواخسـتنی جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنـەکان، بارودۆخێکی بەسـەر عێراقـدا هێناوە، کە پێش هەر شـتێك حکومەتـی عێراقـی لاواز کـردووە و بۆتە هـۆکاری ئەوەی نەتوانێت تەنانەت خزمەتگوزارییـە سـەرەتاییەکانیش بۆ عێراقیەکان دابین بکات، ئەم ڕاستیە لای هەموو پێکهاتەکانی عێراق ئاشـکرایەو تەنانەت حکومەتـی عێراقیش ناتوانێت چاوی لێ بپۆشێت، بۆیە تەنیا ڕێگە بۆ ئەوەی بارودۆخ و گوزەرانی هاووڵاتیانی عێراق باشـتر بێـت و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بۆ هاووڵاتی دابین بکرێت، ئەوەیە هەمـوو لایەنەکان هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتنەی لەهەولێر و لە ئاکامی دەستپێشخەریەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاتە کایەوە و بـووە هۆکاری ئـەوەی کە حکومەت و پەرلەمـان و سـەرۆکایەتی کۆماری عێراق پێکبهێنرێـت، ئەمڕۆ لەبەر هەر هۆکارێـك کەمتەرخەمـی تێدا بکرێت، دەبێت هاووڵاتیانی عێراق باجەکەی بدەن، سـەبارەت بەم لایەنە پەیامنێرانی گوڵان لەناو پەرلەمانی بەغدا ئەم پرسیان لەگەڵ د.عیتـاب دوری پەرلەمانتاری عێراقی لەلیسـتی عێراقیە باسـکرد، د.عیتاب وێـڕای هەڵسـەنگاندنی ئیجابیانەی بۆ ناوەڕۆکی ئـەو ڕێککەوتنەی کە لە ئاکامی دەستپێشـخەریەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاتە ئاراوە، جەختی لەسەر ئەوەکردۆتەوە کە شەرمەزارییە بۆ عێراقیەکان کە ڕێککەوتنێك بە چاودێری بەڕێز مسـعود بارزانی ئیمزا بکرێت و کەمتەرخەمـی لەجێبەجێکردنی بکرێت، لەمبارەوە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستۆتەڕوو: (بەشی زۆری هێز و لایەنە سیاسـییەکانی عێراق کۆکین لەسـەر ئەوەی دەبێـت ڕێککەوتنەکەی هەولێر وەك خـۆی جێبەجێ بکرێـت، ئەوەش ڕاستیەکی ئاشکرایە کە ئەم ڕێککەوتنە گرنگە بەهۆی دەستپێشخەریەکەی بەڕێز مسعود بارزانی هاتە ئاراوە، بۆیە مایەی شـەرمەزارییە کـە بەڕێز «مەسـعود بارزانـی» سپۆنسـەری ڕێککەوتنەکە بێـت و بەندەکانـی ڕێککەوتنەکـەی «هەولێـر» جێبەجێنەکـرێ، ئەمە لە کاتێکدا حکومەتی ئێستا لەسەر بناخەی ئەو ڕێککەوتنـە پێکهێنرا، ئەنجوومەنی سیاسەتە سـتراتیژییەکان یەکێك بوو لە بەندەکانـی ئەم ڕێککەوتنە، پێویسـتە هەمووان دەنگی لەسەر بدەن و پەسەندی بکـەن لەبەرئـەوەی مەسـەلەیەکی دەسـتوورییە، ئەگەر بێـت و بەندەکانی ڕێککەوتنەکانـی «هەولێر» جێبەجێ نەکرێت ئەوکات ئێمە خاوەن بناغەیەکی جەماوەرین، ئایا ئێمە چی پێشکەشـی جەماوەرەکەمـان دەکەیـن؟ پێموایە کە لیسـتی «عێراقیە» هەڵدەسـتێت بە داواکاری بۆ هەڵبژاردنی پێشـوەختە و کێشـانەوەی متمانە لە حکومەت. بۆیە ئەوەی ئێمە داوای دەکەین ئەوەیە هەموو ڕێکبکەوین بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتی گەلی خۆمان بکەین، ئێمە حکومەتێکی هاوبەشـیی نیشتمانی ڕاسـتەقینەمان دەوێ لەبەرئەوەی تەحەددای گەورە،



عەبدولمەهدی خەفاجی بۆ گوڵان:

# من دان بەو ڕاستیەدا دەنێم حکومەتی عێراق شکستی هێناوە و هۆکاری شکستەکەش بێمتمانەیی نێوان لایەنە سیاسییەکانە



دەمانەوێت هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانیمان هەبێت بۆ بونیادنانەوە و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، لەبری گرژی و ئاڵۆزی و موهاتەراتی سیاسی، گەل پێویستییەکی زۆری بە ئێمە هەیە، گەل پێویستییەکی زۆری هەیە بە یەکڕیزی و یەك وتار، گەل لەسەر مەرگە و ئێمە هێشتا لە ململانێین بۆ فلان پۆست و فیسار کورسی)).

بێگومان ئەو قسانەی د.عیتاب کاردانەوەی لیستی ئەلعراقیە نییە بەرامبەر بە لیستی دەوڵەتی یاسا کە ئێستا ناکۆکی لەنێوانیاندا هەیە، بەڵکو ئەمە ڕای عەبدولمەهدی خەفاجی پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاساشە کە لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان ڕاشکاوانە ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات کە حکومەتی عێراق نەیتوانیووە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات و شکستی هێناوە، لەمبارەوە خەفاجی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن: (با سەرەتا شتێك بڵێم، حکومەت تەنیا نوێنەرایەتیی لایەنێك یان هاوپەیمانێتییەك یانیش ئاڕاستەیەکی دیاریکراو ناکات، بەڵکو حکومەت بریتییە لەو هەموو پێکهاتانەی کە ئەمڕۆ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی-ن، «عێراقیە»ی لەخۆگرتووە هەروەها «هاوپەیمانی کوردستانی» و لەگەڵ «هاوپەیمانی نیشتمانی»ش، بۆیە سەرکەوتنی حکومەت سەرکەوتنە بۆ هەموو بەشدارابووانی پرۆسەی سیاسی و هاوکات شکستەکەشی، هەروەك کە ئێوە ئاماژەتان پێکرد، شکستی هەموو بەشداربووانی پرۆسە سیاسییەکەیە. ئەو شکستەی ئەمڕۆ کە لە حکومەت هەیە، خودی خۆشم دان بەو ڕاستیە دەنێم کە شکستی بەدەستهێناوە، بەڵام بەهۆی پرەنسیپی بێمتمانەییە کە بەربڵاوەیکردووە لەنێو لایەنە سیاسییە هاوبەشەکانی پرۆسەی سیاسی و هەروەها لەنێوان هەموو قەوارە سیاسییەکان، ئەمەیە کە بۆتە هۆکاری شکستەکە و ئێستا هەمووان بەرپرسیارن)).

لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان و سەبارەت بە دواکەوتنی ئەنجومەنی سیاسەتە ستراتیژییەکان کەبەپێی ڕێککەوتنەکان ئەم ئەنجوومەنە بۆ لیستی ئەلعراقیە، عەبدولمەهدی خەفاجی وتی: (ئەنجوومەنی سیاسەتە ستراتیژییەکان، هەمان کێشەیە و لەچوارچێوەی هەمان ناکۆکییە، جیاوازییەك لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە لەنێوان ئەوەی لە ئەنجوومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر بدرێت لەگەڵ ئەوەی دەنگی لەسەر نەدرێت، هەروەك ئێوەیش دەزانن ئەم مەسەلەیە لە ئەجێندای کارەکانی ئەمڕۆی ئەنجوومەنی نوێنەران بوو، بەڵام بەپێی داواکاریی زۆرینە ئەو مەسەلەیەیان کێشایەوە، ئێمە پێمانوایە کە ئەم مەسەلەیە لەسەر بنەمای تەوافوقێکی سیاسی بونیادنراوە لەنێوان قەوارە سیاسییەکان، بۆیە پێویستە بەپێی ئەو تەوافوقە سیاسییە پەسەند بکرێت، بەڵام بێت و شەرعییەتی هەبێت و ببێت بە دامەزراوەیەکی چوارەم زیاد بەسەر سێ دامەزراوە دەستوورییە جێگیرەکان ئەوە من بەش بەحاڵی خۆم دەنگم لەسەر ئەو یاسایە نەداوە و هاوکات پێموایە کە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران دەنگ





جەمال بەتیخ بۆ گوڵان:

## حکومەتی عێراق نەیتوانیووە هیچ خزمەتگوزارییەک دابین بکات، هەتا ئێستاش هاووڵاتیان بەدەستی بێکاری و کارەبا و نەبوونی خزمەتگوزاریی پەروەردەیی و تەندروستی دەناڵێنێن

بۆ ئەو ئەنجوومەنە نادەن لەبەرئەوەی ئەو ئەنجوومەنە دامەزراوەیەکی نادەستوورییە و ناکرێ دامەزراوەیەك تەشریع بکرێت کە ڕکابەربێت لەگەڵ سێ دامەزراوەکان بەو ئیعتوبارەی کە ئەگەر هات و کێشەیەکی تەشریعی-مان هەبوو ئەوکات ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی-مان هەیە بۆ چارەسەرکردنی و ئەگەر هات و کێشەیەکی جێبەجێکاریمان هەبوو ئەوە ئەنجوومەنی وەزیران-مان هەیە و ئەگەریش هات و کێشەیەکی دادوەری-مان هەبوو ئەوە ئەنجوومەنی دادوەری-مان هەیە، بۆیە من پێموایە کە ئەنجوومەنی سیاسی دامەزراوەیەکی زیادە و مەبەستەکەی تەنیا بۆ ڕازیکردنی کەسێکە نەك بۆ کامڵکردنی پرۆسە سیاسییەکە)).

### ماوەی ساڵێکە حکومەت متمانەی پێدراوە هێشتا پێکهاتەکەی تەواو نەبووە

لایەنێکی دیکەی کێشەکانی حکومەتی عێراق ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی ماوەی نزیکەی ساڵێکە ئەو حکومەتە لە پەرلەمان متمانەی پێدراوە، بەڵام تائێستا پێکهاتەی ئەم حکومەتە تەواو نەبووە و هێشتا پۆستی وەزارەتە ئەمنییەکان بە وەکالەت پڕکراونەتەوە، ئەم لایەنەش هۆکارێکی دیکەی شکستی حکومەتی عێراقە، لەمبارەوە جەمال بەتیخ پەلەمانتاری عێراق لەلیستی ئەلعراقیە لەسەر ئەم پرسە بەمجۆرە بۆ گوڵانی ڕاگەیاند وتی: (سەبارەت بە مەسەلەی وەزارەتە ئەمنییەکان ئاڵۆزییەکی لە بارودۆخی سیاسی حکومەتدا خوڵقاندووە، بارودۆخە سیاسییەکان بەڕێژەی ٪١٠٠ درووست نییە، بەڵکو چەندین ئاڵۆزیی تێکەوتووە و ئەمە یەکێکە لە دەرهاوێشتەکانی شکستهێنان لە پێکهێنانی وەزارەتە ئەمنییەکان پاش تێپەڕبوونی نزیکەی زیاتر لە دوو ساڵ، بەڵام دووبارە ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، بۆنموونە ئێمە ئەمڕۆ بەحساب حکومەتێکی هاوبەشی نیشتمانیمان هەیە، بەڵام تەنیا بەناو حکومەتی هاوبەشی نیشتمانییە، لەڕاستیدا حکومەتی موحاسەسەیە، هەروەها لەبەرئەوەی زۆرینەیەکی سیاسیی ڕاستەقینە لە هەڵبژاردنەکان وەدینەهاتووە بۆئەوەی کەشوهەوایەکی ئارام و سەقامگیر بخوڵقێنێت، بۆنموونە وەکو ئەوەی کە لە «تورکیا» هەیە، بەڵکو ئەنجامەکان لێکنزیك بوون و کاتێك کە ئەنجامەکان لەهەموو وڵاتەکاندا لێك نزیك بن، ئەوە ئەو لیکنزیکیە خۆی دەبێتە گرێی سیاسیی لەناو پرۆسە سیاسیەکەدا، یان لەنێو ئەو لایەنە سیاسییانەی کە حکومەت پێکدەهێنن، ئەم بارودۆخەش کاریگەری لەسەر ئەدای حکومەت کردووە، بۆنموونە ئەگەر هەستتان کردبێت حکومەت تاکو ئێستایش لەڕووی خزمەتگوزارییەکانەوە تاڕادەیەك هیچ نییە، ئەمڕۆ هاووڵاتی دەناڵێنێت بەدەستی پسوولەی خۆراك و بێکاری و کارەبا و هەروەها دەناڵێنێت لەدەستی خزمەتگوزاریی پەروەردەیی و تەندروستی، ئەگەر بهاتبا و نییەتی سیاسی ڕاستگۆ هەبوایە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی مامەڵەیان لەگەڵ یەکتری بکردایە، ئەوکات دەمانبینی کارەبا چارەسەردەبێت و پەروەردە و تەندروستیش پێشدەکەوتن)).






براندن ئۆلیری بۆ گوڵان:


# نابێت کوردستان بۆ چارەسەری ناوچە جێناکۆکەکان دەستەوئەژنۆ دابنیشێت دەبێت جڵەوەکە بگرێتەدەست و پێشنیاری ڕوون بخاتەڕوو و ئیلتزامی خۆی بەرامبەر هاووڵاتیانی غەیرە کورد بخاتە ئەستۆی خۆی



پرۆفیسۆر براندن ئۆلێری ئوستادی زانستی سیاسەت و بەڕێوەبەری پرۆگرامی (Penn) بۆ کێشە ئیتنیەکان لە زانکۆی پەنسلڤانیا و پێشتریش بەڕێوەبەری سەنتەری سلۆمۆن بووە بۆ دیراساتی کێشە ئەنترۆپۆلیتیەکان، پرۆفیسۆر ئۆلێری جیا لەوەی خۆی لەسەر پرسی کێشە نەتەوەییەکان لەسەر ئاستی جیهان پسپۆر و تایبەتمەندە، لەسەر پرسی کورد و عێراق شارەزاییەکی زۆر نزیکی هەیە و یەکێك بووە لە ڕاوێژکارانی دەستووری نێودەوڵەتی کە وەك ڕاوێژکاری هەرێمی کوردستان بەشداریکردووە لە نووسینەوەی دەستووری عێراقدا، پرۆفیسۆر ئۆڵێری یەکێکە لەو سێ ئەکادیمیەی کە کتێبی (ئاییندەی کوردستان لە عێراقدا) نووسیووە، هەروەها هەرخۆی ئامادەکاری ئەو نامیلکەیەیە کە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ناونیشانی (وەبەرهێنان لە ئاییندە)




بەزمانی ئینگلیزی ئامادەی کردووە و هەر لەو نامیلکەیەدا دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، پرۆفیسۆر ئولێری ئەندامی ئەو تیمەیە کە لە ئەمریکا کار لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و ناوچە دابڕێنراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکەن، هەروەها ئولێری بیروبۆچوونی بەو شێوەیەیە کە هەرگیز پێویست نییە هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ چاوەڕێی حکومەتی بەغدا بکات و خۆی ئەو مافەی هەیە و دەتوانێت هەنگاوی جددی و گرنگی بۆ هەڵبگرێت، پرۆفیسۆر ئولێری بێجگە لەوەی چەندین جاری دیکە گوڵان دیمانەی تایبەتی لەگەڵ کردووە، لەهەمانکاتدا چەندین وتاریشی لەگوڵان بڵاوکردۆتەوە، ئەمجارەش بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای عێراق و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و ئاییندەی هەرێمی کوردستان، چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد و بەڕێزی بەسوپاسەوە بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.




*** هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، کاری خۆکوژی و تەقاندنەوە لە عێراق زیادی کردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی هێشتا باری ئاسایشی عێراق لەو ئاستەدا نییە کە هێزەکانی ئەمریکا ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵن، ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا عێراق بەجێبهێڵن، ئایا تاچەند مەترسی بۆسەر ئاسایشی عێراق دروست دەبێت؟**

- ڕەوشی ئەمنی عێراق زۆر ناتەواوە، هەرچەندە ڕەوشی ئەمنی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش جیاوازە، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کشانەوەی ئەمریکا بەڕێوەیە، هەروەك ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا سەرۆك ئۆباما لە ساتی سەرکەوتنی لە هەڵبژارنەکاندا لە ٢٠٠٨ ئاماژەی پێکرد. هەموو ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەیەوە بریتییە لە قەبارەی ئەو هێزەی دەمێنێتەوە (کە ئەرکیان ڕاهێنان دەبێت). هیچ پاڵێوراوێکی کۆماری بانگەشە بۆ هێشتنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا ناکات. هەروەها هەموو سەرۆکەکانی ئەمریکا داوای حەسانەی یاسایی دەکەن بۆ سەربازەکانی ئەمریکا. ئەمریکا لە عێراقدا خاوەنی چەندین شکست و سەرکەوتنە. کشاندنەوەی سوپا بێ ئەوەی هاوکار بووبێت لە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، دەبینین هەر زوو وەك یەکێك لە گەورەترین شکستەکان حوکمی لەسەر دەدرێت. بە دڵنیاییەوە بەرپرسیارێتی بوونی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان یان شکستهێنان لە چارەسەرکردنیاندا بە تەنیا ناکەوێتە ئەستۆی ئەمریکا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەمریکا بڕیاری ئەوەیدا گۆڕینی ڕژێمەکە بگرێتەئەستۆ، هەروەها ڕایگەیاند کە یارمەتی عێراقیەکان دەدات لە کۆتاییهێنان و لە ڕاستکردنەوەی ئەو ستەمە گەورانەی بەهۆی بەعسیەکانەوە لێیانکراوە. ئەوەی پێوەندی بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانەوە هەبێت، ئەوا هەوڵێکی وا نەدراوە بۆ چارەسەرکردنیان.

*** لەدوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ـەوە هەتا ئێستا کەماوەی نزیکەی دووساڵە هێشتا حکومەتی عێراق بەتەواوەتی پێکنەهاتووە و هێشتا کۆمەڵێك ئاستەنگ لەبەردەم حکومەتی عێراق ماوە کە جێبەجێ نەکراون، ئایا سیاسەتمەدارانی عێراق کە ناتوانن لەماوەی نزیکەی دووساڵە تەنیا کاری پێکهێنانی حکومەت تەواو بکەن، چۆن دەتوانن وڵات بەڕێوەبەرن؟**

- سەرۆك وەزیران مالیکی و هاوەڵەکانی بەڵێنەکانی خۆیان لە ئاست هەردوو

هاوپەیمانێتی کوردستانی و هاوپەیمانێتیەکەی عەللاوی شکاندووە، ڕەنگە جێی سەرسوڕمان نەبێت کە ڕازیکردنی هەردوولایان زۆر زەحمەت بێت. مالیکی بەجددی سەرۆکایەتی کابینەی حکومەتی نەکردووە. بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر لەعێراقدا کودەتای سەربازی ڕوونەدات، بارودۆخەکە لەداهاتوودا چۆن دەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەبەردەم ئەم ئەگەرانەدایە:

یەکەم:

لە هەڵبژاردنی داهاتوودا مالیکی نابێتەوە بە سەرۆك وەزیران. دووەم: کوردەکان لەلایەن ئەمریکاوە دەکەونە ژێر فشارەوە بۆ گەڕاندنەوەی مالیکی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران، بەڵام هەر کاتێك ئەمریکا وڵاتەکەی جێهێشت، ئەوا کوردەکان گوشارێکی کەمیان لەسەر دەبێت بۆ گەڕاندنەوەی مالیکی بۆ دەسەڵات.

بە بۆچوونی من کوردستان لە وتووێژەکانیدا بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی فیدرالی شکستی هێنا، هەروەها سەرمایەیەکی سیاسی زۆری بۆ سەرۆکایەتی عێراقدا کە پێویست نەبوو، هەروەها کوردستان لە دیاریکردنی ئەو داواکاریانەی دەکرا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەبێ دەرکردنی یاسای تازە بهێنرێنەدی و بێ ئەوەی پێویست بێت خشتەی جێبەجێکردنیان دیاری بکرێت، شکستی هێنا. هەروەها شکستی هێنا لە داواکردنی دوورخستنەوەی شەهرستانی لە گرتنەدەستی هەر پۆستێك کە دەسەڵاتی هەبێت بەسەر بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتیەکانەوە. دەبوو کوردەکان پێداگیریان لەسەر وەزارەتە ناوخۆییە گرنگەکان بکردایە، یان وەزارەتی سەرچاوە سروشتیەکان یان وەزارەتی دارایی. دەبێت دەرس لەم قۆناخە وەربگرن.

*** بەپێی لێدوانی زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق ئێستا د.نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق هەنگاو بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت هەڵدەگرێت، ئایا ئەگەر سەرۆك وەزیرانی عێراق لەسەر ئەم هەوڵانەی بەردەوام بێت و بگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆریەت، ئایا ئاییندەی سیاسی عێراق بەکوێ دەگات؟**

- پێموایە مالیکی ناتوانێت کودەتا ئەنجامبدات، تەنانەت ئەگەر بیەوێت خوازیاری کارێکی لەم چەشنە بێت. سوپا لەسەر دەستی ئەو هەڵدەوەشێت. ماوەی سەرۆکایەتیەکەی مالیکی لە ڕووی سیاسییەوە سنووردارە و دوو ساڵی دیکە بەسەر دەچێت. ئەوانەی بەرهەڵستی مالیکی دەکەن دەبێت بیر لەوە بکەنەوە لەڕووی یاساییەوە دەسەڵاتی لێوەرگرنەوە-یان بە بیانوی شکاندنی یاسا و دەستورەوە دەسەڵاتی لێوەربگرنەوە، یاخود لەڕێگەی

**ئەمریکا لە عێراقدا خاوەنی چەندین شکست و سەرکەوتنە، کشاندنەوەی سوپا بۆ ئەوەی هاوکار بووبێت لە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەناکۆکی لەسەرەکان، دەبینین هەر زوو وەک یەکێک لە گەورەترین شکستەکان حوکمی لەسەر دەدرێت**

**مالیکی بەڵێنەکانی خۆی لەسەر ئاستی هەردوو هاوپەیمانێتی کوردستانی و هاوپەیمانێتیەکەی عەللاوی شکاندووە، ڕەنگە جێی سەرسوڕمان نەبێت کە ڕازیکردنی هەردوولایان زۆر زەحمەت بێت**

**دەبوو کوردەکان پێداگیریان لەسەر وەزارەتە ناوخۆییە گرنگەکان بکردایە، یان وەزارەتی سەرچاوە سروشتیەکان یان وەزارەتی دارایی، بۆیە دەبێت پەند لەم قۆناغە وەربگرن**

**دەبێت بیر لەوە بکەنەوە لە ڕووی یاساییەوە دەسەڵات لە مالیکی وەربگرنەوە-یان بە بیانووی شکاندنی یاسا و دەستوورەوە متمانەی لێ بسەننەوە**

**هەرێمی کوردستان پێویستی بە پاراستنی پێوەندیگەلێکی دیپلۆماسی باش هەیە لەگەڵ تورکیا، بۆ ئەوەی قوربانی بە هیچ یەکێک لە ماف و بنەماکانی خۆی بدات**

**زۆر پێشبینی کراوە لەبارەی هەڵوەشانەوەی عێراقەوە، هەربۆیە تەنیا خەڵکانی گێل دەڵێن هەرگیز ئەمە ڕوونادات و عێراق لەبەر یەکهەڵناوەشێتەوە**

**کار بۆ بەدەستهێنانی باشترین ئەنجام بکەن و خۆتان بۆ خراپترین ئاکام ئامادە بکەن، ڕەنگە عەرەبی عێراق دووبارە بگەڕێنەوە بۆ شەڕێکی ناوخۆیی سەرتاسەری**

**دەبێت کوردەکان سەرەنجامی دووبەرەکی ڕابردووی خۆیان لە یاد بێت، مەرج نییە هەموویان لە یەک پارتدا کۆببنەوە، بەڵام پێویستە پێکەوە و لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی هاوبەشدا کار بۆ مافە دەستووریەکانتان بکەن**

«لێسەندنەوەی متمانە»وە، ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت بانگەشە بۆ هەڵبژاردنی نوێ بکرێت لەسەر ئاستی عێراق، بەو مەرجەی لایەنەکانی کوردستان و خەڵکی کوردستان ئامادەبن بۆ ئەو هەڵبژاردنانە.

*** ئێستا لەنێوان کورد حکومەتی بەغدا کۆمەڵێك کێشە هەن، لەهەموویان گرنگتر کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکانە، چاودێران پێیانوایە ئەم کێشانە بەرەو ئاڵۆزی دەچێت، ئایا ئەگەر کێشەکە ئاڵۆز بێت تاچەند مەترسی شەڕی ناوخۆ سەرهەڵدەداتەوە؟**

- نابێت کوردستان دەستەوئەژنۆ دابنیشێت. دەبێت جڵەوەکە بگرێتەدەست و پێشنیارگەلێکی ڕوون و پراکتیکی لەبارەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانەوە بخاتەڕوو. دەبێت ئیلتیزامێکی



گشتی و جێی متمانە لە ئاست کەمینە غەیرە کوردیەکانی ئەو ناوچانەدا بخاتەئەستۆی خۆی، کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو بنەمایانەی پێشتر گوزارشتی لێکردووە و گونجاو بێت لەگەڵ هەنگاوەکانیدا. دەبێت ئەو ئیلتیزاماتانەش پێشنیارگەلێکی ڕوون و موفەسەل بۆ شەراکەتکردن لە دەسەڵاتدا لە شاری کەرکوک و لە پارێزگای کەرکوکدا لە خۆبگرێت. هەروەها پێشنیاری ڕوون لەبارەی ئەوەی چ قەزا و ناحیەك بکرێنە بەشێك لە پارێزگاکان. دەبێت ئەم پێشنیارانە گرێبدرێنەوە بە ڕەشنووسی دەستووری کوردستان و بە شێوەیەکی دیار مافی کەمینەکان بپارێزێت.

*** ئێستا دەوڵەتانی دراوسێی عێراق بەتایبەتی ئێران و تورکیا دەستدرێژی دەکەنە سەر سنوورەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، ئایا ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا بکشێنەوە ئاستی دەستێوەردانیان چەند زیاد دەکات؟**

- هەرێمی کوردستان پێویستی بە پاراستنی پێوەندیگەلێکی دیپلۆماسی باش هەیە لەگەڵ تورکیا، بێ ئەوەی قوربانی بە هیچ یەکێك لە ماف و بنەماکانی خۆی بدات. بوونی پێوەندی باش لەگەڵ تورکیا ڕێگایە بۆ چارەسەرکردنی زۆرێك لە کێشەکانی هەرێمی کوردستان: لە نێویاندا ناوچەناکۆکیی لەسەرەکان و بەرگری کردن لە سیاسەتی نەوتی هەرێمەکە کە سیاسەتێکی سەربەخۆیە. دوای کشانەوەی ئەمریکا تورکیا تەقدیری ئەوە دەکات کە هەرێمی کوردستان زۆنێکی ئارامی بۆ دابین بکات. ئەمە دەبێتە دەرفەتێك بۆ هەرێمی کوردستان، نەك کارەسات. ئێران لە مەودای دووردا دراوسێیەکە مامەڵەکردن لەگەڵیدا قورسترە، ئەگەرچی مشتومڕی ئەوەش دەکرێت کە کەمتر بەهێزە.

*** زۆر لە چاودێران پێیانوایە ئەگەر ئەمجارە توندوتیژی لەعێراق سەرهەڵبداتەوە، ئەوا تایبەندی عێراق دەگاتە ئەو ئاستەی پێکهاتەکانی عێراق کورد و سوننە و شیعە نەتوانن پێکەوە بژین، ئایا پێتوایە عێراق بە هاوشێوەی یوگسلافیا لەبەر یەك هەڵبووەشێت؟**

- زۆر پێشبینی کراوە لەبارەی هەڵوەشانەوەی عێراقەوە. تەنیا کەسێی گێل دەڵێت هەرگیز ئەمە ڕوونادات. بە تێڕوانینی من، دەبێت سیاسەتی هەرێمی کوردستان، وەك ئەوەی ئێستا هەیە، ئەوەبێت کە عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی سەرکەوتوو بێت. ئەمەش بەو مانایە دێت کە دەبێت کۆششی سەخت بکەن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لە شوێنەکانی دیکە لە عێراق، و لە ناوچەکە لەسەر ئاستێکی بەرفراوان، ئەمە سیاسەتێکە پێویستی بە ئارامگرتنە، بە ئارامگرتنێکی قووڵ. ئەگەر دیکتاتۆرێکی سەربازی لە بەغدا دەسەڵات بگرێتەدەست، ئەوا هەرێمی کوردستان هەموو مافێکی سیاسی و ئەخلاقی دەبێت بۆ جیابوونەوە، هەروەها مافی یاساییشی دەبێت بۆ ئەوەی ئەم کارە بکات (ئەمە دوای ئەوەی ئارەزوومەندانە دووبارە پێوەندی کردەوە و بە عێراقەوە، هەروەها دەستووریش عێراقی وەك یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی پێکهاتوو لە خاك و خەڵك پێناسەکردووە)، بەڵام جیابوونەوە ڕێگەچارەیەکە تەنیا دەبێت لە دۆخە نائاساییەکاندا بەکار بهێنرێت.

هەمیشە ڕێز لە مافە یاساییەکان ناگیرێت، هەروەك کوردەکان ئەم ڕاستیە دەزانن. قوڵکردنەوەی پێوەندیە باشەکان لەگەڵ تورکیادا سیاسەتێکی ژیرانەیە، هەم لە ئێستادا و هەم وەك زەمانەتێکیش. ئەگەر کوردستان لە چوارچێوەی فیدراڵیەتەکەدا بێت یان سەربەخۆ بێت، ئەوا تورکیا دراوسێی دەبێت. کە دراوسێیەکە بە گۆڕانی گەورەدا تێپەڕدەبێت: دەبێت لە کاتێکدا کە پێداگیری لەسەر مافەکانی خۆیان دەکەن کوردەکان کاری بنیاتنەرانە لەسەر ئەم گۆڕانکاریانە بکەن. دەبێت کوردەکان ئەوەیان لە یاد بێت ژیان چەند نارەحەت بوو لە نێوان ساڵانی ۱۹۹۲ و ۲۰۰۳دا کاتێك کە ئیعتیرافیان پێنەکرابوو. کار بۆ بەدەستهێنانی باشترین ئەنجام بکەن و خۆتان بۆ خراپترین ئەنجام ئامادە بکەن. ڕەنگە عەرەبی عێراق دووبارە بگەڕێنەوە بۆ شەڕێکی ناوخۆیی سەرتاسەری، کوردستان دەبێتە قۆچی قوربانی بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی یەکێتی عەرەب ئەگەر وریا نەبێت. کە پێدەچێت ئەگەری ڕوودانی ناکۆکی زیاتر و گەورەتر هەبێت. ئایا عەرەبەکان یەك دەگرن بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئێران لە کاروبارەکانیاندا، یاخود ئایا ئێران عەرەبەکان بە لاوازی و دابەشکراوی دەهێڵێتەوە؟ ئەمە پرسیارەکەیە. ئایا ئێران خۆی بە سەقامگیری دەمێنێتەوە؟ کاتێك ئەمریکا عێراق جێدەهێڵێت، ئەوا ڕەنگە ڕژێمی ئێران دابەش بێت لەبارەی ئەوەی هەنگاوی داهاتوو چی بێت، ئەو کاتە ڕەنگە ئەمریکا بتوانێت زۆر ئاسانتر فشار بخاتەسەر ئێران کە ئامادەبوونێکی زۆری نابێت لە عێراقدا. دەبێت کوردەکان سەرەنجامی دووبەرەکی خۆیان لەیاد بێت لە ڕابردوودا: مەرج نییە هەموویان لە یەك پارتدا کۆببنەوە، بەڵام پێویستە پێکەوە لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی هاوبەشدا کار بۆ مافە دەستوریەکانتان بکەن، ئەویش لە چوارچێوەی عێراق و لە هەرێمەکەی خۆیاندا. دەبێت هەر مشتومڕ و پێشنیارێك بەو پێوەرە هەڵبسەنگێنن کە ئایا ئەمە دەبێتەهۆی پاراستنی مافەکانیان یان ئەو مافانە دەخاتە مەترسیەوە.

# ئایا سیاسەتمەدارانی کورد پێویستیی زیاتریان بە ڕاشکاوییە..؟!



کازم حەبیب *

لەم قۆناغەی ئێستادا گەلی کورد لەلایەن هەردوو حکومەت و دەوڵەتی ئێران و تورکیای دراوسێیەوە، ڕووبەڕووی دوژمنکارییەکی سامناك دەبێتەوە، ئەم دوژمنکارییە لە بۆردومانی تۆپ و راجیمە و کاتیۆشا و بۆردمانی ئاسمانیدا خۆی دەبینێتەوە، بۆردومانەکان ئاڕاستەی ناوچە گوندنشینەکانی ناو چیاکانی کوردستانی عێراق دەکرێنەوە، ئامانج لەم هێرش و پرۆسە دوژمنکارییە سەربازییانەی ئەو دوو دەوڵەتە کە دەکرێتە سەر هەرێمی کوردستان بۆ دوورخستنەوەی چەکدارەکانی هەردوو پارتە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکەی ئێرانی و تورکییە، گوایە بۆ کشانەوەو دوورخستنەوەی هێزەکانی ئەو پارتانەن کە لە ناوخاکی عێراقدا مۆڵگەیان هەیە، هەروەکو چۆن ئەو دوو حکومەتە بەردەوام بەو هەنجەتەوە ئەم پێشێلکارییە دەکەن، بەڵام لە بنەڕەتدا ئامانج لەم هێرش و پرۆسە سەربازییانە تێکدانی بارودۆخی ئارام و سەقامگیری هەرێمی کوردستانە، هەروەها ناشیرینکردنی ئەو مۆدێلە جوانەیە کە لە هەرێمدا دروست بووە بە تایبەت لەبەرچاوی هەردوو گەلی کوردی ئێران و تورکیا، کەمەبەستم لە مۆدێلی جوان بە نموونە فیدراڵییەت و خودموختارییە، لە بارودۆخێکی وا ئاڵۆزدا کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، چەندین دەنگی نارەزایی لە ناوەندەکانی حکومی و حزبیی سەر بە دەسەڵاتدارەکانەوە بەرز دەبێتەوە، راشکاوانە داوا لە نووسەران و رۆژنامەنووسان و سیاسەتمەدارە ئۆپۆزسیۆنکارەکان دەکەن، کە لە سکاڵا و رەخنەکاری ڕابوەستن، هەروەها پابەند بن لە پشتگیری کردنیان بۆ حکومەت، ئەوەش لە پێناوی یەکبوونی نیشتمانی و ڕاوەستانەوە بە ڕووی دوژمناندا، چونکە بەڕای ئەوان ڕەخنەگرتن واتە هاوکاری کردنی دوژمنانی گەلی کورد، نەك دوژمنانی حکومەتی نیشتمانی لە هەرێمدا، هەروەها لێرەدا تێڕوانینێکی هەڵە هەیە کاتێك گەلی کوردو حزبە دەسەڵاتدارەکان و حزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات و حکومەت هەمووی تێکەڵی یەکتر دەکەن، گەل لە خودی خۆیدا شتێکی سەربەخۆیە، بەڵام حکومەت فەرمانڕەوایی سیاسەتەکان دەکات، کە ڕەنگە لەبەرژەوەندی گەلدا یەکبگرێتەوەو لەوانەشە لە بەرژەوەندی گەلدا نەبێت، بۆیە هاوڕاو هاوڕێ بوونمان لەگەڵ گەلی کورددا، هەروەها بەرگری کردن لێی بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان بێت ئەمە ناکاتەوە هاوڕێیەتی و هاوڕا بوون لەگەڵ سیاسەتی حزبە دەسەڵاتدارەکان و حکومەتی ئێستا، جیاکردنەوەی ئەم دوو بەرەیە لە یەکتری زۆر پێویستە، رەنگە ویست و ئیرادەو بەرژەوەندی گەلی کورد هاوکوف بێت لەگەڵ سیاسەتەکانی حکومەتی کوردستان، لەوانەشە لەگەڵ ئەو ئیرادە و بەرژەوەندییە یەك نەگرێتەوە، بەپێی ئەو سیاسەتانەی کە حکومەتە هەمە چەشنەکان پیادەی دەکەن، لێرەوە پشتگیریمان یان دژکاریمان بۆ ئەم حکومەتە یان ئەویان لە هەرێمدا دەستپێدەکات.

جەخت دەکەمەوە لەسەرئەوەی کە بێدەنگبوون لە بەرامبەر سیاسەتە هەڵەکان، لەژێر زەبری هەر بارودۆخێکدا بێت کە هەرێم پێیدا تێدەپەڕێ، یان رەخنەنەگرتن لە سیاسەتی هەڵەی حزبە دەسەڵاتدارەکان و حکومەتی کوردستان نەك تەنیا هەڵوێستێکی لاروهەڵەیەو بەس، بەڵکو گەورەترین زیان بە بەرژەوەندی گەلی کورد دەگەیەنێت، هەروەها دەبێتە بەربەست لەبەردەم پێشکەوتنی هەرێم و توندوتۆڵ بوونی پێگەکانی.

ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کە ئێستا هەرێم پێیدا تێدەپەڕێت، پێویستی بەوەیە لەلایەن خەڵکانی دڵسۆز بە دیموکراتییەت و مافەکانی مرۆڤ و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستانییەوە، هەروەها لە لایەن هەموو عێراقییەکانەوە پێویستە مەبدەئی ڕەخنەگرتن پیادە بکەن نەك چپاندن بە گوێدا، پێویست بە دەنگی بەرز دەکات تاکو هەمووان گوێ بیستی نارەزاییەتیەکان بن، دواتر ئەم دەنگە بەرزەش بگۆڕدرێ بۆ گفتوگۆو، لەپێناوی باشترین ڕێگەکانی پیادەکردنی سیاسەتدا. دەنگە بەرزەکان لە ناو کۆمەڵگەدا ڕەنگ بدەنەوە، ئەم ململانێی ناوخۆییەی لە هەرێمدا دروست بووەو بەڕێوەنەبردنی ئەو ململانێیە بەشێوازێکی عەقڵانی، هەروەها دوورکەوتنەوە لە چارەسەرە سیاسییەکان و خۆنزیك خستنەوە لەو چارەسەرانەی کە ئارامی و ئاساییش سەنگین دەکەن، گەرچی ئێستا گرفتەکان و ململانێکانی مت کردووەو ئەمانە چارەسەرێك نییە لە چارەسەرەکان، بەڵکو لەلایەکەوە ئاڵۆزییەکان زیاتر دەکات، لەلایەکی تریشەوە بوار بۆ هێزە دەرەکییەکان و وڵاتە بێگانەکان دەڕەخسێنێت کە زیاتر ڕێگە بەخۆیان بدەن تا دەست لەکاروباری ناوخۆ وەربدەن و دوژمنایەتییان بگەیەننە ئاستی دوژمنکاری و هێرشی سەربازی بۆ سەردانیشتووانی عێراق. بۆیە لە بەرامبەر ئەو گرفتانەی ئێستا لە هەرێمدا هەن، نابێت چاومان بقوچێنین، ڕاستە گەلی کوردستان لەناو کەشوهەوایەکی ئارامدا دەژی، ئەمەش کارێکی باش و گرنگە بەڵام ئەم گەلە پێویستی بە کۆمەڵێك مەسەلەی تریشە کە ناکرێ پشتگوێ بخرێن، بەڵکو پێویستیان بە توێژینەوەو چارەسەرکردنی پرسەکانە ئەگینا ئاقیبەت باش دەرناچێت، ناکرێت تەنیا پشت بە حەماسەتی نەتەوەیی و نیشتمانی ببەسترێت، دواجار بۆ ئەم حەماسەتەش سنوورێك هەیە گەر بێتو مرۆڤ لەبەرژەوەندی ڕۆژانە و ئاستی بژێوی ئەندامانی

> پێویست بە دەنگی بەرز دەکات تاکو هەمووان گوێ بیستی نارەزاییەتیەکان بن. دواتر ئەم دەنگە بەرزەش بگۆڕدرێ بۆ گفتوگۆو. لەپێناوی باشترین ڕێگەکانی پیادەکردنی سیاسەتدا. دەنگە بەرزەکان لە ناو کۆمەڵگەدا ڕەنگ بدەنەوە

سنوور بۆ حەماسەت دادەنرێت، من لێرەدا لەسەر داواکاری هێزو حزبە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی هەرێم قسە ناکەم ئەوانەم مەبەست نییە، بەڵکو قسە لەسەر داخوازییەکانی گەلی کوردستان دەکەم بە هەموو نەتەوەکانییەوە، گەرچی داخوازییەکانی ئۆپۆزسیۆنیش بایەخی ئەوتۆی خۆیان هەیە، بەتایبەتی ڕاوەستاندنی دەستگیرکردن لەسەر بیروڕای سیاسی جیاواز، هەروەها بە دواداچوون و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کەسانەی کە تەعدا لە نووسەران و ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەکەن کە ڕەخنە لە بارودۆخەکە دەگرن، یان ئەو داخوازییانەی داوای ئازادکردنی گیراوەکانی سەر بە ئۆپۆزسیۆن دەکات، یان ئەوانەی داخوازیی دەکەن ئەندامە دەرکراوەکانی ئۆپۆزسیۆن بگێڕدرێنەوە بۆ سەرکارو وەزیفەو پیشەکانی کە لەسەری لادراون، بەڵکو لێرەدا مەبەستی سەرەکیم لەو داخوازییانەیە کە لە هەرێمدا پێوەندییان بە جەوهەری ژیانی سیاسییەوە هەیە، ئەوەش لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆدەکەمەوە:

١- دەستێوەرنەدانی حزبە دەسەڵاتدارەکان لەکاروباری ڕۆژانەی حکومەتدا. پێویستە بەرنامەکانی حکومەت بە یەکسانی و بێ جیاکاری گوزارشت لە بەرژەوەندی هەموو گەل بکەن.

٢- نەهێشتنی هەژموونگەریی حزبە دەسەڵاتدارەکان لەسەر مەسەلەی دامەزراندنی خەڵکی لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا، ئەوەش لەسەر هەموو ئاست و بوارە جیاوازەکان و هەروەها ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی دانەمەزراندنی کەسانی ناحزبی و سەربەخۆو بێلایەن، بە تایبەت لە پیشە راوێژکارییەکان و هەروەها لەناو خانەی بەڕێوبەرە گشتییەکان و بەڕێوەبەرەکاندا، هەندێ جاریش لەناو پیشە سادەو ساکارەکانیشدا.

٣- نەهێشتنی گەندەڵی لەقوچەك بەرەو بنکەی هەرەم، نەك لە خوارەوە بەرەو ناوەند و وەستان لەو ئاستەدا هەروەکو چۆن ئەم حاڵەتە بووە بەباو، پێویستە نەهێشتنی گەندەڵی لە دامودەزگاکانی میری هەرێمەوە فراوانتر بێ، حزبە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان و ئەوانەش بگرێتەوە کە حکومەت بەڕێوە دەبەن لە هەموو بوارەکانەوە.

٤- نەهێشتنی بێکاری ڕووپۆشکراو، بەتایبەت لەناو ئەوانەدا کە بەبێ ئەوەی کارو دەوامیان هەبێت مووچە وەردەگرن، یان ئەوانەی کە سێ یان چوار مووچە پێکەوە بەناحەقی وەردەگرن، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی هاوردە کردنی ڕەها و کراوە لە بازرگانیدا، چونکە هەرێم پێویستی بە سیاسەتی پەرەپێدان و داهێنان و دروستکاری و بووژانەوەی کشتوکاڵە بەشێوازێکی عەقڵانی، یان بەشێوەیەکی پێشکەوتووی وەها کە هاوکار بێت لە پێشخستن و خستنەکاری دروستانەی بودجەی گشتیدا.

٥- ئازادکردنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە هەموو جۆرە سانسۆرێکی حزبی و حکومی، هەروەها ڕاگرتنی ئەو بڕیارانەی لە دادگاکانەوە کە دەرهەق بە ڕۆژنامەنووسان بۆ سزادانیان دەردەکرێن، بە تاوانی ئەوەی کە ڕەخنەیان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمان کردووە، یان ڕەخنەیان لە دژی دامودەزگاکانی هەرێم گرتووە، بەگشتی هیچ پێویست ناکات دادگاکان کات و بڕیاری خۆیان بۆ ڕۆژنامەنووسان تەرخان بکەن.

٦- دابینکردنی خزمەتگوزارییە پێویستییەکانی دانیشتووان، بەتایبەتی خزمەتگوزاری کارەباو ئاوو گواستنەوەو تەندروستی و قوتابخانەو شانۆو شوێنەکانی دیکەی ڕۆشنبیری و کتێبخانەکان و سینەماو پیشانگە هونەرییەکان.

٧- کارکردن لەپێناوی نەهێشتنی ئەو بەربەستانەی کە ناهێڵن بە ڕۆحێکی نەرم و بابەتییەوە، خاڵە ناکۆکەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی چارەسەر بکرێن. هەروەها دوورکەوتنەوە لە ڕاگەیاندنی زبرو توندو گرژانە، هەوڵدان بۆ جووڵاندنی لیژنەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی ناوچەکانی جێناکۆکی.

٨- بەکارهێنانی شەفافییەت لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانەی لەنێوان عێراق و تورکیادا مۆرکراون، یان ئەو بەڵگەنامانەی لەنێوان لایەنەکانی عێراقیدا بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی ناوخۆ مۆر دەکرێن، تاکو لەناو بولێڵایی نهێنی دەربچن و سەرجەم گەل بتوانن بیروڕای خۆیان لە بەرامبەری پرسەکان دەرببڕن، بەتایبەت ئەو گرفتانەی کە بە بنبەست گەیشتوون و چارەسەریان پێویستە، بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆ لە بەرامبەرئەوەی لە هەرێمدا ڕوودەدات بە پلەی یەکەم و پێش هەر کەسێك دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی هەرێمەوە، دواتر سەرۆکایەتی حکومەت و ئەندام پەرلەمانەکان بەرپرسیارن، کەواتە ناکرێت بوترێت سەرۆکی هەرێم ئاگای لەم گرفتانەی ئێستا نییە، ئەوەتا بۆنی گەندەڵی دارایی لوتی هەموو عێراقییەکی پڕ کردووە.

لەو ماوانەی پێش ئێستادا سایتەکان و ڕۆژنامەکانی دەرەوەو ناوەوە زۆر لەسەر کارەکانی ریسوایی و گەندەڵی بڵاودەکەنەوە، بەتایبەت ئەو ریسواییانەی پێوەندییان بە دابەشکردنی ناداوەرانەی زەویوزاری هەرێمەوە هەیە، کە لەسەر وەزیرەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ڕاوێژکارانەو بۆ چەند جارێك زەوییان لەسەر تاپۆکراون و خەڵکانی تری موستەحەق لەبەر هەندێ هۆکاری شەخسی یان بەهۆی جیاکاری ئایینی لێی بێبەش کراون بەپێی زانیارییەکانم و بە پشتن بەستنم بەو زانیارییانەی بڵاوکراونەتەوە، ئێستا هەندێك لە بەشداربووان و تێوەگلاوانی ئەو سەرپێچی و تەجاوزاتانە لە پێگەکانی بەرپرسیارێتی دوورخراونەتەوە. بەبێ ئەوەی سزای توند لەدەرهەقیان بدرێت تاکو ببنە پەندی زەمانە بۆ ئەوانی تریش، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە ئەم سەرپێچیکارانە بدرێنە دادگاکان، بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن کە بەرپرسانی هەرێم لە نەهێشتنی گەندەڵیدا چەندە ڕاستگۆ و جیدین، بەپێچەوانەی ئەمەوە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمەڵێکی زۆر لە گەورە بەرپرسیاران لەم گەندەڵیانەدا تێوەگلابێتن، لێرەوە دەیڵێمەوە چپاندن بە گوێی بەرپرسیاران و ئەو مەسیجانەی کە بۆیان دەچێت یان ئەو ڕەخنە ناڕاستەوخۆیانەی کە لە زاری هەندێکەوە دەکەوێتەوە، بەتەنیا بۆ وەدیهێنانی چاکسازییە زەروورییەکانی هەرێم بەس نییە، زۆر مەسیج تریش ئاڕاستەی گەورە بەرپرسانی هەرێم کراون چ بۆ سەرۆکایەتی یان بۆ حکومەت، بەڵام بەبێ سوود ماونەتەوە، کارەکان لە هەرێمدا لەو بوارەدا بەبێ سزادانی

**نەهێشتنی بێکاری ڕووپۆشکراو، بەتایبەت لەناو ئەوانەدا کە بەبێ ئەوەی کارو دەوامیان هەبێت مووچە وەردەگرن**

**هەندێك لە بەشداربووان و تێوەگلاوانی ئەو سەرپێچی و تەجاوزاتانە لە پێگەکانی بەرپرسیارێتی دوورخراونەتەوە. بەبێ ئەوەی سزای توند لەدەرهەقیان بدرێت تاکو ببنە پەندی زەمانە بۆ ئەوانی تریش**

تونـدی تێوەگلاوان لە شـوێنی خۆیان دەسـوڕێنەوە، پیشەسازی لە هەرێمدا بزرە، تەنیا بازرگانی کردن پەرەی سـەندووە، کە ئەمەش واتا بە هەدەردانی پارەی هەرێم لەو لایەنانەوە کە خزمەت بە پێشـکەوتن و پەرەسەندنی بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناگەیەنێت، و نابێتە هۆی نەهێشتنی بێکاری و بێکاری رووپۆشکراو، ڕاستە کە دروستکردنی تۆڕی ڕێگاوبان و پردەکان لە هەرێمدا پێویستیەکی ستراتیژین، هەروەها دروستکردنی خانووی نیشتەجێبوون و بازاڕی هاوچەرخ پێویستن، گۆڕەپان و پارکەکانیش نەك تەنیا پێویسـتن بەڵکو بۆ حەوانەوەی هاووڵاتیانیش سوودبەخشـن، بەڵام ئەمە تەنیا دیوێکی دراوەکەیـە، دیوەکەی تری کە گرنگتـرە، پەرەپێدانی بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتییە، هەرێمی کوردستان بە کۆمەڵێ وڵاتی نادۆسـتەوە دەورە دراوە، نەك چاویان بەرایـی نایەت بەڵکو بە پیلانـەوە دژایەتی ئەزموونی کوردستانیش دەکەن، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمانەش تەنیا بە پەرەپێدانی ستراتیژی ئاسایشی خۆراك و پیشەسازی ناوخۆوە دەکرێت، کە پشـت دەبەسـتێت بە سەرچاوەی خۆڕسك و بەکەرەستەی خاو و توانای ناوخۆیی.

ئابووری کوردستان هەروەك ئابووری عێراق ئابوورییەکی نابەرهەمهێن و بەکاربەرەو ئەوەی کە سوود لەم ئابوورییە وەردەگرێت نە میللەتە، نە توێژ و چینەکانی جووتیاران و بەرهەمهێنەرە بچکۆلەکان و بۆرژوازییە بچکۆلەکانە، نە ڕۆشنبیران و خوێندکارانە، بەڵکو تەنیا سوودمەندێك کۆمپانیا بازرگانییـە بێگانەکانن، کە گەمە بە هێنان و بردنی کەرەسـەکانەوە دەکەن لەنـاو هەرێمدا، دوای ئەوانیش کۆمپانیا بازرگانییە ناوخۆییەکان کە کۆنتاکتی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ کۆمپانیا بێگانەکاندا هەیە، بە بێ بوونی چاودێـری لەگەڵ ئەواندا گەندەڵ بوون، کەواتە بەم شێوەیە ناتوانرێت سـەرمایە لە هەرێمدا بپارێزرێت، ئەوەش زیانێکی گەورەیە بۆ سامانی نیشتمانی.

گرفتی عێراق و هەرێمی کوردستان جەخت کردنەوەیانە لەسەر سیاسەتێك کە وەکو زانست و هونەر و بەڕێوەبردنی زانسـتییانە پیادە ناکرێت، هەروەها نزیـك نابێتەوە لە مەعریفە و ڕۆشنبیری، بەڵکو سیاسەتمەداران لەم خاڵانە دووردەکەونەوە، بەو شێوەیە هەڵەی گەورە ئەنجام دەدەن و بە سلبی دژ بە بەرژەوەندی گەل و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیری دەوەسـتنەوە. بۆیە دەڵێم چرپە چرپ سوودی نییە بەڵکو بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایەتی لە پێناوی سیاسـەتێکی نوێـدا زەرورەتەو هەروەها لە پێناوی چاکسـازییەکی ڕیشـەیی لە سەر ئاستی هەرێم و عێراق، ئەوەی پێویستە لەسەر سەرۆکی هەرێم و سـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و ئەنجومەنی نوێنەران و حزبە دەستڕۆیشـتووەکان ئەوەیە کە ئـاگاداری ئەوە بـن میللەت چـی دەوێت، هیچ چارەسـەرێك بەبێ گەڕانەوە بۆ میللەت دانەنێن بەڵکو بەبەردەوامی گوێ لە بیروڕاو پێداویسـتیەکانیان بگرن و نارەزایەتییەکانیـان بە هەند وەربگرن. بێدەنگ بوونی گەل بۆ ماوەیەکی درێژ واناگەیەنێت کە بەو بارودۆخەی ئێستا ڕازییە، چونکە لە بێدەنگیدا سامناکی و مەترسی تەقینەوەیەکـی کتوپڕ خۆی مەڵاس داوە، ئومێد دەکەم بەرپرسانی هەرێم لە هەولێر هەروەها بەرپرسی حکومەتی ناوەندیش لە بەغداوە سیاسـەتی باوو سواوی ئێستایان بگۆڕن، بە وردی گـوێ لە داخوازییەکانی گەنجان و جەماوەر بگرن، نەك تەنیا خۆیان و کاتیان لە گوێگرتن بۆ حزبە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکان تەرخان بکەن، چونکە ڕای گەل بەرفراوانتر و قووڵتر و گوزارشتکارترە لەچاو ڕای حزبە ئۆپۆزسـیۆنەکان و حزبەکانی دەسـەڵاتدار. ڕووبەڕووبونـەوەی دوژمنایەتی دەرەکیش لەناو عێراقەوە پێویسـتی بە کۆمەڵێك بڕیار و کاروباری بنەڕەتییە کە لەم چەند خاڵەدا لێرەدا کۆی دەکەمەوە.

ئومێد دەکەم بەرپرسانی هەرێم لە هەولێر هەروەها بەرپرسی حکومەتی ناوەندیش لە بەغداوە سیاسەتی باوو سواوی ئێستایان بگۆڕن. بە وردی گوێ لە داخوازییەکانی گەنجان و جەماوەر بگرن. نەك تەنیا خۆیان و کاتیان لە گوێگرتن بۆ حزبە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکان تەرخان بکەن

١- زەرورەتـی گوێراگرتنی بەرپرسـان بۆ ڕەخنەی بونیادنەرانـە کەلەلایـەن گەلەوە ئاراسـتەیان دەکرێن و هەروەهـا ئەوانەشـی کـە لەلایـەن نووسـەران و ڕۆژنامەنووسان و سیاسـەتمەدارانەوە ئاراستە دەکرێن، سوودلێوەرگرتنیان لە پێناوی چاکسازی ڕاستەقینە بۆ بارودۆخی کوردستانی عێراق، ڕەتکردنەوەی گوێگرتن و ڕەتکردنەوەی ڕەخنـە بەبیانووی ئەوەی گوایە دوژمنان بەخراپ سـوودیان لێوەردەگرن لەبەرامبەر پێداویسـتی فیعلی ڕەخنەو چاکسازیدا خۆی ڕاناگرێت.

٢- یەکگرتنـی گەل لـە ڕێگـەی وەڵامدانەوەی بەرپرسیارانەی داخوازییە بنەڕەتییەکانیەوە دێت، ئەویش بـە کارکردن و نەهێشـتنی بێکاری و دروسـتکردنی پەرەپێدانـی ڕاسـتەقینە و نەهێشـتنی هـەژاری و کەمکردنـەوەی کەلێنی بەرینی نێـوان دەوڵەمەندان و هەژاران لە کۆمەڵگەی کوردستاندا.

٣- بایەخدانێکی بەرفـراوان بەگەنجان و ئافرەتان و پاراسـتنی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی هاووڵاتی بوونی ئازاد و یەکسان، دوور لە ڕۆحی حزبایەتی تەسك و هەژموونی حزبایەتی.

٤- بایەخـدان بەچارەسـەرە سیاسـییەکان، دوور لە چارەسەرە ئاسایشـییەکان لە بەرامبەر چارەسەرکردنی بزاڤی نارەزایەتی دەربڕینی گەنجانە و میللیدا.

٥- خەباتکردن لە پێناوی بەدیموکراتی کردنی عێراق و بەدیموکراتی کردنی هەرێمی کوردستانیش کە پێویستە هاو ئاسـت بن، برایانمان لە هاوپەیمانی پێویسـتە لە هەموو کاتێك زیاتر درك بە بایەخ و گرنگیدانی یەکێتی و یەکگرتنی هێـزە دیموکراتییەکانی عێراق بکەن، ئەو هێزانەی کە ئێسـتا ئـاڵای نارەزایـی دەربڕینیان لە دژی دوژمنکارییەکانـی ئێران و تورکیا بەرزکردۆتەوە، لەکاتێکدا نە هێزە ئیسـلامییە سیاسـییەکانی عێراق و نە حکومەتی عێراقیش هیچ هەڵوێستێکی نیشتمانییان بۆ ئەو هێرشانەی سـوپاکانی دەروبەر نەنواندووە، وەك ئەوەی وڵات هیچ جۆرە دوژمنایەتییەکی لەسەر نەبێ و هیچ یەك لە ئەندامەکانی بەهۆی دوژمنایەتی سەربازی بەردەوامـی ئەو دوو دەوڵەتەی دراوسـێوە نەکوژرابن و بریـندار نەبووبن و دەربەدەر نەکرابن، گوێی خۆیان کەڕ کردووە وەك ئەوەی هیچ پیلانێکی فرە جەمسەر لە دژی هەرێمی کوردسـتان و لە دژی عێـراق ئامادە نەکرابێ و جێبەجـێ نەکرابـێ. چ لە لایەن ئەوانـەی دەرکیان بەم سـامناکییە کردووە یان ئەوانـەی هەرگیز درکی پێناکەن.




نزار جەنابی بۆ گوڵان:

# ئەگەر هەر لایەنێک لە لایەنە سیاسییەکانی عێراق ئامادەنەبێت لەچوارچێوەی دەستووردا کاربکات دەبێت ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی بکرێتەوە

**نزار جەنابی کە ئێستا تۆژەرە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك، یەکێك بووە لەو ئەفسەرانەی سوپای عێراق کە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، سوپای بەجێهێشووە و ڕووی کردۆتە هەندەران و دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق گەڕاوەتەوە وڵات و لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٦ بەڕێوەبەری گشی سیاسەتی بەرگری و پێداویستی سەربازی بووە لە وەزارەتی بەرگری عێراق، لە بواری توێژینەوەو تایبەتمەندیشی کە ئێستا لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك کاری لەسەر دەکات، جەنابی تایبەتمەندە لەسەر کاروباری ئاسایشی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی ناوچەکە، بۆ قسەکردن لەسەر باری ئاسایش و سەقامگیری عێراق و پرسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقدا، پێوەندیمان بە نزار جەنابی-ەوە کردو بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** ئێستا قسەو باسی سەرەکی لەعێراق مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە، وادیارە ئەمریکا لەکاتی خۆی هێزەکانی دەکشێنێتەوە، ئایا کشانەوەی ئەم هێزانە تاچەند مەترسی لەسەر ئاسایش و سەقامگیری عێراق دروست دەکات؟**

- ئەوە تەواو ڕاستە کە پێویست بە مانەوەی بەشێك لە هێزەکانی ئەمریکا دەکات لە عێراقدا بۆ پشتیوانیکردن لە ڕاهێنان و فێرکردنی هێزە ئەمنیەکانی عێراق، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی هێزە ئەمنیەکانی عێراق توانای پێویستیان نییە بۆ پاراستنی وڵاتەکە، بەڵکو بۆ ڕاهێنانی سەربازە عێراقیەکان بۆ بەکارهێنانی ئەو کەرستانەی کە تەکنۆلۆژیایەکی بەرزیان هەیە، کە عێراق کڕیونی یاخود لەسەروبەندی کڕینیاندایە لە ئەمریکا، نموونەیەکی دیار لەم ڕووەوە بریتییە لە فڕۆکەی f16. تانکی ئەبرامز، بەلەمی دوریاتی دەریاوانی و...تاد.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕاستیەش هەیە کە زۆربەی سیاسییەکانی عێراق بەرنامەیەکی ڕاستیان هەیە و تا ئەمڕۆش چوارچێوەی خیتابیان بۆ ڕای گشتی بریتییە لە سەروەری، کە بۆتەهۆی ئەوەی بە بنبەست بگەن شکاندنی ئەمە پێویستی بە بوێرییەکی سیاسی گەورە هەیە کە من گومان لە بوونی ئەم بوێرییە دەکەم. ئەنجامە کۆتاییەکەش بریتییە لە ئامادەیی بۆ سەرکێشیکردنێکی گەورە بە ئاییندەی وڵاتەکەوە لەبری ئیعیترافکردن بە بێتوانایی هێزە ئەمنیەکان، ئەگەرچی سەرۆکی ئەرکان هاتەپێشەوە و ئامادەبوو ڕووبەڕووی گلەیی بێتەوە کاتێك بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە هێزە ئەمنیەکانی عێراق ناتوانن بەرپرسیارێتی تەواوی ئەمنیەتی وڵاتەکە تاوەکو 2020 لە ئەستۆ بگرن.

*** لەم بارودۆخەدا کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق موزایەدەی سیاسیی بەسەر یەکدا دەکەن سەبارەت بەمانەوە یان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع پرۆسەی سیاسی تووشی شەلەل بووە تەنانەت ناتوانن هەیکەلی حکومەتەکەش تەواو بکەن، ئایا لەنێوان ئەم دووجیاوازییە تۆ ڕات چییە؟**

- چەمکی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان گرنگیەکی تەواوی هەیە بۆ باش بەڕێوەچوونی دیموکراسی، بە داخەوە ئێمە هێشتا لە هەوڵی تێگەیشتن لەو چەمکەداین و مەیلی هەوڵدان بۆ باڵادەستبوون بەسەر ئەو سێ پایەیەی دەوڵەتدا زۆر ڕوون و ئاشکرایە. بوونی ئەم ئاڕاستەی کارکردنە وایکردووە وڵاتەکەمان بە دەست نەبوونی خزمەتگوزاری و ئەمنیەتەوە بناڵێنێت و بەردەوام ئابووریەکی لاوازی دەبێت و لە کاروانی جیهانی مۆدێرن دوا دەکەوێت. دەبێت سەرکردەکانمان لەو ڕاستیە تێبگەن کە حکومڕانیکردنی وڵات بەهۆی ئایدۆلۆژیایەکی پێشتر دیاری کراوەوە تەنیا لەپێناو جێبەجێکردنیی ئەجێندایەکی ئایدۆلۆژیدا بە هیچ



**تەنیا سەرۆك ئەركان ئەو بوێریەی تێدا بوو كە بە ئاشكرا ڕایگەیاند هێزە ئەمنیەكانی عێراق ناتوانن بەرپرسیارەتی تەواوی ئەمنیەتی وڵاتەكە تاوەكو ٢٠٢٠ لە ئەستۆ بگرن**

شوێنێكمان ناگەیەنێت و لە كۆتاییدا خەڵك دەنگ دژی ئایدۆلۆژیاكـــە لەپێناوی بەرەوپێشـــچووندا دەدەن. كەواتە تاوەكو درك بەم ڕاســـتیە نەكرێت، چ لەلایەن سەركردایەتی سیاسی یان لەلایەن خەڵكەوە، گرنگ نییە كامیان پێـــش كامیان بكەوێت، ئەوا عێراق وەك وڵاتێكی ناسەقاگیر دەمێنێتەوە.

*** بەڵام ئێســـتا حاڵەتـــی بێمتمانەیی لەنێوان پێكهاتە سیاسییەكانی عێراقدا، گەیشتۆتە حاڵەتی بنبەست و مەترسی ئەوە هەیە كە سەرۆك وەزیرانی عێـــراق زیاتر بەرەو تاكڕەوی هەنـــگاو بنێت، ئایا پێتوایە ئەم نیگەرانیە لەجێگەی خۆیدایەتی؟**

- پێدەچێت نیگەرانیەكـــی زۆر هەبێت لەلایەن هەموو لایەنە سیاســـییەكانەوە لەبـــارەی مەیلی مالیكەوە-بەدڵنیاییەوە جگە لە لیســـتی دەوڵەتی یاســـا-بەڕای من ئەو نیگەرانیـــە، نیگەرانیەكی ڕەوایـــە و دەبێـــت لەلایـــەن ســـەرۆك وەزیرانەوە چارەســـەربكرێت بۆ ئەوەی شەریكە سیاسییەكانی دڵنیا بكاتەوە بەوەی ئامادەی پابەندبوون بە یاسا و پاراستنی دەستوورە كە تێكڕای پرۆسە سیاسییەكە و ئاییندەی عێراقی لەسەر وەستاوە. بە پێچەوانەوە، كردەوەكانی دەبێتەهـــۆی بونیادنانی زۆرینەیەكی گـــەورە لە پەرلەمانـــدا كە بەس بێـــت بۆ ئەوەی متمانەی لێوەر گرنەوە.

*** ئێســـتا لەنێـــوان كـــورد و حكومەتی بەغدا كۆمەڵێك كێشە هەن، لەهەموویان گرنگتر كێشەی ناوچە دابڕێنراوەكانە، چاودێران پێیانوایە ئەم كێشانە بەرەو ئاڵۆزی دەچێت، ئایا ئەگەر كێشەكە ئاڵۆز بێت تاچەند مەترسی شەڕی ناوخۆ سەرهەڵدەداتەوە؟**

- ئەمـــە یەكێكە لە نیگەرانیە ســـەرەكیەكانی زۆرێك لە شـــیكەرەوە سیاســـییەكان و چاودێرانی ڕەوشـــی عێراق، ئەمە هەڕەشەیەكی ڕاستەقینە و دەستبەجێیە، كە دەبێت بە حیكمەتەوە هەڵسوكەوتی لەگەڵـــدا بكەیـــن لـــە چوارچێوەی دەســـتووردا چارەسەری بكەین كە یاسای پیادەكراوە لە عێراقدا، هەر لایەنێك ئامادەنەبێت لە چوارچێوەی دەستووردا كاربكات، دەبێت ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی بكرێتەوە. لەوەش زیاتـــر، باس لە پێویســـتی هەمواركردنی دەســـتووری دەكرێ بۆ ڕاماڵینی هەندێ تەمومژ لەبارەی مادەگەلێكی دەستووری دیاریكراوەوە. بۆ چارەسەركردنی ئەو مەسەلەیە، ئەو پارتەی پێیوایە پێویست بە هەمواركردنی دەستووری دەكات هەموو مافێكی هەیە بۆ پێشنیاركردنی ئەو هەمواركردنانە و ئەگـــەر لە ڕاپرســـیدا پەســـەندكران، ئـــەوا با هەمواربكرێـــن، لە هەمان كاتـــدا دەبێت هەمووان لە چوارچێوەی دەســـتووری ئێستادا كاربكەن نەك بەپێی ئەوەی خۆیان خوازیارین.

*** ئایـــا تاچەند ئەم بارە ئاڵۆزەی عێراق زەمینە دەڕەخســـێنێت بۆ ئەوەی دەستێوەردانی ئیقلیمی لە عێراقدا زیاد بێت، یان وەك ئێستا دەوڵەتانی دراوسێ دەستدرێژی بكەنە سەر سەروەریی عێراق؟**

- ئەمە یەكێكی دیكـــە لە نموونەكانی لاوازی عێراق، پێموانییە بوونـــی ئەمریكا یارمەتیدەر بێت لە چارەسەركردنی ئەم كێشـــانە، لەبەر ئەوەی ئەم دەستدرێژیانە لەكاتی بوونی ئەمریكا لە وڵاتەكەدا ڕوودەدەن و دوای جێهێشـــتنی ئەمریكاش بەردەوام دەبێت. تاكە ڕێگا بۆ وەستاندنی ئەم دەستدرێژیانە بریتییـــە لـــە بونیادنانـــی توانایەكـــی عێراقی ڕاســـتەقینە بـــۆ بەرپەرچدانەوە، كـــە ببێتەهۆی ئەوەی دەســـتدرێژیكاران دووجار بیر بكەنەوە پێش

**نیگەرانیەكەی لایەنە سیاسییەكان لەبارەی مەیلی مالیكەوە نیگەرانیەكی ڕەوایە و دەبێت سەرۆك وەزیران خۆی چارەسەری بكات**

**ئەگەر عێراق بەردەوام بێت لە گرتنەبەری ڕێگای ناعەدالەتی كۆمەڵایەتی و حكومەتێكی لاواز، ئەوا ئەگەرەكانی لەبەریەكهەڵوەشانە بەشێوەیەكی دراماتیكی زیاد دەكات**

ئەوەی گورز لە گوندنشـــینە عێراقیـــەكان بدەن. لـــە هەمان كاتـــدا حكومەتی عێراقـــی دەتوانێت فشـــارە ئابوورییەكان بەكاربهێنێت لە هەوڵدانیدا بۆ كاریگەربوون لەسەر هاوسەنگیی ستراتیجی، لەبەر ئەوەی توركیا و ئێران گەورەترین شەریكی بازرگانی عێراقن. دەكرێت ئەمە ســـەپاندنی باج بەســـەر ئەو كاڵا و خزمەتگوزاریانـــە لەخۆبگرێت كە لەم دوو وڵاتەوە هاوردە دەكرێن و چەندین ڕێوشوێنی دیكە كە دەكرێت بەشێك بن لە موقاتەعەی ئەو كاڵایانەی لەم دوو وڵاتەوە هاوردە دەكرێن یان دروســـت دەكرێن لەلایەن خەڵكەوە، بردنی كێشەكە بۆ دادگای ڕای گشـــتی نێودەوڵەتی لەڕێی هەڵمەتی دەزگاكانی ڕاگەیاندن و ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكانەوە.

*** زۆر لە پســـپۆڕان مەزندەی دووبارەبوونەوەی ناسەقامگیری لەعێراقدا دەكەن و پێیانوایە لەوانەیە عێـــراق دووچاری شـــەڕێكی ناوخۆیی مەزهەبی بێتەوە، ئایا تاچەند ئەم مەترســـیانە هەڕەشە لەسەر ئاییندەی یەكپارچەیی عێراق دەكەن؟**

ئەمـــە دەوەستێتەســـەر چەنـــد هۆكارێكـــی كۆمەڵایەتی، جیوپۆلەتیكی و ئابووری. بەپێی ئەو ڕەوشەی ئێستا لە ئارادایە، ئەوا لەبەریەكهەڵوەشانێكی سەرتاســـەری ئەگەرێكی دوورە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر عێراق بەردەوام بێت لە گرتنەبەری ڕێگای ناعەدالەتـــی كۆمەڵایەتـــی و حكومەتێكی لاواز كە ڕای گشـــتیش هیچ خیتابێكیـــان نەبێت، ئەوا ئەگەرەكانـــی ڕوودانی ئەم لەبەریەكهەڵوەشـــانە بەشێوەیەكی دراماتیكی زیاد دەكات.



(ئاسۆس نەجیب) وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لە دیمانەیەکی گۆڤاری (گوڵان)دا باسی لە گرفت و کێشەکانی بێکاران و کەمئەندامان و ڕێکخستنی چاودێری خێزان و منداڵانی نەخۆشی کردو بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەش بەرنامەو کاری وەزارەتەکەیانی خستەڕوو، ئەوەشی ڕوونکردەوە کە پێویستە حکومەت خۆی سیاسەتێکی بەکارخستنی شەفافی هەبێت، نیگەرانیش بوو لەوەی لە پرۆژەی قەرزی بچووکدا بەکەمی ئافرەتان لێی سوودمەند بوونە، سەبارەت بەبوارەکانی دامەزراندنی کەمئەندامان و زیاتر گرنگیدان بەم توێژەو، هەروەها دەربارەی دیاردەی ژن کوشتن و چاکسازی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنەوەی توێژەرە کۆمەڵایەتیەکان و ڕێکخستنەوەی سەنتەرو پەیمانگاو دایەنگەکان و چەند بابەتێکی تری کۆمەڵایەتی باس کرد، ئەمەی خوارەوە پوختەی دیمانەکەی گۆڤاری گوڵانە کە بەڕێزیان بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە..

ئاسۆس نەجیب وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ (گوڵان):

# لەگەڵ دیاریکردنی بڕە داهاتی پێویست دەست دەکەین بە بەخشینی بیمەی بێکاری

*** لەگەڵ زیادبوونی بێکاری و ژمارەی ئەوانەی پێویستیان بەچاودێری هەیە، بەتایبەتی لە کەمئەندامان و پەککەوتووانی منداڵ و بێوەژن و چەندین توێژی تری ناوکۆمەڵگا، ئایا پێت وا نییە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، پێویستی بە ماستەرپلانێك هەیە تاوەکو بتوانێت ڕووبەڕووی کێشەو گرفتەکان ببێتەوە؟**

- بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە و گرفتەکان کۆمەڵێك پرۆژەو پلانمان هەیە، زۆربەی ئەو پرۆژانەی کە دایدەڕێژین، پلانی درێژخایەنن، بۆ نموونە قەرزی بچووك، کە بە ماوەی ٥ ساڵ قەرزەکە دەدرێتەوەو ڕۆژانەش پرۆسەی قەرزپێدانەکە بەردەوامە، ئەنجامی ئەم قەرزەش پاش دوو یان سێ ساڵی تر دەیبینین، ئەم قەرزە هۆکارێکە بۆ ئەوەی گەنجەکانمان فێری جۆرەها پیشە ببن و قازانج بکەن، هۆکارێکە بۆ کەمبوونەوەی بێکاری، بەمەش چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی کە لەناو خێزانەکان و ئەندامانی کۆمەڵگادا هەیە چارەسەر دەبێت، هاوکات ئەم جۆرە قەرزانە دەبنە هۆکاری ئەوەی کە ئاستی ئابووری کوردستان بەرزببێتەوە.

*** بەو پێیەی وەزارەتی کار تاردایەکی زۆر پەیوەنداره بە دۆزینەوەی هەلی (کار) بۆ خەڵکی، ئایا وەزارەتەکەتان داتاو ئاماری پێویستی لەبەردەستدایە بۆ کارکردن؟**

- بەپێی ئەو ڕووپێوەی کە وەزارەتی پلاندانان لە ڕێگای ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) کە لە ساڵی ٢٠٠٧ لەبارەی بێکاری لە کوردستان ئەنجامیداوە، ئەوە ڕێژەی بێکاری لە (٪١٤) بووە، ئێستاش داوامان لە هەمان ڕێکخراو کردووە کە هاوکاریمان بکات، بۆ ئەوەی ڕووپێوێکی تازە لەسەر ڕێژەی بێکاری بکەین، گەرچی ئێمە چاوەڕێی ئەم ڕووپێوە ناکەین، بەڵکو لە ڕێگای ئەو پرۆژانەی دەستمان پێکردووەو ئێستا لە بواری جێبەجێکردندان هەوڵدراوە بێکاری کەم ببێتەوە، لێرەدا چەند پرۆژەیەك بە نموونە ئاماژە پێدەدەین وەکو قەرزی بچووك، هەروەها چەندین خولی پیشەیی کە لە سەرەتای ساڵەوە لە بنکەی مەشقی

---

**بێکاری لەکوردستاندا هەیەو بۆ چارەسەرکردنیشی کەموکوڕی هەیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پلان. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش تا ئێستاکە سیاسەتی بەکارخستنی نییە**

---

## لە كاتی پەسندكردنی پڕۆژەی قەرزی بچووك هیچ بودجەیەك بۆ هەیكەلی بەڕێوەبردنی ئەو سندوقە تەرخان نەكرابوو

پیشەیی دەستمان پێكردووەو ژمارەیەكی زۆر لە هەردوو ڕەگەز لە كوڕان و كچان لە خولەكاندا بەشداربووینەو ژمارەیەكی باش لەوانە خولەكانیان تەواو كردووەو بڕوانامەیان پێ بەخشراوەو ئێستاكەش لە بنكەی مەشقی پیشەیی ناو نووسین بەردەوامە، ئەم خولانە هۆكارێكن بۆ دەستكەوتنی هەلی كار لە بازاڕدا و چەند پڕۆژەیەكی تر دەخاتە سەر ڕێ، سەرەڕای ئەم پڕۆژانە هەستمان پێكردووە كەموكوڕی هەیەو بێكاری ڕێژەیەكی دیارە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پلان، حكومەتی هەرێمی كوردستانیش تا ئێستاكە سیاسەتی بەكارخستنی نییە، لەبەر ئەوەی هەموو وەزارەتێك بەپێی ئەو بەرنامەو بودجەیەی هەیەتی كۆمەڵێك پڕۆژەی جێبەجێكردووە، واتە هەلی كار تا ڕادەیەكی باش هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت حكومەت خۆی سیاسەتێكی بەكارخستنی ڕوون و ئاشكرای بۆ خەڵكەكە هەبێت. ئەوانەی ئێستا سیاسەتەكەمان بۆ دادەڕێژن كۆمەڵێك پسپۆڕن و زۆربەیان دكتۆرایان هەیەو مامۆستای زانكۆكانی كوردستانن و پسپۆڕایەتی و شارەزاییان لە ئابووری ئامارو... تاد هەیە. ماستەرپلانێكی وردو تێروتەسەل و ڕوون و ئاشكراو زانستی نەك بۆ ئێمە، بەڵكو بۆ هەموو وەزارەتەكان و حكومەتی هەرێمی كوردستان پێویستەو لەو كاتەیدا ماستەر پلانەكە لە لایەن حكومەتەوە پەسندكرا، ئەوە دەبێت هەموو لایەك لەلایەن هەموو وەزارەتەكان و حكومەتەوە پابەندی بین و بە بەرنامەو پلانی كارەوە بنەماو ڕێنماییەكانی ماستەر پلانەكە بۆ گەشەكردن و بەرەوپێشەوەچوونی كوردستان و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی كێشەكان جێبەجێ بكرێت.

بۆیە بەپێی ئەو سیاسەتەی هەیە دەبێ ئێمە وەكو وەزارەت پڕۆگرام و كەلوپەل و ئەو پێداویستیانەی لە ناو بنكەكانی مەشقی پیشەیی هەن بگۆڕین و بەرنامە و پلانمان هەبێت بۆ كڕینەوە و دابینكردنەوەی سەرلەنوێی پڕۆگرام، هەروەها كەلوپەلی سەردەمیانەو زانستییانە و پێشكەوتوو بۆ بنكەكانی مەشقی پیشەیی، هاوكات پێویستە لە بنكەكان بەشی تر بكرێنەوەو ئێستاش كارمان بۆ ئەوە كردووە كە بەشی گەشتوگوزار بكەینەوە، بۆ ئەوەی كارمەندو خەڵكی شارەزا بۆ كەرتی گەشتیاری ئامادە بكرێن، چونكە ئێمە ئەمڕۆش نەبێت لە ئایندەیەكی زۆر نزیكدا دەبینە وڵاتێكی گەشتیاریی دیارو بەهەرمێن لە دنیادا. بۆیە دەبێت خەڵكی شارەزاو تایبەتمەندمان لەم بوارەدا هەبێت، هەروەها تێگەیشتنێك لە لای ئێمە هەیە گوایە دەبێت تەنیا وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی هەلی كار بۆ بێكاران بدۆزێتەوە، بێگومان ئەمە تێگەیشتنێكی هەڵەیە، ئەمەم لە پەرلەمان باسكردو هیچ وەزارەتێك بە تەنیا ناتوانێ هەلی كار بدۆزێتەوە، بەڵكو دەبێت و پێویستە ئێمە بە پێی ئەو كارو پڕۆژانەی هەمانە بەرنامەو پلانمان بۆ دۆزینەوەی

## دەبێ وەكو وەزارەت پڕۆگرام و كەلوپەل و ئەو پێداویستیانەی لە ناو بنكەكانی مەشقی پیشەیی هەن بگۆڕین و بەرنامە و پلانمان هەبێت بۆ كڕینەوە و دابینكردنەوەی سەرلەنوێی پڕۆگرام و كەلوپەلی سەردەمیانە

هەلی كار هەبێت، هاوكات دەبێت وەزارەتی كار ڕێكخستنی هەلی كاریش بگرێتە ئەستۆ.

*** لە ئەنجامی نەبوونی پلانی ستراتیژی و سیاسەت و فەلسەفەی ئابوریی لەم وڵاتەدا؛ چۆن دەتوانن ئەو بەرنامەو پلانانەی كە هەتانە بۆ دۆزینە و ڕێكخستنی هەلی كار سەركەوتووبن؟**

- هەوڵمانداوە لە ڕێگەی ئەو پڕۆژانەی كە جێبەجێی دەكەین هەلی كار بۆ بێكاران بدۆزینەوە، ئێمە پێش ئەوەی سیاسەتەكەش دابڕێژرێت و پەسند بكرێت ئەوە بە هاوكاری ئەو شارەزایانەی لەگەڵمانن دەستمان بە ئیش و كارەكان كردووەو ڕاوێژمان كردووە بەشارەزایانی تریش كە لەم ڕووەوە چی بكرێت بۆ ئەوەی هەلی كار بۆ گەنجان و بێكاران بدۆزینەوە؟ لە ئەنجامی ئەو كارو هەوڵانەدا توانیومانە كۆمەڵێك پڕۆژە بخەینەڕوو تا

## منیش لەگەڵ ئەوەدام زیاتر هەوڵ بدەین و هەڵمەتەكانی ڕۆشنبیری و هۆشیاری فراوانتر بكرێت

ئێستاكە ئەو پڕۆژانە سەركەوتنی باشیان بەدەستهێناوە، لە پڕۆژەكاندا كەموكوڕی زۆر هەیە، بۆ نموونە لە پڕۆژەی قەرزی بچووك زەمینەسازی بۆ نەكرابوو، كارمەند لەسەر كاركردنی مامەڵەكان ڕاهێنانیان بۆ نەكرا بوو، هەڵەیەكی گەورەش ئەوە بوو كە لە كاتی پەسندكردنی پڕۆژەكە هیچ بودجەیەك بۆ هەیكەلی بەڕێوەبردنی ئەو سندوقە تەرخان نەكرابوو، لەبەر نەبوونی كەمی كارمەندی ڕاهێنراو و ئۆتۆمبێل، ناتوانین ڕۆژانە سەردانی پڕۆژەو بنكەكان بكەین. سەرەڕای ئەوەش دەستكراوە بە جێبەجێكردنی پڕۆژەكەو سەركەوتووشە، هەر بۆیە ڕۆژانە كۆمەڵێك گەنج چەكی قەرزەكە وەردەگرن و چەندین گەنجیش لەسەر پڕۆژەكە دەستیان بەكاركردن كردووە.

*** تۆڕی پاراستنی كۆمەڵایەتی و پڕۆژەی قەرزی بچووك تا چەند توانیوێتی گەنج لە بێكاری دەرباز بكات، ئایا ژمارەی ئەو ئافرەتانەی لەو قەرزە سوودمەند بوون چەندن؟ پێت وا نییە مەرجەكان قورس بوون، بۆیە كەمترین ئافرەت سوودمەند بوون لێی؟**

- تا ئێستا لەم پڕۆژەیەدا ئافرەتان زۆر كەم هاتوونەتە پێشەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دابونەریت، كە لە هەندێ وڵات یا شوێندا خێزان و كۆمەڵگاكە ڕێگا نادەن كە ئافرەت بێتە ناو بازاڕو لە هەموو جۆرە پیشەیەك كار بكات. بەڵام لێرەوە دەڵێم ئافرەتانی ئێمە دەتوانن سوود لەم قەرزە بچووكە وەربگرن بەبێ ئەوەی بێنە ناو بازاڕەوە، بەڵكو دەتوانن لە ناو ماڵەكانی خۆیان دوكان دابنێن، لە كاتی داواكردنی پڕۆژەی قەرزی بچووكدا لە لایەن هەر كەسێكەوە بێت لیژنەی پسپۆڕو جەدوای ئابوریمان هەیە پڕۆژەكەو وردەكاری پڕۆژەكە تاوتوێ دەكەن، ئەگەر بزانن ئەو كەسە لە پڕۆژەكە سەركەوتوو نابێت ئەوە لیژنەكان پێی دەڵێن لەم پڕۆژەیە سەركەوتن بەدەست ناهێنێت و برۆ پڕۆژەیەكی تر بێنە، چونكە لە ناو جەدواكەی پڕۆژەكەدا

وردەكاری تێدایـــە بۆ ئەوەی بزانێت كە دەتوانێت لە ناو بازاڕدا كێبڕكێ و ململانێ بكات ( بۆ نموونە ئەگەر گەنجێك بیەوێت لە بازاڕێكدا سەرتاشـــخانەیەك دابنێت و لەگەڵ سەرتاشخانەكانی تری بازاڕەكەدا نەتوانێـــت كێبڕكێ بكات ئەوە پێی دەڵێین كە جـــۆری پڕۆژەكەی بگۆڕێت)، ئەگەر پێویســـتی بە هاوكاری و یارمەتی هەبێت ئـــەوە ڕێنمایـــی دەكەین، پێویســـتی بە ڕاهێنان هەبێت ئەوە بەشـــداری خولی پێ دەكەیـــن، واتە ئێمە لەگەڵ ئەو كەســـەین تـــا دەتوانێـــت پڕۆژەیـــەك هەڵبژێرێت و ســـەركەوتوو بێت، پێدانی قەرزی بچووك بە چەند فلتەرێكدا تێپەڕدەبێت، بۆئەوەی پڕۆژەكە ســـەركەوتنی مســـۆگەر بێت و كەســـی داواكار زەرەرمەند نەبێت، بەڵكو بگاتە مەبەســـتە ڕاستەقینەكەی ئێمە لەم پڕۆژەیـــەدا، دۆزینەوەی هەلی كار و بوون بە خاوەن پیشەیەك و قازانجكردنە.

**ئافرەتانی ئێمە دەتوانن سوود لەم قەرزە بچووكە وەربگرن بەبێ ئەوەی بێنە ناو بازاڕەوە. بەڵكو دەتوانن لە ناو ماڵەكانی خۆیان دوكان دابنێن**

*** پێت وا نییـــە ژمارەی كەمئەندامان لە هەرێمی كوردستان ڕوویان لە زیادبوون كردووە، ئایـــا ئەم زیادبوونـــە حاڵەتێكی ئاســـاییە و پێویست بەوە ناكات بەزووترین كات حكومەتـــی هەرێمـــی كوردســـتان مشـــورێكیان لێ بخـــوات و ڕێـــگا لە زیادبوونی حاڵەتەكە بگرێت؟**

- كۆمەڵێـــك وەڵام بۆ ئەو پرســـیارەت هەیە، لەوانەیە بەشـــێكی وەڵامەكە لای وەزیرە بەڕێزەكانی تریش هەبێت، ڕاســـتە كەمئەندامـــان ژمارەیـــان زۆرە، هۆكاری سەرەكیشـــی بۆ ئەو جەنگانە دەگەڕێتەوە كە لە ماوەكانی ڕابردوودا تووشـــی عێراق و هەرێمی كوردســـتان بووە، تا ٢٠ ساڵی تریش خەڵكانێك لە كوردستان هەن بەهۆی ئەو مین و تەقەمەنیانەی لە كوردســـتان هەن و پاشـــماوەی جەنگەكانن، دووچاری كەمئەندامـــی دەبێتـــەوە، لەلایەكی ترەوە ڕووداوە زۆرەكانـــی هاتوچۆكردنیـــش كەمئەندامـــی زیـــاد كـــردووە، ڕۆژانە

**زۆرجار كۆمەڵێك درم و نەخۆشی بڵاودەبێتەوە، ئەمە وەڵامەكەی لای وەزیری تەندروستییە**

ڕووداوی دڵتەزێن ڕوودەدات و جگە لەمردن كەمئەندام و بێوەژنـــی و منداڵی بێباوك و دایـــك زیاد دەكات، بەمردنی كەســـێك لـــەو ڕووداوانەی هاتوچـــۆ خێزانێك جێ دەهێڵرێت و بێباوكی لێدەكەوێتەوە، پێویستە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە لەگەڵماندا بێت و ئەو ڕێگایانە چاك بكەین.

ئێمە لە وەزارەت بەشـــی تەندروســـتی پیشەیمان هەیە، بەڵام پێویست بەوە دەكات هەڵمەتێكی هۆشـــیاریی بەرفراوانی زیاتر ئەنجام بدەین، تاوەكو ســـەلامەتی كرێكارو كارمەنـــدەكان بكەینە خـــەم و ڕەچاوی ڕێنمایی و سەلامەتی پیشەسازی بكەین. لەلایەكی ترەوە زۆرجـــار كۆمەڵێك درم و نەخۆشـــی بڵاودەبێتەوە، ئەمە وەڵامەكەی لای وەزیری تەندروســـتییە بۆ نموونە لە هەندێك ناوچەدا ئاوی خواردنەوە شیاو نییە بۆ بەكارهێنان، ڕەنگە ئەمەش نەخۆشـــی خراپی لێبكەوێتەوە هەر بۆیە تەنیا ئەركی وەزارەتەكەمان نییە ڕووبەڕووی كەوتنەوەی ئەم حاڵەتانە ببینەوە بەڵكو ئەركی سەرجەم وەزارەتەكانـــە ڕووبـــەڕووی زیادبوونـــی ژمـــارەی كەمئەندامـــان و نەخۆشـــی و بێوەژنی و پەككەوتەو بێكاریی و هەژاری و تـــاد. ببێتـــەوە. پێویســـتە حكومەتی هەرێمی كوردســـتان لە ڕێگای سەرجەم وەزارەتەكانـــەوە كار بـــۆ كەمكردنـــەوەی ڕێژەی كەمئەندامان بكات، منداڵی ساخ و تەندروست لەدایك بێت و كەمتر منداڵان تووشی ئەو نەخۆشیانە ببنەوە.

*** بۆچی وەزارەتەكەتان لەكەمكردنەوەی ڕێژەی كەمئەندامان گرنگی بە هۆشیاری نەداوەو ڕوونتر بۆچی لەم پێناوەدا كەمترین بودجەتان لە هۆكارەكانی ڕاگەیاندن تەرخان كردووە؟**

- ئێمـــە بەپێی توانا هەڵمەتمان كردووە، كە چۆن كرێكار هـــان بدەین خۆی زەمان بـــكات، ڕۆژانە لـــە ڕاگەیاندنـــەكان بە سپۆت بڵاومانكردۆتەوە، هەروەها ڕۆژانە هەڵمەتی ڕۆشنبیریمان دەست پێكردووە كە چۆن ڕێز لەكەمئەندامان بگیرێت، هەروەها لە پڕۆژە یاساكەدا زۆرخاڵی گرنگ هەیە كە بۆ بەرژەوەندی كەمئەندامانە، بۆ نموونە پڕۆژەكانی نیشـــتەجێبوون و بوارەكانی تر كە ئەنجام دەدرێت، پێویســـتە ئاسانكاری بۆ كەمئەندامـــان بكرێت، لـــەو بارەیەوە هەوڵی تەواومان داوە، بەڵام منیش لەگەڵ ئەوەدام زیاتر هەوڵ بدەین و هەڵمەتەكانی ڕۆشنبیری و هۆشیاری فراوانتر بكرێت.

*** زۆر لـــە كەمئەندامـــان كێشـــەی نیشـــتەجێبوونیان هەیـــەو بگـــرە بەهۆی نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونەوە نەیانتوانیوە پرۆســـەی هاوســـەرگیری دروست بكەن، لەمبارەیەوە چیتان بۆیان كردووە؟**

- ئێمـــە وەزارەتـــی پەیوەنـــدار نیـــن لـــە پڕۆژەكانـــی نیشـــتەجێبووندا، ئێمە تەنیـــا داواكاریمـــان بەرزكردۆتـــەوە بۆ دەســـتەی وەبەرهێنان كە پێویستە پشكی كەمئەندامان لە پڕۆژەكانی نیشتەجێبوون هەبێت یا ڕەچاوی دیزاینەكانیش بكرێت، تەنیا توانیومانە ئەم داواكارییە بخەینە ناو پڕۆژە یاســـای كەمئەندامانەوە، لەلایەكی ترەوە كۆمەڵێك زەوی بەسەر كەمئەندامان دابەش كراون، بەڵام هێشـــتا ژمارەیەكی زۆری كەمئەندامـــان هەیـــە شـــوێنی نیشـــتەجێبوونیان نییەو سوودمەند نەبوون لە پڕۆژەی نیشـــتەجێبوون و دابەشكردنی زەوی.

*** دامەزراندنی ئەمســـاڵدا وا پێویست بوو كەمئەندامان ڕێژەیەكیان بەر بكەوێت، ئایا لەم دامەزراندنە چەندیان بەركەوتووە؟**

_ لەبەر ئەوەی تا ئێســـتا فۆڕمەكانی دامەزرانـــدن بەتەواوەتـــی نەگەیشـــتۆتە وەزارەتەكەمـــان، بۆیـــە نازانیـــن ڕێژەی دامەزراندنـــی كەمئەندامـــان لەكەرتـــی حكومەت بۆ ئەمســـاڵ چەندە، لە پڕۆژە یاساكەدا دیاریمان كردووەو پێویستە لەسەر هەموو وەزارەتەكان جێبەجێی بكەن.

*** وا دیـــارە وەزارەتەكەتـــان لەبـــواری بەڕێوەچوونی كارەكاندا پێویستی بە تەنسیق و هاریكاری زۆربـــەی وەزارەتەكان هەیە،**

**داواكاریمان بەرزكردۆتەوە بۆ دەستەی وەبەرهێنان كە پێویستە پشكی كەمئەندامان لە پڕۆژەكانی نیشتەجێبوون هەبێت و ڕەچاوی دیزاینەكانیش بكرێت**

## نازانین
## ڕێژەی دامەزراندنی کەمئەندامان لەکەرتی حکومەت بۆ ئەمساڵ چەندە

**نەبوونی ئەو هەماهەنگییە کاریگەری لەسەر کێشەکان چییە و چۆن چارەسەری ئەو کەلێن و لاوازی هەماهەنگییە دەکەیت؟**

- ئێمە تا ئێستا هەماهەنگیمان لەگەڵ وەزارەتەکانی تر هەبووە، بۆنموونە لە پرۆژەی هێڵی ١١٦، منداڵان پێوەندیمان بەوەزارەتەکانی ترەوە کردووە بۆ ئەنجومەنی نەوجەوانان بەهەماهەنگیوە نوێنەری وەزارەتەکانیشمان لەگەڵدایە، هەروەها بۆ لیژنەی پاراستنی مافی منداڵ، نوێنەری زۆربەی وەزارەتەکانمان لەگەڵدایە.

*** دیاردەی توندوتیژی و کوشتنی ئافرەتان لەم ساڵانەی دواییدا زیاد بووە، ئێوە پرۆژەیەکتان هەبوو پێی دەوترا پرۆژەی شەڵتەر، بۆ ئەنجومەنی وەزیرانتان بەرزکردبۆوە، ئەمە بەکوێ گەیشت؟**

- ئێمە سێ پرۆژەی شەڵتەرمان وەکو وەزارەت هەیە، ئەو ژنانە دەپارێزین کە ژیانیان لەمەترسیدایە و هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە، ئەو ئافرەتانە خزمەتی تەندروستی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و یاساییان دەکەین و منداڵەکانیشیان بەخێودەکەین کە زۆربەی جار منداڵیشیان لەگەڵدایە، یان لێرە لەناو شەڵتەرەکە لەدایك دەبێت، هەوڵمانداوە لە ڕێگای سیستەمێکەوە کاروباری ئەو شەڵتەرانە ڕێك بخەین و سیستەمەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئێستا نێردراوە بۆ ئەنجومەنی شوورا بەو هیوایەم بەم نزیکانە سیستەمی شەڵتەرەکە پەسەند بکرێت. ئێمە ئێواران ناتوانین کەیس وەربگرین لەبەر ئەوەی ستافی تەواومان نییە، بەڵام بەو سیستەمە وامان کردووە شەڵتەرەکان ٢٤ کاتژمێر بێت، هەر کەیسێك پێویست بەوە بکات بیپارێزین ئێمە دەیپارێزین.

*** داوای لێبوردنی گشتیتان کردووە، ئایا تاچەند ئەم داواکارییە دەکەوێتە بەر ڕەخنە بەوەی ڕۆڵی یاساو چەسپاندنی یاساو سەروەری یاسا کەم دەکاتەوە؟**

- تێگەیشتنی لێبووردنی گشتی لە هەموو وڵاتانی جیهان و لە هەموو وڵاتێکدا هەیە، ئەمە مانای ئەوە نییە ئەوەی تاوانێك دەکات و بخرێتە بەندیخانەو تا هەتا هەتایە لەو بەندیخانەیە بمێنێتەوە، ئەمەش بۆ یاسا شکاندن و کەمکردنەوەی سەروەری یاسا نییە، بەڵکو ئەو لێبووردنە گشتییە کۆمەڵێك مەرج و ڕێنمایی خۆی هەیە، تا ئەو کەسە دوو لەسەر سێی حوکمەکەی تەواو نەکردبێت و ئەگەر کەسێکی کوشتبێت دەبێت سوڵحی کۆمەڵایەتی کردبێت و لەلایەن توێژەری کۆمەڵایەتی و لایەنی دەروونییەوە پشتگیری لایەنی هەڵسوکەوت و دەروونی پێ بدرێت. چونکە زیندانی وا هەیە لە ناو بەندیخانەکانیشدا کێشەی گەورە دروست دەکەن، نابێت ئەمانە بچنە دەرەوە تا چاکسازی بۆ نەکرێت. بەمشێوەیە پێویستە ئەو کەسانە بەر لێبووردنی گشتی بکەون کە جگە لەتەواوکردنی دوو لەسەر سێی زیندانێکە چاکسازیشیان بەسەردا هاتبێت.

*** بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی تا چەند ڕەچاوی بنەماکانی مافی مرۆڤیان کردووە لە بەندیخانەکانی چاکسازی منداڵان و ئافرەتاندا، ئایا بۆچی نەتوانراوە لەبەندیخانەکان زیندانیەکان فێری پیشەیەك بکرێن؟**

- ئێستا خەریکین بەرنامەی بەکارخستنی زیندانیان لە وەزارەت دابڕێژین، تاوەکو بتوانین پرۆژەیەك هەبێت پێویست بەکرێکاریی هەبێت، ئێمە ئەو سزادراوانە بخەینە سەر کارو بەکاریێکەوە سەرقاڵیان بکەین و کاتەکەی بەفیڕۆ نەچێت و بۆ خێزانەکەشیان دەبێتە داهات. کاتێك بینایەکانی زیندانەکان لە دەرەوەی شارەکان تەواو بوو هەوڵی ئەوە دەدەین هۆڵی پیشەو کاری تێدا بێت و فێری جۆرەها پیشەیان بکەین. بەڵام ئێستا بەهۆی نەبوونی شوێنەوە نەمانتوانیوە فێری کارو پیشەیان بکەین و هەوڵی ئەوە بدەین ئەوانەی لە زیندانەوە دەردەچن لەیەکێك لەو پرۆژانەی وەزارەتەکەمان سوودمەند بێت.

**ئێمە سێ پرۆژەی شەڵتەرمان وەکو وەزارەت هەیە، ئەو ژنانە دەپارێزین کە ژیانیان لەمەترسیدایە و هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە**

*** ٤٣١٣٠ کەمئەندام لە هەرێمی کوردستان مووچەی کەمئەندامی وەردەگرن، پێت وا نییە ئەو مووچەیە کەمە بەتایبەت بۆ ئەوانەی مووچەی تریان نییە و لەم گرانیەی بازاڕ بەشی پێداویستیەکانی ژیان ناکات؟**

-ڕەشنووسی پرۆژەی یاسای کەمئەندامان گەیشتۆتە پەرلەمان و لەهەفتەی ڕابردوو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە گرنگی ئەو پرۆژەیە لەوەدایە تا ئێستا پرۆژە یاسایەك نەبووە بۆ پاراستنی مافی کەمئەندامان لە کوردستاندا، ئەمە دەبێتە یەکەم پرۆژە یاسا بۆ پاراستنی مافی کەمئەندامان لە کوردستاندا کە کۆمەڵێك برگەی تێدایە ڕاو پێشنیاری هەموو ڕێکخراوەکانی کەم ئەندامانمان وەرگرتووە کۆمەڵێك برگەی گرنگی تێدایەو لە ٩٠٪ی کەموکورییەکان چارەسەر دەکات، بەتایبەتی لەمەسەلەی مووچەو پشکیان لە خانووەکانی نیشتەجێبوون،هاوکات ئەو

**پێویستە ئەو کەسانە بەر لێبووردنی گشتی بکەون کە جگە لەتەواوکردنی دوو لەسەر سێی زیندانێکە چاکسازیشیان بەسەردا هاتبێت**

کێشەیە چارەسەر دەکات کە ڕەچاوی ڕێژەی کەمئەندامییەکەی نەکراوە، لەمەودوا بەپێی کەمئەندامیەکە مووچە دیاری دەکرێت. مووچە بەپێی دەرەجەی کەمئەندامێتییە، ئەو کێشەیەی چارەسەر دەکات کە جیاوازی نێوان کەمئەندامێك کە مووچەخۆرە لەگەڵ ئەوەی مووچەی نییە تەنیا ٥٠ هەزارە.

*** سەنتەرەکانی پێگەیاندن و چاکسازی منداڵانی کەمئەندام تا چەند بە پێی پێویست بوونیان هەیە؟ بۆ نموونە سەنتەری ئۆتیزمتان کردووە تا ئێستا دەیان کەموکورتی هەیەو ناتوانێت ئەو هەموو منداڵە وەربگرێت کە ئۆتیزمیان هەیە؟ یان سەبارەت بە نابیناکان بەپێی یاساو مەرجەکان نابێت هیچ پۆلێکی نابینایان لە ٨ قوتابی زیاتری تێدا بێت کەچی بیناکەیان ساڵی هەشتاکان دروستکراوەو لە هەموو پۆلێکدا ١٥ بۆ ١٦ قوتابی تێدایە؟**

- کێشەی سەنتەرو پەیمانگاکانمان هەیەو داواشمان لێکراوە لە قەزاکان و ناحیەکانیش ئەو سەنتەر و پەیمانگایانە بکەینەوە، بەڵام کێشەی نەبوونی مامۆستاو کادیری شارەزامان هەیە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی دەرەوە، لەمبوارە پرۆژەمان بەرزکردۆتەوە، بەڵام زۆرجار لە پلاندانانندا پەسەند ناکرێت، زۆرجار ٣٠ پرۆژە پێشکەش دەکەین کەچی ئەو پرۆژانە زۆربەیان پەسەند ناکرێت و بۆ ساڵێکی تر داخڵی دەکەینەوە. سەبارەت بەسەنتەری ئۆتیزم کێشەی کارمەندمان هەیە، لەبەر ئەوەی پرۆژەیەکی نوێیەو ناساندنی ئەو نەخۆشییە لە کوردستان زۆر شتێکی تازەیە، هەوڵی ئەوە دەدەین کەلوپەل و ئامێرو بینایە بەپێی پێداویستی و جۆری ئەو نەخۆشییە بۆیان دابین بکرێت، ئەزانم کەموکوڕیی لەسەنتەرو پەیمانگاکانمان هەیە، بەڵام بەهۆی کەمی بودجەوە نەمانتوانیوە پرۆژەی گەورەیان بۆ جێبەجێ بکەین

*** پێشتر لەکاتی کردنەوەی ئەو خولانە کە لە دەرەوەی وڵات بوون، کەسانێکی وانێردراونەتە خولەکان، کە لە ئاستی بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکاردا بوون، نەك ڕاهێنەرو مامۆستا، واتا ئەوانە کە دەگەڕێنەوە، ناتوانن خزمەتی منداڵە نەخۆشەکان بکەن و هەر یەکەیان دەچنەوە بۆ سەر کاری خۆی، ئایا ئەمەتان لەبەرچاو گرتووە؟**

- ئێستا ئەو شێوازەم لە وەزارەت گۆڕیوە و دڵنیاتان دەکەمەوە کە لەکاتی سەفەرەکاندا ئەو کەسانە دەنێرین کە پسپۆڕایەتی ئەوەیان هەیەو کاتێك دەگەڕێنەوە دەتوانن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەو شوێنە کار بکات، ئێستا هەر فەرمانبەرێك یا توێژەرێك بۆ دەرەوەی وڵات بنێردرێتە خولەکان، بەڵێننامەیان لێوەردەگرین کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەبێت لەو شوێنە ئیش بکات. بەشداریکردن لە خولەکانی پێگەیاندن و مەشق نابێت تەنیا بۆ سەفەرو گەشت کردن بێت، بەڵکو بۆ خزمەتکردنی کەمئەندامان و منداڵانی نەخۆش یا بۆ ئەو مەبەستەیە کەخولەکەی بۆ کراوەتەوە.

*** سەرمایەداری کورد نەیتوانیوە لەو بوارانەدا خێرخوازی بکات کە تایبەتە بەکردنەوەی سەنتەرو دەزگاکان؟ هەوڵتان داوە ڕێگەچارە بدۆزنەوە تا گرنگێتی و خێری ئەو پرۆژانە لای دەوڵەمەندەکان ڕوون بکەنەوە؟**

- دەوڵەمەند لەبەر ئەوەی سەرمایەکەی هی خۆیەتی، ئێمە ناتوانین ئیجباریان بکەین، هەر کاتێکیش سەرمایەدارو دەوڵەمەندێکی کوردستانی بێتە پێشەوەو بینایەو خانوو بۆ کەمئەندام و پەککەوتووان یا سەنتەر دامەزرێنێت، پێشوازی لێدەکەین، لە هەموو دنیادا کەرتی تایبەت یا خێرخوازان دێنە پێشەوەو سەنتەرو پەیمانگا دەکەنەوەو بۆ بەڕێوەبردنیشی لە ژێر چاودێری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەبێت، ئێستاکە لە هەڵەبجە خێرخوازێك داوای کردووە بینایەیەك دروست بکات بۆ کەمئەندامان، ئێمەش پێمان وتووە دەبێت بەپێی دیزاین و ڕێنمایی وەزارەت دروستی بکات و داوای دیزاینەکەشی کردووە، هەروەها لەم ڕۆژانەدا ئافرەتێك لە سلێمانی پێی ڕاگەیاندین کە خانوویەکی زیادی هەیەو دەیبەخشێتە سەنتەرێك یا پەیمانگایەکی وەزارەت بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرین. بەڵام تا ئێستا سەرمایەداری کوردستانی یا کۆمپانیایەکی گەورە لەبواری پرۆژەی خێرخوازی گەورە نەهاتووە خانەی بەساڵاچووان و کەمئەندامان و سەنتەرەکانی ئۆتیزم و کەڕولاڵەکان و تاد. دروست بکات. گەرچی پێویستە خۆمان بەو کارانە هەڵسین و بەهانای کەمئەندامانەوە بچین و بەئەرکی خۆمانمان زانیوە.

*** دایەنگاکان تایبەتن بە وەزارەتەکەتان، ئایا بەسەرکردنەوەیەکت کردووە بۆ ئەو دایەنگە تایبەتانەی لە شارەکانی کوردستان کراونەتەوە، ئەوانە زۆربەیان لە ناو خانوو سەرشەقامی وا دانراون کە مەرجی بینایەی تێدا نییە تەنانەت لە زستاندا سۆبا بەکار دەهێنن و مەترسی کەوتنەوەی کارەساتی لێدەکرێت و لە ڕووی تەندروستی و کادیریشەوە پێشکەوتوو نین؟**

- دامەزراندنی دایەنگە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە مەرج و ڕێنمایی تەندروستی و دیزاین و ڕەچاوی سەلامەی تێدا بێت، تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەر کاتێك بەو مەرجانە پابەند نەبێت ئەوا دایەنگەکە دادەخرێت بۆ ئەو مەبەستەش سەردانی چەندین دایەنگەمان لە شارو ناوچە جیاجیاکان کردووەو ئەوانەی بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەت بوون پاڵپشتیمان کردوون و ئەوانەی پابەند نەبوون ئیجرائاتیان لەگەڵ کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش سزا دراون، من کەسانێك دەناسم ڕووبەرێکی زەوییان بەناوی دایەنگە وەرگرتووە کەچی نەیانکردۆتە دایەنگە، ئەمانە بەرچاکسازی دەکەون و داوامان لە جەنابی پارێزگاکان کردووە هیچ پارچە زەوییەك بێ ئاگاداری ئێمە، بۆ دایەنگە تەرخان نەکرێت، چونکە ئێمە دیزاینی دایەنگەکە لە لایەن خۆمانەوە دایدەنێین و کاری لەسەر دەکەین.

*** بەڕێزت لەچەند بۆنەیەکدا باست لە لیژنەیەکی باڵا کرد کە بۆ پاراستن و چاودێریکردنی مافی منداڵان دامەزراوە بەڵام ئەوەی لە واقیعی هەرێمی کوردستان دەیبینین ڕێژەی ئەو منداڵانەی ڕوویان لەکار کردووەو دەستبەرداری خوێندن بوون لە زیادبوونە، ئایا بیر لە ئەلتەرناتیڤی تر نەکراوەتەوە؟**

**پرۆژەی یاسای کەمئەندامان دەبێتە یەکەم پرۆژە یاسا بۆ پاراستنی مافی کەمئەندامان لە کوردستاندا کە کۆمەڵێك بڕگەی تێدایە ڕاو پێشنیاری هەموو ڕێکخراوەکانی کەم ئەندامانمان وەرگرتووەو لە ٩٠٪ی کەموکوڕییەکان چارەسەر دەکات**

**ئێستا هەر فەرمانبەرێك یا توێژەرێك بۆ دەرەوەی وڵات بنێردرێتە خولەکان، بەڵێننامەیان لێوەردەگرین کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەبێت لەو شوێنە ئیش بکات**

**لەهەندێك پەیمانگا هەیە کارەکە بە ٣٠ کارمەند بەڕێوەدەچێت کەچی ٦٠ کارمەندی هەیە. چونکە دەوامی پشووی هەیە. لەکاتێکدا هەندێك سەنتەرمان هەیە جگە لەوەی کارمەندیان کەمە دەرماڵەشیان کەمە**



-یاسای کار ڕێگای داوە هەر منداڵێك تەمەنی ١٥ ساڵی تەواو کرد دەتوانێت هەندێك کاری سووك بکات، ئێمە ناتوانین خێزانەکان قەدەغە بکەین لە کارنەکردنی منداڵەکانیان، چونکە زۆرجار پێویستیان پێیەتی، لە یاسای کاردا بە چەند برگەیەك کاری منداڵ سنووردار کراوە و سەرقاڵی ئەوەین لە کۆنفرانسێکدا یاسای کار دابڕێژینەوە، لەلایەکی ترەوە سەبارەت بە پاراستنی منداڵی ئیشکەر ئەوەش جێی کراوەتەوە لە ڕەشنووسی یاسای پاراستنی مافی منداڵ لە کوردستان و لەسەر چەند وۆرگ شۆپێك وەستاوە و دواتر دادەڕێژرێتەوەو پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی دەکەین.

کێشەیەکی تری ئێمە بوونی هەندێ منداڵە گوایە کە ئیش دەکات، بەڵام ئەمە ئیش نییەو سواڵ دەکات، زۆربەی ئەو منداڵانە خەڵکی کوردستان نین و لە شوێنەکانی ترەوە هاتوون، ئەمەش گرفتێکی گەورەیە، چونکە بەپێی ئەو دەسەڵات و ڕێنماییانەی هەمانە ناتوانین هاوکارییان بکەین، چونکە دانیشتووی کوردستان نییە. ئەم دیاردەیەش دەبێت وەزارەتی تر کە پێوەندارن هاوکارمان بن بۆ بنبڕکردنی، وەزارەتەکانی ناوخۆو پەروەردەو ئێمەیش پابەندین بەچارەسەری ئەو گرفتانە.

*** بۆ دووبارە وەزارەت هەڵناسێت**

## هەر کاتێك دەوڵەمەندێك بینایەو خانوو بۆ کەمئەندام و پەککەوتووان یا سەنتەر دامەزرێنێت، پێشوازی لێدەکەین

**بەدابەشکردنەوەیکی دادپەروەرانەو پێویست بۆ توێژەرو کارمەندەکانی، چونکە بەشێوەی نارەزوومەندانە دوور لە پێویستیەوە توێژەرو کارمەندەکان لەسەنتەرو خانەو پەیمانگاکان و بەڕێوەبەرایەتیەکان دابەشکراون؟**

- ئەمە ڕاستەو ئێمەش هەستمان پێ کردووە لەهەندێك پەیمانگا هەیە کارەکە بە ٣٠ کارمەند بەڕێوەدەچێت کەچی ٦٠ کارمەندی هەیە، چونکە دەوامی پشووی هەیە، لەکاتێکدا هەندێك سەنتەرمان هەیە جگە لەوەی کارمەندیان کەمە دەرماڵەشیان کەمە، وەکو خانەی بەساڵاچووان و سەنتەری ئۆتیزم کە هەموو کەسێك ناتوانێت لەو جێگایانە ئەم کارە بکات، پێویستە دەرماڵەی تایبەت بۆ زۆر لەو سەنتەرانە دانرێت، ئێمە سێجارە داوا لە وەزارەتی دارایی دەکەین و دڵنیین پێویستمان بە دەرماڵەی تایبەتە بۆ ئەوانەی لە خانەی بەساڵاچووان و ئەو خانانەی منداڵانی بێسەرپەرشتیاران، کێشەکە لەوەدایە داواکارییەکانمان بە ڕەفز هاتۆتەوە، پێویستە جیاکاری هەبێت لەو شوێنانەی هەموو توێژەرێك بۆی ناچن. کەموکوڕی هەیە لە دابەشبوونی توێژەرو کارمەندانیشمان و ماوەی هەفتەیەکە سەیری میلاکات دەکەینەوەو دووبارە دابەشیان دەکەینەوە بەسەر شوێنەکانی تردا.

لەکۆتاییدا خاتوو ئاسۆس نەجیب وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە وەڵامی چەند پرسیارێکی تری گۆڤاری گولان وتی : بەپێی تواناو بەو بودجە کەمەی لەبەردەستماندا هەیە کۆمەڵێك پرۆژەمان جێبەجێ کردووە، ڕەنگە بەپێی ویست و پێداویستیەکان نەبێت، بەڵام هەنگاوی باشمان بڕیوە و پێویستە هەموو وەزارەتەکان هەماهەنگ بین و هەر وەزارەتێك سەرقاڵ بێت بە چاکسازییەوە، ڕەنگە لەبەر ئەوەی پێویستیمان بە توێژەری کۆمەڵایەتی باش و لێهاتوو زۆر هەیە، نەمانتوانیوە بەپێی پێویست سەنتەرەکان ببووژێنینەوە..کەموکوڕی هەیە، بەڵام بەپێی توانا بارودۆخەکەمان لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا گۆڕیوە، ئەوەش بەراورد بە ناوچەکانی تری عێراق ئێمە زۆر لە پێشەوەین. لەگەڵ دیاریکردنی بڕە داهاتی پێویست لەلایەن وەزارەتی داراییەوە لەم چەند ڕۆژەی داهاتوویشدا دەست بەبەخشینی بیمەی بێکاری دەکەین.

## لە قەزای دوکان..

# بەناوی پڕۆژەی گـەشتیاری زەوی وەرگیراوە بەڵام

دوکان یەکێکە لەو شوێنە گەشتوگوزارییە بەناوبانگ و دڵڕفێن و جوانانەی کوردســـتان، هەر لە ســـاڵانی ١٩٢٠ کانگاو بنکەی شۆڕشـــی ڕزگاریخوازی گەلی کوردســـتان بووە، دوکان لەساڵی ١٩٧١ بووەتـــە قەزا، ئەم قەزایـــە ناحیەکانی (خدران و خەلەکان و بنگرد و سورداش و پیرەمەگروون) و ٢٣٩ گوند لە خۆدەگرێت، لە ڕووی فراوانی ســـنوورەکەیەوە، قەزای دوکان بەرفراوانترین قەزای کوردســـتانە، بە گشتی ژمارەی دانیشتووانی سنوورەکە ٦٠ هەزار کەسە، ڕووبەرێکی بەرفراوانی بە پیت و بەرەکەتی هەیە، هەر بۆیە زۆربەی خەڵکەکەی بەکاری کشـــتوکاڵی و ڕەزو و باخ و بێستان و ئاژەڵدارییەوە خەریکن، بەڵام دانیشـــتووانی سەنتەری قەزاکە لە ٧٠٪ی فەرمانبـــەرن،ئەمەش بەحوکمی ئەوەی دوو فەرمانگەی ســـەرەکیی لەناوەندی قەزایە، ئەوانیش بریتین لە (بەڕێوەبەرایەتی بەنداوی دوکان و بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمهێنانی کارەبا)، هەرچەندە دوکان شوێنێکی گەشتوگوزارییە، بەڵام خەڵکی قەزاکە بەتایبەتی لە ســـەنتەری قەزا زۆر بە کەمی ڕوویان لە کاری گەشـــتیاری کردووە، لە ســـەردەمی ڕژێمە یەك لـــە دوا یەکەکانی حکومەتی عێراقیدا قەزای دوکان و ســـنوورەکەی هـــەر وەکو هەموو ناوچەو شوێنەکانی تری کوردستان بەدەرنەبوون لە کاولکاری و خاپوور کردن و ڕاگواستنی دانیشتووانەکەی، هاوکات لەگەڵ ئەم وێرانکردنەدا سەرتاپای ژێرخانی پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانی سەنتەری قەزاکەو ناحیەو گوندەکانی ســـنوورەکەی تێکدراو بێ سەروبەربوو، لەدوای ساڵی ١٩٩١ حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە تارادەیەك کارو پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ قەزاو سنووری دوکان ئەنجامداوە، بەڵام ئەو کارو پـــڕۆژە خزمەتگوزاریانەش بەپێی



# بەشێکی کـراونەتە کـۆشک و ڤێللای شەخسیی

پێویستی و کاولکاری ناوچەکە نەبووە، هەر بۆیە لێرەو لەوێ لەلایەن خەڵکی دوکانەوە گلەیی و گازاندەیەکی زۆریان هەیە.

تیمی( گۆڤاری گولان) قەزای دوکان و سنوورەکەی بەسەرکردەوەو چەند هاووڵاتییەکی دواند، یەکێك لە هاووڵاتییەکان وتی قەزای دوکان هیچی بۆ نەکراوە و گرفتمان لە بینایەی قوتابخانەکان هەیە، هاووڵاتییەکی تر گرفت و کێشەکانی بواری تەندروستی خستەڕوو، هەروەها خەڵکانی تر گلەییان لەوە دەکرد کە ئاوەڕۆی قەزاکە دەڕژێتە ناو زێی دوکان و چەندین ڕەخنەو داواکاری تر لەلایەن هاووڵاتیانی ئەم سنوورەوە خرایەڕوو، ئەم گلەیی و داواکارییانەو چەند پرسیارێکی تریشمان لە (ئاسۆ بەکر) قایمقامی قەزای دوکان کرد، ئەویش ڕاوبۆچوونی خۆی بە ڕاشکاوانە بۆ گۆڤاری گولان بەم شێوەیە دەربڕی.







## ئاسۆ بەکر قایمقامی قەزای دوکان بۆ(گوڵان):

# ئاوەڕۆی دوکان دەڕژێتە ناو زێیەکەوە پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی سلێمانیش لەسەر ئەم زێیەیە



### کۆمپانیایەکی لوبنانی ماستەرپلانی دوکان دروست دەکات

هەر شارە و شوێنێك ماستەر پلانێکی ورد و زانستی و ئەندازەیی هەبێت، ئەوە ئەو شـــارە لە ئەنجامدان و دیاریکردنی شـــوێنی پڕۆژەخزمەتگوزارییەکان و بەرفراوانکردنی شـــارەکەدا ســـەرکەوتنێکی باش و گەورەو بەرچاو بەدەســـت دەهێنێـــت، لەمبارەوە قایمقامـــی قەزای دوکان وتـــی: قەزای دوکان بە درێژی حوکمی حکومەتی عێراقی، زوڵم و غەدری لێکراوە، هەر لەم لایەنەشەوە پشتگوێ خراوە تاوەکو بە شـــێوەیەکی باش و ئەندازەیی گەشـــە نەکات، واتە قەزاکە ماســـتەر پلانی نییە، بەڵام نەخشەی بنەڕەتـــی هەیەو هەموو لایەنـــە پێوەندارەکانی ئەم شـــارۆچکەیە لەسەر ئەو نەخشـــەیە دەڕۆین و تا ڕادەیەکـــی باش ســـوودمان لێوەرگرتووە، گەرچی دەزانیـــن نەخشـــەی بنەڕەتی وەکو ماســـتەر پلان کاری پێ ناکرێت، بۆیە هەوڵدراوە ماســـتەر پلانێك بۆ دوکان دروســـت بکرێت، لەمبارەشەوە ماوەیەکە کۆمپانیایەکی لوبنانی تایبەتمەند بەم بوارە هاتوونە و خەریکـــن و کار لەســـەر ئـــەم پڕۆژەیە دەکەن و ماستەر پلانەکە بواری گەشتیاریش دەگرێتەوە، لە ســـەنتەری قەزای دوکان ٩٨٥ خانووی زێدەڕۆیی هەیە، ئەوانەی زێدەڕۆیشیان کردووە، زیاتر خەڵکی هەژار وکەمدەرامەتن و بەپێی بڕیاری ٢٤١ هەموو خانووە زێدەڕۆییەکان بەسەر خەڵکەکەدا تاپۆ دەکرێت و هەندێ خانـــوو و گەڕەکی تـــر وەکو گەڕەکی سەناعە و یوغسلاڤ و شۆڕش خانووەکانیان بەسەر تاپۆ دەکرێت و ئێســـتا کارو مامەڵەکان ئیجرائاتی یاساییان لەســـەر دەکرێت. بەم کارانەش کۆمەڵێك کێشەمان چارەســـەر دەبێت و لە پاشـــان دەتوانین هەنـــدێ پڕۆژە هەیە وەکو ئـــاوەڕۆ و کۆنکریت و قیرتاوکردنی شـــەقام و کۆڵانی ناو گەڕەکەکانیان بۆ جێبەجێ بکەین.

### نەخۆشخانەکەمان پێویستی بەپزیشکی پسپۆڕ هەیە

چەند ساڵێك پێش ئێستا بڕیاردرا نەخۆشخانەیەکی ١٠٠ قەرەوێڵەیی دوکان دروســـت بکرێت، ماوەی ٤ ساڵە نەخۆشـــخانەکە لە ژێر جێبەجێکردندایە، بەڵام تا ئێستاکە تەواو نەبووەو نەکەوتۆتە بواری خزمەتی هاووڵاتیانەوە، لـــەو ڕووەوە قایمقامی قەزای دوکان وتی: لەبەر بەرفراوانبوون و قەرەباڵغی قەزای دوکان پێویستیمان بە نەخۆشخانەیەکی گەورە و هاوچەرخ هەیـــە، پاش هـــەوڵ و کارێکی زۆر بڕیـــاردرا بە دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی ١٠٠ قەرەوێڵەیی لە سەنتەری قەزاکەدا، ڕاستە ئەو پڕۆژەیە دواکەوتووەو هۆکارەکەشـــی بۆ ئـــەوە دەگەڕێتەوە لەســـەرەتادا کۆمپانیایەکی تورکی کاری لەسەر پڕۆژەکە دەکرد، بەڵام پـــاش ماوەیەك ئەو کۆمپانیایـــە پڕۆژەکەی بەجێهیشـــت و کارکردن لە پڕۆژەکـــەدا بۆماوەیەك ڕاوەســـتێنرا، پاشـــان لەســـەر بڕیاری حکومەتی هەرێم کارکردن لەســـەر ئەم پڕۆژەیە درا بە وەزارەتی پێوەندار، وەزارەتی تەندروســـتیش بە جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ لە پرۆژەکەدا دەســـتی بەکارکردن کرد و بڕی ســـێ ملیۆن و نیو دۆلاری بـــۆ تەرخانکردو ئێســـتاکە نەخۆشانەکە تەواو بووە، بەڵام دابینکردنی کەلوپەل و ئامێرەکانی پزیشـــکی ماوەو چاوەڕوانی ئەوەیـــن لە ١٥ ڕۆژی داهاتـــوودا ئەمانەش ئامادە بکرێت، سەرەڕای ئەمانەش کێشەیەکی سەرەکی لەم نەخۆشخانەیە هەیە ئەویش نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ و کارمەندی پزیشـــکییە، بۆیە لێـــرەدا داواکارین لە وەزارەتی تەندروســـتی بە پێی توانا ئەم کێشەیەمان بۆ چارەسەر بکات.

### گەشتیاران پابەندی ڕێنماییەکانی پاك و خاوێنی نابن

ســـەبارەت بە کۆکردنەوەی و خۆ رزگار کردن لە زبڵوخاشاك کە ئەم کارە لە هەموو شارو شارۆچکەکان کێشەو گرفتی هەیە، قایمقامی قەزای دوکان وتی: سەنتەری شـــارۆچکەکە لەلایەن شارەوانییەوە کاری پاککردنەوەو خۆ ڕزگارکردن لە زبڵوخاشاکەکەی بۆ ئەنجام دەدرێـــت، بەڵام ئەم کارەش کرێکارو خەرجی ماندووبوونێکی زۆری دەوێت، چونکە سیســـتەمەکە کۆنەو هەموو کرێکارو کەســـێکیش لەم کارەدا ئیش ناکـــەن، لەبەر ئـــەوەی ماندووبوونـــی زۆرەو پارەو ڕۆژانەکەشی کەمە، بۆیە پێویستە پاککردنەوەو خۆ رزگارکردن لە زبڵوخاشاکی شارۆچکەکەمان بدرێت بە کۆمپانیای تایبەتمەندو کەرتی تایبەت، ئەو کاتە کاری پاککردنەوەکە باشتر بەڕێوە دەچێت، هەروەها بۆ خۆ رزگارکردن لە زبڵەکەش پێویستە هەمان کۆمپانیا یا کۆمپانیایەکی تر کارگەی ڕیســـایکلین دابنێت،

## نەخۆشخانەی دوکان نەکەوتۆتە بواری خزمەتەوە

بەم کارەش ژینگەکە زیاتر پارێزراو دەبێت و مەترسی ئەوەشی نابێت کە بەهۆی ئەو زبڵوخاشاکەوە جۆرەها نەخۆشـــی بڵاوببێتەوە، بەڵام ســـەبارەت بە شوێنە گەشـــتیارییەکانی ناو دوکان کێشەو گرفتمان زۆرە، چونکە ئم شـــوێنانە دەبێت لە لایەن گەشتوگوزارەوە پاك بکرێتـــەوەو ئەوانیـــش بەکارەکە هەڵناســـتن، هاووڵاتیانیش هەرچەند کیســـی زبڵوخاشـــاکیان بە ســـەر دابەش دەکەین و ڕێنمایشـــیان دەکەین، بەڵام پایەندی ڕێنماییەکان نابن، هەر لە شوێنی خۆیان و لە ژێر کەپرەکان و دەوروبەری خۆیان زبڵوخاشاکەکە پەرشـــووبڵاو دەکەنەوە، بەمـــەش ئەرکێکی زۆر بۆ شارەوانی دروست دەبێت، چونکە چارە نییەو هەر دەبێت شارەوانی کاری پاککردنەوەکەو خۆرزگارکردنەکەی

# پێویستە پاککردنەوەو خۆ رزگارکردن لە زبڵوخاشاکی شارۆچکەکەمان بدرێت بە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت

ئەم زبڵوخاشاکەش بگرێتە ئەستۆ، ئەمەش لەکات و وەرزی گەشتیاریدا زۆر قورس و زەحمەتتر دەبێت، هەروەها کێشەیەکی زۆر گەورەو مەترسیدار لەناو سەنتەری قەزاکەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئاوەڕۆی هەموو شارۆچکەکە (ئاوەڕۆی گەڕەکەکان و دوکان و بازاڕ و چێشتخانەکان) دەچێتەوە ناو ئاوی زێیەکە، ئەمە گلەیی و گازاندەیەکی زۆری لەسەر هەبوو، خەڵکەکەش هەقی خۆیان بوو، لەبەر ئەوەی هەرلەسەر ئەم زێیەوە پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە دانراوە و مەترسی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی هەبوو، بەڵام بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری وەزارەتی شارەوانی توانرا شوێنی هەڵێنجرانی ئاویخواردنەوەکە لە خوارەوە بگوازینەوە بۆ سەرەوەی شارۆچکەکە، گەرچی ئێستاش ئاوەڕۆی دوکان هەر دەچێتەوە سەر زێیەکەو ئاویخواردنەوەی شاری سلێمانیش لەم زێیەوە دابین دەکرێت، بۆیە پێویستە چارەسەرێکی بنەڕەتی ئاوەڕۆی قەزای دوکان بکرێت و ڕێڕەوی ئاوەڕۆکە بگوازرێتەوە، ئەمەش بە هەر نرخ و ماندووبوونێك بێت، گرنگ ئەوەیە دەبێت ماستەر پلانێکی وردو زانستی و ئەندازەیی بۆ ئاوەڕۆی دوکان دابنرێت و بە زووترین کات ئەم کێشەو گرفتە مەترسیدارە چارەسەر بکرێت، ئەمەش کاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارە کە بە جدی کاری لەسەر بکات. هەر بۆ ئەو مەبەستە لە ڕێگای حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی شارەوانی بڕیار دراوە کە لەملاو ئەملای زێیەکەوە ئاوەڕۆی بۆ دروست بکرێت و لە کۆتایی ئاوەڕۆیەکەش دوو وێستگەی چارەسەر کردن و پاککردنەوەی ئاوی ئاوەڕۆکە دابنرێت.

### گرفتێکی زۆر لە ڕێگای دوکان بۆ چوارقوڕنە هەیە

سەبارەت بە ڕێگاوبانی دەرەوەو ناوخۆی دوکان کە بۆچی تا ئێستا ڕێگایەکی وەکو دوکان ـ چوارقوڕنە کە کێشە و گرفتێکی زۆری هەیە چارەسەر نەکراوە، قایمقامی قەزای دوکان وتی: گرفتێکی زۆرمان لە ڕێگای دوکان بۆ چوارقوڕنە هەیە، بەڵام لە بودجەی ٢٠١١ بۆ ئەنجامدانی ئەم پڕۆژەیە بڕی ٣٩ ملیار دینار تەرخانکراوە و خودی پارێزگاری سلێمانی لەم ڕووەوە بەدواداچوونی پڕۆژەکەی هەیە، پڕۆژەکە بە دوو قۆناغ دەست پێ دەکات، قۆناغی یەکەم لە چوارقوڕنەوە دەست پێ دەکات و ڕێگاکە دەبێتە دوو ساید، ئەمەش ئاسانکارییەکی زۆر بۆ خەڵك بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە کارو کاسبی دەکەن و ڕۆژانە لەم نێوانەدا هاتوچۆ دەکەن. هەروەها چەند پڕۆژەیەکی گرنگ لەسەر بودجەی وەزارەتی شارەوانی و پەرەپێدانی پارێزگا لە ناحیەی پیرەمەگروون لە ژێر ئەنجامداندایە، لەم پڕۆژانەش پڕۆژەی شۆستە و قیرتاوو کۆنکرێتکردنی شەقام و کۆڵانەکانی ناو سەنتەری ناحیەکەو گەڕەکەکانە. لە لایەکی ترەوە شەقام و کۆڵانەکانی ناو گەڕەکەکان و سەنتەری قەزای دوکان پێویستیان بە کۆنکریت و قیرتاوکردن هەیە، بەڵام تا بە تەواوی کێشەی ئاوو ئاوەڕۆ چارەسەر نەکەین ناتوانین کۆڵان و



شەقامەکان کۆنکرێت و قیرتاو بکەین، لە تۆڕی ڕێگاوبانی گوندەکانی سنوورەکە کێشە و گرفت هەیە و پێویستی بە بەرنامەو پلانێکی تێروتەسەل هەیە کە ساڵانە کارو پڕۆژەیان بۆ ئەنجام بدرێت، هەر لەبەر خراپی ڕێگاوبانەکانە گوندەکانی بناری کۆسرەت ئاوەدان نەکراونەتەوە.

### کەمی بینایەی قوتابخانە و میلاکات کێشەیەکی بەرچاوە

سەبارەت بە کەرتی پەروەردە لە ڕووی بینایەو میلاکات کێشەو گرفت لە چ ئاستێکە و تا چ ڕادەیەك سیستەمی تازەی پەروەردە لەم سنوورە سەرکەوتوو بووە قایمقامی قەزای دوکان وتی: گرفتی پەروەردە لە قەزای دوکان خۆی لە دوو بوار دەبینێتەوە، یەکێکیان کەمی بینایەی قوتابخانەیەو دووەمیان کەمی میلاکاتە بەتایبەتی نەبوونی مامۆستای وانە زانستیەکان کاریگەری خراپی لەسەر ڕەوشی پەروەردەو خوێندن هەیە، ئەم دوو لایەنەش سەرەکیترین و گرنگترین بوارن لە پێشخستن و دواکەوتنی پرۆسەکە، کەمی بینایەش هۆکارێکە بۆ دوو دەوامی و قەرەباڵغی لە پۆلەکان، ئەمەش دروست نییەو لەگەڵ سیستەمی تازەی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ناگونجێت، لەلایەکی ترەوە پێویستە ئەوە بووترێت کە زۆربەی گوندەکانی سنوورەکە بە تایبەتی ئەوانەی ئاوەدانکراونەتەوە قوتابخانەیان هەیە، بەڵام ناهاوسەنگیەك لەمبارەیەوە هەیە، بۆ نموونە گوند هەیە لەم قۆناغەدا کەمتر پێویستی بە قوتابخانە هەیە، کەچی بۆی دروستکراوە، لە لایەکی تریش ناو قەزاو ناحیەو هەندێ لە گوندەکانیش پێویستیان بە قوتابخانەیەو بۆیان نەکراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بێ پلانی حکومەت و وەزارەتی پێوەندار. بەڵام ئێستاکە و بۆ ساڵانی داهاتووش هەماهەنگیمان لەگەڵ پەروەردە کردووە پڕۆژە بینایەی قوتابخانە لەسەر بنەمای پێویستی و ڕێژە و ژمارەی قوتابی لە شوێنەکاندا جێبەجێ بکرێت.

### کڕینی ئامێرێك گرنگترە لەوەی ئۆتۆمبێلێك بۆ بەرپرسێك بکڕدرێت

سەبارەت بە ئامێرەکان و ئۆتۆمبێلەکانی خزمەتگوزاری قایمقامی قەزای دوکان وتی: شارەوانی حەفارەیەك و چوار گەڵابە و چوار تانکەری ئاو و ئۆتۆمبێلێکی گسکی کارەبایی هەیەو چەند ئامێرێکی تری بۆ پاککردنەوەو خۆرزگارکردن لە زبڵوخاشاك هەیەو بەرگری شارستانی یەك ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوەی هەیە، فەرمانگەی کارەبا سەلەیەکی هەیە، بەڵام زۆر باش و شیاو نییە، بۆیە پێویستە سەلەیەکی هاوچەرخ بۆ قەزاکەمان دابین بکرێت، دەبێت ئەوە بزانین کڕینی ئامێرێك بۆ شارەوانی یا سەلەیەك بۆ کارەبا زۆر باشترو گرنگترە لەوەی ئۆتۆمبێلێك بۆ بەرپرسێك بکڕدرێت.

### تیمی غەواسمان هەیە بەڵام گەشتیاران پابەندی ڕێنماییەکان نابن

هەر سەبارەت بە پێداویستی بۆ رزگارکردنی هاووڵاتیان لە حاڵەتی کەوتنە ناو زێیەکە یا بەهانا هاتنیان لە حاڵەتی خنکاندا قایمقامی قەزای دوکان وتی: بۆ رزگارکردنی خەڵك لە حاڵەتی کەوتنە ناو زێیەکەوە یا حاڵەتی خنکاندن، تیمێکی غەواسمان هەیە، زۆربەی حاڵەتەکانی خنکان دەگەڕێنمەوە بۆ هاووڵاتیان خۆیان کە پابەندی ڕێنماییەکانی لایەنە پێوەندارەکان نابن و هەیە مەلەوانی نازانێت و دەچێت مەلەوانی دەکات، لە لایەکی ترەوە خەڵکانێك هەن دەڵێن بۆچی ئاوی بەنداوەکە بەردەدرێتەوە، ئەمەش

**دەبێت ماستەر پلانێکی وردو ئەندازەیی بۆ ئاوەڕۆی دوکان دابنرێت و بە زووترین کات کێشەو گرفتی پیسبوونی زێیەکە چارەسەر بکرێت**

## تا بە تەواوی کێشەی ئاوو ئاوەڕۆ چارەسەر نەکەین ناتوانین کۆڵان و شەقامەکان کۆنکرێت و قیرتاو بکەین

هەنجەتێکی لاوازە، چونکە بەردانەوەی ئاوی بەنداوەکە بۆ سێ بوار پێویست و گرنگە، بوارەکانیش ئەمانەن، یەکەم: بۆ ئاودێری و کشتوکاڵی، دووەم: بۆ بەرهەمهێنانی کارەبایە کە شەوانە سێ تۆڕبین کار دەکەن، سێیەم: بۆ پڕۆژەی ئاویخواردنەوەی شاری سلێمانی، بۆ هەر سێ لایەنەکەش دەبێت لە بەنداوەکەوە ئاو بەربدەینەوە، لەهەر وەرزێکیشدا ڕێژەو ئاستی بەردانەوەی ئاوەکە دەگۆڕێت، چونکە بە پێی پێویستی و ئاستی کارەکان و داواکاری خەڵکەکەیە.

### دابەزاندنی دەسەڵات، ڕێنمایی دارایی بۆ دەرنەچووە

سەبارەت بە دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری و دارایی و نەبوونی بودجە بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێ کارو پڕۆژە، قایمقامی قەزای دوکان وتی: دەرچوونی ئەو بڕیارەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی دابەزێتە خوارەوە کارێکی زۆر باشبوو و لە جێگای خۆیەتی و دەسەڵاتەکە لە لایەنی داراییەوە دەڵێت قایمقام لە دەسەڵاتیدایە ١٠ ملیۆن دینار و بەڕێوەبەری ناحیەش ٥ ملیۆن دینار بۆ پێداویستی و پڕۆژەیەك خەرج بکەن، بەڵام تا ئێستا بە کردارو بەفیعلی ئەم دەسەڵاتە پیادە نەکراوەو کارمان پێ نەکردووە، بۆ ئەم دەسەڵاتە نەچۆتە ناو کارو پڕۆسەی ئیدارییەوە، چونکە تا ئێستا ڕێنمایی دارایی بۆ ئەمە دەرنەچووە، لێرەدا داواکارین ئەم دەسەڵاتانە بچێتە بواری کارکردنەوە، لەبەر ئەوەی بە دابەزاندنی دەسەڵات بۆ خوارەوەو بۆ یەکە ئیدارییەکان، دەتوانرێت چەندین کارو ئیش و پڕۆژەی بچووك و مامناوەندی بۆ بەرژەوەندی هاووڵاتیان جێبەجێ بکرێت و کارەکانیش خێراتر تەواو دەبێت، هەروەها دەتوانرێت هەندێ کێشەو گرفت و داواکاری و ڕووداوە لە ناکاوەکان چارەسەر بکەین.

### جووتیارانی سنوورەکە هەموو کاتێك لە دڵەڕاوکێدان

سەبارەت بە پڕۆژەی کشتوکاڵی لە سنوورەکە و ئاستی هاوکاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان بۆ جووتیارانی دەڤەرەکە قایمقامی قەزای دوکان وتی: گوندەکانی سنوورەکە بە کاری باخ و بێستان و کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە خەریکن، هەروەها سێ جۆرە پڕۆژەی تر لە سنوورەکەدا هەیە کە ئەمانەن، پڕۆژەی کێڵگەی بەخێوکردنی

## لەبەر خراپی ڕێگاوبانەکانە گوندەکانی بناری کۆسرەت ئاوەدان نەکراونەتەوە

پەلەوەر بەتایبەتی مریشك و پڕۆژەی حەوزی ماسی و پڕۆژەی سەوزەو میوە لە خانووی پلاستیکیدا، حکومەتی هەرێم لە ڕێگای وەزارەتی کشتوکاڵەوە هاوکاری باش و بەردەوامی جووتیارو ئەو کەسانە دەکات کە پڕۆژەی خانووی پلاستیکیان هەیە یا دەیانەوێت بیکەن، بەڵام کێشەیەك لە بواری کشتوکاڵییەوە هەیە بۆ جووتیارەکان چونکە زەوییەکانیان موڵك نییەو بە گرێبەستی ساڵانە کاری لەسەر دەکەن، هەموو کاتێك لە دڵەڕاوکێدان، ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان کار لەسەر زەوییەکانیان بکەن، بەڵام ئەگەر بێت و زەوییەکان بەسەرجووتیارەکان تاپۆ بکرێت، ئەو کات جووتیارەکان زەوییەکانیان بەماڵی خۆیان دەزانن و خزمەتی بەردەوامی دەکەن و دەتوانن جۆرەها پڕۆژەی لەسەر بکەن و لەم بارەیەوە بڕیارێك هەبوو، لەپەرلەمانیش دەرچوو بوو، ئەگەر ئەم بڕیارە جێبەجێ بکرێت ئەوە جووتیارەکان هیچ گرفتێکیان نامێنێت.

### تا مافی جووتیاران نەدرێت، پڕۆژەی گەشتیاری بناری کۆسرەت جێبەجێ ناکرێت

سەبارەت بە پڕۆژەی گەشتیاری بناری کۆسرەت و هۆکاری دواکەوتنی ئەو پڕۆژەیە و چەندین کێشەی تر بەتایبەتی کێشەی زەویوزار، پڕۆژەی گەشتیاری بە پێی پێویست ئەنجام نەدراوە، لە لایەکی ترەوە هەندێ کەس بەناوی پڕۆژەی گەشتوگوزارەوە چەندین پارچە زەوییان کردۆتە خانوو ڤێلای نیشتەجێبوون قایمقامی قەزای دوکان لەم بارەیەوە وتی: پڕۆژەی گەشتیاری بناری کۆسرەت پڕۆژەیەکی گەورەوجوانەو بەپێی دیزاینەکەی لە چەندین پێکهاتەی گەشتوگوزاری پێکهاتووە، هۆکاری دواکەوتنەکەی یا نەچوونی ئەم پڕۆژەیە بۆ قۆناغی جێبەجێکردن، دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی زەویو زار لە نێوان جووتیاران و حکومەت و خاوەن موڵکەکان و حکومەت، جووتیارەکانی هەندێ لە گوندەکان، بەتایبەتی سێ گوندی ئەو سنوورە ڕازی نابن زەوییەکانیان بکرێتە پڕۆژەی گەشتیاری، هەروەها وەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا، ڕێگاوبانی ئەم سنوورە کە پێکهاتووە لە ٢٤ گوند زۆر خراپ و بێ سەروبەرەو پێویستی بە چاککردن هەیە، بەڵام ماوەیەکە لەلایەن لایەنی پێوەندارو پارێزگای سلێمانییەوە ڕێگاکەی بناری کۆسرەت چەوریژکراوەو بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا قیرتاو بکرێت، پێویستە ئەوە بزانین تا وەزارەتی شارەوانی کێشەکانی جووتیاران چارەسەر نەکات و جووتیاران

## گرفتی پەروەردە لە قەزای دوکان خۆی لە دوو بوار دەبینێتەوە. یەکێکیان کەمی بینایەی قوتابخانەیەو دووەمیان کەمی میلاکاتە



مافی خۆیـــان وەرنەگـــرن ناتوانرێـــت هیچ کارو پڕۆژەیەکی گەشتیاری لە بناری کۆسرەت ئەنجام بدرێت. سەرەڕای ئەمانە لەناو دوکان کێشەیەکی تر هەیە لە بواری زەوی گەشتیاری، شوێنێکمان هەیە گوندی ســـارتکی پێ دەڵێـــن، زەوی ئەم گوندە بە ناوی گەشتوگوزارکراوەو جووتیارەکانی ئەم گوندەش چەندین ساڵە نەوە لە دوای نەوە ئەو زەوییانەیان لە ژێر دەســـتبووەو کاروکاسبی خۆیان لەسەر کردووە، لەبەر ئەمە جووتیارەکان هەقی خۆیانە ئەگەر زەویەکانیان بکرێتە پڕۆژەی گەشتیاری قەرەبوو بکرێنەوە بە پارە یا بە پارچە زەوی نیشتەجێبوون و من قسەم لەگەڵ جووتیارەکان کردووەو ئامادەباشییان هەیە بە مەرجێك مافیان نەخورێت، بۆ ئەو مەبەســـتەش پێویســـتە لە لایەنی پێوەنـــدارەوە لیژنەیەکی باڵا دابنرێت بۆ بە دواداچوون لەســـەر زەوییـــەکان و گفتوگۆ کردن لەگـــەڵ جووتیارەکان، بەمەش دەتوانرێت کێشـــەکە چارەســـەر بکرێت. چونکە ئێســـتاکە نـــە لە لایەن حکومەت دەتوانرێت پڕۆژەی گەشتوگوزاری لەسەر ئـــەم زەوییانە ئەنجام بدرێت نە ئێمەش ڕێگا دەدەین جووتیارەکان ئەو زەوییانە دابچێنن و کاری لەســـەر بکـــەن. لەلایەکی تر ئەو زەوییانەی لە ســـەنتەری قەزای دوکان هەیە بەگشتی لە جۆری گەشتیارین، بەڵام موڵکی گەشـــتیاری نییـــن و نابێت بکرێنە خانووی نیشـــتەجێبوونیش، ڕووبەری زەویەکانیش جیاجیان، زەوی وا هەیە ٥٠٠ مەتر دووجایە و زەوی هەیـــە ٨٠٠ و ١٠٠٠ مەتر دووجایەو پارچە زەویش هەیە لە هەزار مەتر دووجا زیاترە، خەڵکانێ هەن ئەو زەوییانەیان کڕیوەتەوەو بەناوی پڕۆژەی گەشتیاری

**خەڵکانێ هەن ئەو زەوییانەیان کڕیوەتەوەو بەناوی پڕۆژەی گەشتیاری ڕەزامەندییان وەرگرتووە. بەڵام کردوویانەتە خانوو و ئەوەی بەلاشیانەوە بڕوات قاچی دەشکێنن**

ڕەزامەندییان وەرگرتووە کە کاری لەسەر بکەن، بەڵام ئەو خەڵکەی زەوییەکانیان کڕیووە کردوویانەتە خانوو و شوێنی پشـــوودانی خۆیان و ئەوەی بەلاشیانەوە بڕوات و بەدواداچوون و لێپێچینەوە لە ئەسڵی کارو پڕۆژەکە بکات ئەوە قاچی دەشـــکێنن. ئێســـتا لە بەشـــی خوارووی دوکان خانووی دکتۆرەکان هەیە، ئـــەو زەوییانە لە کاتی خۆیدا دراوە بە دکتۆرەکان بە ناوی پڕۆژەی گەشـــتیاری، بەڵام ئەوان هەستاون لە جیاتی پڕۆژەی گەشـــتوگوزاری خانوو ڤێللایان لەســـەر زەوییەکان دروســـتکردووەو بەردەمەکەیان و زێیەکەشـــیان داگیرکـــردووەو کردوویانەتە باخچەو شوێنی پشـــوودانی خۆیان، ئەمەش بێگومان دوور لە یاســـاو ڕێنماییەکانە و کێشـــەیەکی زۆر زەق و

## ئەشکەوتی قزقاپان لە سنووری ناحیەی پیرەمەگروون تا ئێستاکە هیچی بۆ نەکراوە

قورسە لەسەر لایەنی پێوەندار، ئێستا لیژنەیەکی باڵا هاتووە بە فەرمانی داواکاری گشتی بۆی هەیە ئەو زەوییانە و خانووەکان لـــە دکتۆرەکان وەربگیرێتەوەو قەرەبوو بکرێنـــەوە. هاوکات چەندین گرفتی ترمان لەمجۆرە هەیە، پێویســـتە زۆر بەخێرایی چارەسەر بکرێن. چارەسەرەکەش بەمجۆرە دەکرێت، لەسەرەتادا بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزار ئەم زەوییانە بکات بە موڵکی خۆی، لە پاشـــان لە ڕێـــگای بەڵێندەر یا کەرتـــی تایبەت یا لە ڕێـــگای وەزارەت و لایەنی پێوەندار پڕۆژەی گەشـــتیاری لەســـەر زەوییەکان ئەنجام بدرێـــت، لەبەر ئەوەی ئێســـتاکە لە بواری گەشـــتوگوزاری زۆر کەموکـــوڕی هەیە، ئەگەر ئێســـتا میوانێکم بێت بمەوێـــت بچینە کافتریایەك دەبینیـــن هیچ شـــوێنێکمان لەنـــاو دوکان نییە بۆ میوانـــداری، ئەمـــەش خۆی لە خۆیـــدا گرفتە. ئەمە لە لای گەشـــتیاران زۆر ســـەیرو غەریبە لە شوێنێکی گەشتیاری بەناوبانگ کافتریا

**شوێنە گەشتیارییەکانی ناو دوکان بەتایبەتی کەپرەکان، مەرجی گەشیارییان نییەو پێویستە ئەو کەپرانە بە شێوەیەکی شیاو و هاوچەرخ دروست بکرێن و نرخەکانیشیان بەرزە**

نەبێت. هاوکات هەندێ شوێنیش هەیە هەموو کەس ناتوانێت ســـەردانی بکات، چونکە نرخی زۆر بەرزە و خەڵکی ئاســـایی ناتوانێ چایەك لەم شـــوێنانە بخواتەوە. هەروەها شوێنە گەشتیارییەکانی ناو دوکان بەتایبەتـــی کەپرەکان، مەرجی گەشـــیارییان نییەو پێویستە ئەو کەپرانە بە شێوەیەکی شیاو و هاوچەرخ دروست بکرێن و نرخەکانیشیان بەرزەو بەتایبەتی لە کاتی قەرەباڵغی گەشتیاران دەڕووتێننەوە.

### گرنگی بە شوێنەوارەکان نەدراوە

ســـەبارەت بە شـــوێنەوارو نەبوونـــی پڕۆژەی نۆژەنکردنـــەوەو کنەو پشـــکنین لە ســـنوورەکەدا قایمقامی قەزای دوکان وتی: لە ســـنووری قەزای دوکان شوێنەواری گرنگ هەیە، هەر وەکو قەڵای سارتکە کە قەڵایەك و شوێنەوارێکی دێرینی پاشای کۆرەیە و شـــوێنێکی گەشتیاریشە، بەڵام تا ئێستا کنەو پشکنینی بۆ نەکراوەو چەندین جار هەوڵدراوە کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام بێ ئەنجام بـــووە، دواجار لـــەم ماوانەدا نوێنـــەری پارێزگای ســـلێمانی هاتبوو بۆ ئیـــش و کارو بەدواداچوونی ئـــەم شـــوێنەوارەو بڕیـــارە لە ڕێـــگای پارێزگاوە نۆژەن بکرێتەوە. هەروەها شـــوێنەواری ترمان هەیە وەکـــو ئەشـــکەوتی قزقاپان لە ســـنووری ناحیەی پیرەمەگـــروون کە تا ئێســـتاکە هیچی بۆ نەکراوە، ئەم شوێنەوارانە جگە لە لایەنی مێژوویی گرنگی خۆیان هەیەو لەلایەنی گەشتوگوزاریش زۆر گرنگن و سەرچاوەیەکی باشی داهاتی گەشتیارین.

